تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5664) پێنج شەممە 3ی کانونی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

کۆنگرەی رۆژنامەوانی فراکسیۆنی پارتی لەبارەی دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەت

هێمن هەورامی: نابێت پرسی کەرکووک تێکەڵ بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بکرێت



هەر لە کۆنگرەی رۆژنامەوانییەکەدا هێمن هەورامی رایگەیاند: ئەمڕۆ وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، یەکەم کۆبوونەوەی خۆمان لە ساڵی نوێی 2019 بەست، هەرێمی کوردستان بەقۆناغێکی زۆر گرنگ و هەستیاردا تێدەپەڕێت، ساڵی 2018هەوراز و نشێوێکی زۆرمان بڕیوە، ئێستا هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئیستیحقاقی قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولە، گەلی کوردستان بڕیاری خۆی داوە و لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرددا کە تەواوی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان.

یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکاندا پێکبهێنین. هێمن هەورامی گوتیشی: پرسی چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان بەتەواوی پەیوەندی بە ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی ئەوەیە حکوومەت لەگەڵ چارەسەر ناکرێت.

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دوای نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی بۆ سەرۆکی فراکسیۆن، هێمن هەورامی لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەست. لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی رایگەیاند: تاوەکو ئێستا بژاردەی ژمارە یەکی پارتی ئەوەیە حکوومەت لەگەڵ

هەرێمی کوردستان... دانە غاز قەبارەی بەرهەمهێنانی غاز و نەوت زیاد دەکات



کۆمپانیای دانەغاز رایدەگەیەنێت کە دەیانەوێ لە میانی سێ ساڵی داهاتوودا قەبارەی بەرهەمهێنانی غاز لە هەرێمی کوردستان بۆ500 ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا و قەبارەی بەرهەمهێنانی لە شلە نەوتییەکان بۆ10 بۆ 12 هەزار بەرمیل نەوتی هاوتا لە میانی سێ ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان، زیاد بکەن.

کۆمپانیای دانە غازی ئیماراتی رایگەیاند، بڕی 324 ملیۆن دۆلاری لە بڕی کردەوەکانییان لە میسر و هەرێمی کوردستان و ئیمارەتی شاریقە لە ئیمارات وەرگرتووە و ئەوەش کار دەکاتە سەر پالپشتیکردنی پلانەکانی کۆمپانیا بۆ فراوانکردنی کارەکانی و سیاسەتی دابەشکردنی قازانجەکانی. سەرباری ئەو بڕە پارەیەی کە لە میسر وەریگرتووە، کۆمپانیاکە ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە لە ماوەی چارەکی کۆتایی ساڵی2018 بڕی 102 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لە فرۆشتنی چڕکان و غازی پترۆلیی شل لە هەرێمی کوردستان بەدەستکەوتووە، بەو پێیەشی کە دانە غاز پشکی35 لەسەدی لە کۆمپانیای بیرڵ پترۆلیۆم هەیە، بڕی 36 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی وەرگرتووە. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە کۆمپانیای دانە غاز بڵاوی کردووەتەوە ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە بڕی ئەو پارەیەی کە کۆمپانیای بیرڵ پترۆلیۆم لە میانی ساڵی2018 وەریگرتووە دەگاتە 322 ملیۆن دۆلار و پشکی دانە غاز لەنێویدا، 113 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییە و هیچ هەقێکی دواکەوتووی کۆمپانیای بیرڵ پترۆلیۆم لەسەر هەرێمی کوردستان نییە، چونکە هەموو هەقەکانی خۆی بەڕێکی وەردەگرێت. لەوبارەیەوە سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای دانە غاز، پاتریک ئالمان وارد لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە ئەو بڕە پارە کاشەی کە کۆمپانیا لە بری کردەوەکانی وەریگرتووە بەدەستهێنانێکی گەورەیە و کار دەکاتە سەر کارەکانیان بۆ فراوانکردنی پتر، لە هەرێمی کوردستانیش مانگانە بڕە پارەی خۆیان بەبێ دواکەوتن وەردەگرن، ئەمەش وایان لێ دەکات متمانەی زیاتریان هەبێت بۆ جێبەجێکردنی وەبەرهێنانی ئایندەگیی کە دەیانەوێت لە ڕێگەیەوە بەرهەمیان بگەیەنن دوو هێندە لە میانی چەند ساڵی کەمی داهاتوو. کۆمپانیاکە بەم دواییانە ڕایگەیاندبوو کە بە هۆی بوونی پڕۆژەی فراوانکردن و گەشەپێدان کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێیکرد، بڕی بەرهەمهێنانەکەی زیادیکردووە و هەڵکەندنی بیری بەلسەم8 کۆتاییهات و کۆی بەرهەم دەگاتە 70 هەزار بەرمیل نەوتی هاوتا کە لە نۆ مانگی یەکەمی ئەو ساڵە گەیشتە 62 هەزار و250 بەرمیل نەوتی هاوتا. هەروەها لەو ڕاگەیەندراوە ئەوەش هاتووە کە کۆمپانیای بیرڵ پترۆلیۆم نێستا چەند بیرێک لە هەردوو کێڵگەی خۆر مۆر و چەمچەماڵ هەڵدەکەنێت و بەنیازە کۆمەڵێک پلانی فراوانکردن جێبەجێبکات بە مەبەستی زیادکردنی قەبارەی بەرهەمهێنانی لە غاز بۆ 500 ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا و قەبارەی بەرهەمهێنانی لە شلە نەوتییەکان بگاتە 10 بۆ12 هەزار بەرمیل نەوتی هاوتا لە میانی سێ ساڵی داهاتوو.



باکووری کوردستان... بەفر ڕێگای 210 گوندی لە وان و بەدلیس و هەکاری داخستووە

بە هۆی ئەو شەپۆلی بەفربارینەی ڕووی لە ناوچەی باکووری کوردستان کردووە، ڕێگای 210 ناوچەی نیشتەجێبوون لە هەرێک لە پارێزگاکانی وان، بەدلیس و هەکاری داخراون. ئەو شەپۆلی بەفربارینەی ناوچەکەی گرتۆتەوە، ڕێگای هاتوچۆی 72 گوندی لە پارێزگای وان، 29 گوندی لە بەدلیس و90 ئاوایی و 19 گوندی لە هەکاری داخستووە. تیمە پەیوەندیدارەکانیش لە هەر چوار پارێزگاکە هەوڵەکانیان چرکردۆتەوە بۆ ڕامالینی بەفری سەر شەقامەکان و کردنەوەی ڕێگاکان بەڕووی هاتوچۆدا. تیمەکان بەفری کەڵەکەبووی ڕێگای 290 گوندیان لە وان و 265 گوند و 98 ئاواییان لە مووش ڕامالیوە و ڕێگاکانیان بەڕووی هاتوچۆدا کردوونەتەوە.



روحانی: ئەمەریکا لە هەوڵی گەمارۆدانی تەواوەتیی ئێران دایە

سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی ڕایگەیاند، ئەمەریکا لە هەوڵی گەمارۆدانی تەواوەتیی ئێران دایە لەڕێگای جەنگی ئابووریبیەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێک کە لە ماڵپەڕی سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران بڵاوکراوەتەوە، حەسەن روحانی لەگەڵ سکرتێری گشتیی بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامیی فەڵەستین، زیاد ئەلنەخالە کۆبوونەتەوە و تاوتوێی کێشەی فەڵەستین و گوشارەکانی ئەمەریکای کردووە. سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی ڕایگەیاندووە کە لە بەرامبەر پیلانەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیلدا محاڵ نییە و ئێران لە میانی خەباتی40 ساڵی ڕابردوودا ئەمەی نیشانداوە و گوتی: ئەمەریکا لە هەوڵی گەمارۆدانی تەواوەتیی ئێراندایە لەڕێگای جەنگی ئابووریبیەوە. هیچ گومانم نییە لەم جەنگی ئابووریبیەدا بەسەر دوژمناندا سەردەکەوین. گەلەکەمان لەم خەباتی خۆڕاگرییەدا، یەکگرتووە.

ئەیاد عەلاوی: ئەوەی لەپەرلەمانی عێراق ڕووەدات مەترسییەکی گەورەیە



نووسینگەی سەرۆکی هاوپەیمانی وەتەنی بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی، ئاشکرای کرد، لەدانیشتنی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر وەزیری پەروەردە و پێشتریش دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، سەودا و دەنگفرۆشتن کراوە. بە گوێرەی نووسینگەکە لە ڕاگەیاندراوێکدا بڵاوی کردۆتەوە، کە: ئەوەی لەدانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژی 15ی ئەیلوولی 2018 ڕووی دا، کە تایبەت بوو بەهەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، لە ئاستی پێویستدا نەبوو. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە، کە لەدانیشتنەکەدا کرپن و فرۆشتنی ئاشکرا بە دەنگەکانەوە کراوە: "ئەوەش وایکرد، بەشێک لە پەرلەمانتاران بڵێن، ئەو دانیشتنە شایەن بەپێگەی عێراق نییە". هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوو، کەلەدانیشتنی 2018/12/24ی پەرلەمان، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران کاندیدی وەزارەتی پەروەردەی بەدەر لە ڕێککەوتنەکان تێپەڕاند، کە دەبوایە ئەو پۆستە بۆ کاندیدی هاوپەیمانی ئیسلاح ببوایە، نەک هاوپەیمانی بینا. ئەوەش خراوەتەڕوو، کە لەو دانیشتنە پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل کرا و دەبوایە سەرەتا ژمارەی ئەندامانی ئامادەبووی دانیشتنەکە دیاری بکرایە، تەنانەت لەدوای پشووی دانیشتنەکەش بەهەمان شێوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەکاتی دەنگداندا، بڕیاردەرانی پەرلەمان دەنگەکان بژمێرن و پێشکەش سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، : بەڵام لەو دانیشتنەدا ئەوانە ڕووبان نەدا و سەرۆکی پەرلەمان تەنها بەتەماشاکردنی دەنگدەران، ڕای گەیاند کە شەیما حەیالی، بۆ وەزارەتی پەروەردە سەرکەوت. بەپێی ڕاگەیاندراوەکە: هەر لەو ڕۆژەدا دەنگ لەسەر کاندیدی وەزیری بەرگری درا، کە چی دوای تەنها 11 چرکە، سەرۆکی پەرلەمان ڕای گەیاند، کە کاندیدی وەزیری بەرگری نەیتوانی سەربکەوێت: ئەوەی ڕووی دا، گورزێکی گەورەیە لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و دەبێتە هۆی ڕێز نەگرتن لە عێراق.

لیژنەیەکی باڵا بۆ یەکلاکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک پێکهێندراوە

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک دەڵێت، لیژنەیەکی باڵا بۆ یەکلاکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک پێک هێنداراوە و نوێنەری کوردیشی تێدایە. دەشڵێ، بڕیارە نۆی ئەم مانگە، لەسەر ئەو پرسە کۆببنەوە. مەهدی موبارەک، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: لیژنەیەکی باڵا لە بەغدا دروست کراوە، کە لە سێ پەرلەمانتاری کەرکووک و بەڕێوبەری زەویوزار لە وەزارەتی کشتوکاڵ و نوێنەری وەزارەتی داد و نوێنەری ئەنجومەنی باڵای دادگا پێکهاتووە و، بڕیارە نۆی ئەم مانگە لەسەر کێشەی زەویوزاری کەرکووک کۆببنەوە، بۆ ئەوەی ئەو پرسە یەکلابکەنەوە، کە نزیکەی یەک ملیۆن دۆنم زەوی دەبێت تاوەکو ئێستا کێشەکانی بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە و پێویستە بڕیاری لەسەر بدرێت.

نوێنەری کوردیشی تێدایە، لەو لیژنەیەدا ئەگەر ئەو پرسە لەبەرژەوەندیی کورد یەکلا نەبێتەوە، کارەساتە، چونکە زەوییەکان مۆڵکی کوردن و پێویستە کورد زۆر هۆشیار بێت لەوەی پێویستە زەوییەکان بۆ کورد بگەڕێنەوە و نەدرێن بە عەرەب، چونکە نێستا عەرەب لە کەرکووک دەسەڵاتدارە. دەشڵێ، لەم دۆخەی نێستادا یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە قورسە، بەڵام ڕەنگە بتوانن هەندێک پرسیش لەو بارەیەوە چارە بکەن. بەڕێوبەری کشتوکاڵی کەرکووک ئاماژەیشی دا، کۆمەڵێک بڕیار لە دادگای کەرکووک دەرچوون دژی کوردن، بۆیە پێویستە لەو لیژنەیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە دەربکرێت، ئەگەر نا نیشانەی پرسیار لەسەر لیژنەکە دروست دەبێت. ڕاشیگەیاند، پێویستە نوێنەرانی کورد هەموو هەوڵێک بدەن زەوییەکان بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان بگەڕێننەوە.

تاڵ بڵند ئیبراهیم

پارتی خوازیارە هەفتەی داهاتوو کۆتایی بە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکوومەت بهێندرێت

نووری حەمە عەلی بۆ خەبات: هەر حزبێک ئاستەنگ دروستبکات خۆی بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ دەگرێت



پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، خوازیارە لە هەفتەی داهاتوودا کۆتایی بە گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بهێندرێت و هۆشداریشی بە هەر لایەنێک دا کە هەوڵی دواخستنی گفتوگۆکان بدەن. نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە وەکوو پارتی خوازیارین لە هەفتەی داهاتوودا کۆتایی بە هەموو گفتوگۆکان و دانیشتنەکان بێنین و کابینەی نوێی حکوومەت و سەرۆکایەتیی پەرلەمان پێکبهێنرێت، واتە ئەوە خواستی ئێمەیە و بۆخزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە. هۆشداریشی بە هەر لایەنێک دا کە "ئەگەر لەمپەرمان بۆ دروست بکەن؟" ئەوا خەڵکی کوردستان بڕیاردەر دەبێت کە کێ ئاستەنگ لەبەردەم پێکهێنانی حکوومەت دروست دەکات؟ ئەو کاتەش "حزبەکە خۆی بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ دەگرێت".

لەبارەی داواکاریە زۆر و زەوەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشەوە، ئەو سەرکردەیەی پارتی ڕایگەیاند: ناکرێ لەبەر ئەوەی هێزت هەیە، بڵێی نیوەی حکوومەت دەبێ هی من بێ، ئەمە نە بۆ پارتی و نە بۆ یەکێتیش دەبێ، ئەگەر واشبێ، کەواتە خەڵک ئەزیەت دان و هەڵبژاردن چ مانا دەبەخشێت؟ بۆیە لە ڕاستیدا ئێمە لەگەڵ ئەوە نین. باسیشی لەوە کرد کە سیستەمی پەنجا بە پەنجا لەوەوە هاتووە کە هەڵبژاردنی 1992/5/19 کاتی خۆی کراوە و تێیدا پارتی50.73 و یەکێتی 49.27ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بۆیە بە مەبەستی خۆبەدوورگرتن لە کێشە، سیستەمی پەنجا بە پەنجا دانراوە، بەڵام پرسیاری ئەوەی کرد کە ئێستا یەکێتی لە کوێی هاوکێشەکەدایە؟ گوتیشی: ئێستا 21 کورسییان بە دۆخێکەوە هەیە کە خۆیان و ئێمەش دەزانین چۆن هێندراوە، ئایا ئەمە دابەزینی پێگەی جەماوەریی ئەو حزبە نییە؟.

د. محەمەد بازیانی: ڕێگرییەکی زۆر لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق دەکرێت

هێشتا کابینەی نوێی عێراق بەتەواوەتی نەکەوتووەتە سەرێ لە لایەن بەشێکی هێزە عێراقییەکانەوە کێشە و ئاسەنگی بۆ دروست دەکرێت و شرۆڤەکارێکی سیاسیش پێی وایە، عادل عەبدولمەهدی، کەسێکی شایستەیە، بەڵام ڕێگریی لێ دەکرێت کە گۆڕانکاری لە عێراقدا بکات. دکتۆر محەمەد بازیانی، شرۆڤەکاری سیاسی ئاشکرای کرد: یەکلانەکردنەوەی پۆستی ژمارەیەک وەزارەتی کابینەی نوێی عێراق نیشانەی ئەوەیە پێکهێنانی حکوومەتی عێراق زۆر سەرکەوتوو نییە، سەرۆکوەزیرانی عێراقیش ڕایگەیاندووە، ئەگەر لە ماوەی دوو ساڵدا سەرکەوتوو نەبێت، دەست لەکار دەکێشێتەوە.

ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی گوتی: ئێمە وەک کورد پێمان خۆشە کابینەی عادل عەبدولمەهدی سەرکەوێت، چونکە ڕەوشی عێراق ئاڵۆزە و کەسێکی نزیکیشە لە کورد و هەرێمی کوردستان و یەکێک لەو سەرکردانەی عێراقە کە شایەنی ئەوەیە ببێتە سەرۆکوەزیران، بەڵام کێشە و ئاستەنگ دەخرێتە بەردەمی و کوتلەیەکی وەک سائیرۆن دەتوانێت بە خۆپێشاندان کێشە بۆ حکوومەت دروست بکات. حەشدی شەعبیش کە گوایە خراوەتە چوارچێوەی یاساوە، کەچی مەرجەعیەت لەپشتەوە بەڕێوەی دەبات و حیسابێک بۆ حکوومەت ناکەن، ئەوە هەمووی وا دەکات ڕێگر بێت لە گۆڕانکارییەکانی حکوومەتی نوێی عێراق. ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: پشتگیرینەکردنی هەندێ لایەنی عێراقی و دروستکردنی کێشە بۆ کابینەی نوێ وای کردووە هەر لە سەرەتاوە کابینەکەی حکوومەت بە سەقەتی لەدایک ببێت، دەتوانم بڵێم هەوڵ دەدرێت بۆ ئەوەی حکوومەت سەرکەوتوو نەبێت، ئەوەش دەبێتە مالوێرانی بۆ عێراقییەکان.

ئا/ قائید میرۆ



هۆڵەندا بەردەوام دەبێت لە مەشقکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە


وەزارەتی بەرگریی شانشینی هۆڵەندا ڕاگەیەندراوێک لەبارەی مەشقکردن بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، بڵاو دەکاتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، فڕۆکە جەنگییەکانی هۆڵەندا کۆتایی بە ئەرکی خۆیان لە بۆردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی ڕێکراوی تیرۆریستی داعش لە عێراق و سووریا دەهێنن. هەروەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، وەزارەتی بەرگریی هۆڵەندا لە هاوکاریکردن و مەشقکردن بە پێشمەرگە و سوپای عێراق بەردەوام دەبێت، چونکە هەروەک بێیلیڤڵد سخاوتنی وەزیری بەرگریی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندووە، "هێشتا شەڕ دژی داعش کۆتایی نەهاتووە ."هۆڵەندا وڵاتێکی ئەورووپییە و بە چوار فڕۆکەی جۆری F16 بەشداریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشی کردووە و ئێستاش ئەو فڕۆکانە "بۆ کاری دیکەی هاوپەیمانیی ناتۆ" دەگەڕێنێتەوە وڵاتەکەی.



مەسیحییەکان سکاڵا لەسەر موفتیی سوننە و سەرۆکی وەقفی شیعە تۆمار دەکەن

نوێنەرێکی مەسیحییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ، بە هۆی هاندانی خەڵک لە دژی مەسیحییەکان و نەهێشتنی پێکەوەژیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بڕیاریان داوە، سکاڵای یاسایی لەسەر موفتیی سوننەکان و سەرۆکی وەقفی شیعە تۆمار بکەین. یونادم یوسف کەننا، نوێنەری مەسیحییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: موفتیی سوننەکان و سەرۆکی وەقفی شیعە لە عێراق باسیان لەوە کردووە کە ڕێگە پێدراو نییە خەڵکی موسڵمان لەگەڵ مەسیحییەکان بەشداری لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵدا بکەن، بەڵام خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەوانیان نەدایەوە و هەموان بەشداربیان لە ئاهەنگی سەری ساڵدا کرد و گوێیان بە فتوای ئەوان نەدا. یونادم یوسف کەننا گوتیشی: ئەو جۆرە فتوایانە خزمەت بە هیچ ئایین و نەتەوەیەک ناکات، بەڵکو هانی خەڵک دەدات بۆ تووندوتیژی و نەهێشتنی پێکەوەژیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چونکە بینیمان داعش بە هۆی تووندڕۆییەوە چی بەسەر عێراق و سووریا هێنا و بە هەزاران کەس بوونە قوربانی، بۆیە بڕیارمان داوە، سکاڵا لەسەر هەردووکیان تۆمار بکەین و ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان دەگرینە بەر.

عادل عەبدولمەهدی سامانی خۆی بۆ دەستەی نەزاهە ئاشکراکرد



عادل عەبدولمەهدی یەکەم بەرپرسی باڵای عێراقە فۆرمی ئاشکراکردنی سامانەکانی لە دەستەی نەزاهە پڕکردەوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا، دەستەی نەزاهەی عێراق ڕوونیکردووەتەوە کە فەرمانگەی خۆپاراستن لە دەستەکە فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی تایبەت بە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی وەرگرتووە و بەمەش دەبێتە یەکەم بەرپرسی باڵای عێراق کە لە ئەمساڵدا 2019 کە سامانی خۆی بۆ دەستەکە ئاشکرابکات. دەستەی نەزاهەی عێراق ئەوەشی ئاشکراکردووە کە هەستاون بە وردبینیکردن لەو فۆرمەی لە لایەن سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی گەڕێندراوەتەوە بۆ دەستەکە و تۆمارکراوە و کۆپۆنی وەرگرتنی بۆ پرکردووەتەوە بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لە لایەن دەستەی نەزاهەوە دەگیرێتە بەر.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی سووریا دڵنیایی داوە بە ناتانیاهو



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ لە میانی کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ڕایگەیاند کە بڕیاری سەرۆک ترەمپ بە کشانەوە لە سووریا کاریگەری ناکاتە سەر هەماهەنگی وڵاتەکەی لەگەڵ ئیسرائیل. بەپێی ئەو هەواڵانەی لە میدیاکانی تورکیا بڵاوکراونەتەوە، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ لە بەڕازیل کۆبوونەتەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا پۆمپیۆ ڕایگەیاندووە کە بڕیاری ئەمەریکا بە کشانەوە لە سووریا بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو کاریگەری ناکاتە سەر هەماهەنگی لەگەڵ ئیسرائیل لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل و گوتوویەتی: ئەو بڕیارەی سەرۆک ترەمپ لەبارەی سووریاوە داویەتی، بە هیچ جۆرێک کاریگەری ناکاتە سەر هەماهەنگییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئیسرائیل.

عێراق لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2018دا زیاتر لە 115 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە



وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2018دا،115 ملیۆن و 517 هەزار و974 بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە. لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، عاسم جیهاد ئاماژەی بەوەدا کە بەپێی کۆتا ئاماری کۆمپانیای سۆمۆ لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی 2018دا، 115 ملیۆن و517 هەزار و 974 بەرمیل نەوت هەناردەکراوە کە 112 ملیۆن و 450 هەزار و 367یان لە کێگەکانی ناوەڕاست و باشووری وڵات هەناردەکراون. عاسم جیهاد باسی لەوەشکردووە هەروەها تێکڕای ئەو بڕە نەوتەی کە لە کێگەکانی باکوور لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە هەناردەکراون، گەیشتووەتە سێ ملیۆن و 67 هەزارو607 بەرمیل.

گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق ڕاشیگەیاندووە کە کۆی داهاتە بەدەستهاتووەکانیش لە فرۆشتنی نەوت لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2018دا، گەیشتووەتە، شەش ملیارو 99 ملیۆن و 662 هەزار دۆلار. عاسم جیهاد ئەوەشی گوتووە کە یەک بەرمیل نەوت لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2018دا، بە 52.803 دۆلار فرۆشراوە.

هێمن هەورامی: نابێت پرسی کەرکووک تێکەڵ بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بکرێت

بژاردەی یەکەممان پێکهێنانی حکوومەتە لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکان



فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان دوای نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەمە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی بۆ سەرۆکی فراکسیۆن، هێمن هەورامی لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەست. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی ڕایگەیاند: تاوەکو ئێستا بژاردەی ژمارە یەکی پارتی ئەوەیە حکوومەت لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکاندا پێکبهێنین. هێمن هەورامی گوتیشی: پرسی چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکان بەتەنها بە ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی چارەسەر ناکرێت.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا هێمن هەورامی ڕایگەیاند: ئەمڕۆ وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، یەکەم کۆبوونەوەی خۆمان لە سالّی نوێی 2019 بەست، هەرێمی کوردستان بەقۆناغێکی زۆر گرنگ و هەستیاردا تێدەپەڕێت، سالّی 2018هەوراز و نشێوێکی زۆرمان بڕیوە، ئێستا هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئیستیحقاقی قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلوولە، گەلی کوردستان بڕیاری خۆی داوە و لە هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرددا کە تەواوی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، نێردەی یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەوروپا، بەشێک لە کۆنسوڵخانەکان ئاماژەیان بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغە داوە، بۆیە ئێمە وای دەبینین کە پەلە بکرێت لە گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکەونەوە سەر سکەی خزمەتگوزاری و بەهێزکردنی کوردستان، بۆ ئەکتیڤکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەلە بکەین بۆ دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ کابینەیەکی بەهێز کە ئامانجی خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و گەیاندنی خزمەتگوزاریی زیاتر و باشترکردنی بژێوی و هەوڵدان بۆ فەرەکردنی سەرچاوەکانی تایبەت و کەمکردنەوەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان و ئەکتیڤکردنی کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی زیاتری دەرفەتی کاری زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، هێمن هەورامی لە دریژەی قسەکانیدا ڕوونیشی کردەوە: پێویستە بەگیانێکی بەرپرسیارانە و شەراکەتی ڕاستەقینە و بێ بیانووگرتن لە یەکتری و بێ تێکەڵکردنی وەرەقەکانی بەغدا و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە خەڵکی کوردستان بڕیاری داوە، واتە ئەم خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان سالّێک دەبوو زووتر هەڵبژاردنی بۆ بکرێت، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەگیانێکی لێپرسراوانە داوا لە براوەی دووەم و سێیەم دەکەین کە گفتوگۆی جیددی تر بکرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم و ئومێد دەکەین درێژە بە گفتوگۆکان بە شێوەیەک نەدرێت کە ببێتە لاوازبوونی متمانەی خەڵکی کوردستان بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەو هەروەها گوتیشی: لەگەڵ ئەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام تێکەڵکردنی ئەو وەرەقانە بە پرسی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم نە خزمەت بە پرسی کێشەی ئەو ناوچانە دەکات نە خزمەت بە هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێم دەکات.

هێمن هەورامی لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی: پشتیوانی شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی دەکەین بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و ئەکتیڤکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا هێمن هەورامی گوتی: ئێمە لە کۆبوونەوەی 12ی کانوونی یەکەمی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی یەکێتی و پارتی داوامانکردووە لێژنەیەکی هاوبەشی هەردوولا دیراسەی بناغەکانی ڕێککەوتنی لایەنەکان بۆ پێکهاتەی حکوومەت و پرسەکانی دیکەش بکرێت، چونکە پرسی کەرکووک بەتەنها بە ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە گفتوگۆیەکی جیددیە لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە سەربازی و ئەمنییەی لە کەرکووک حاکیمە، بۆیە نابێت پرسی کەرکووک تێکەڵ بە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بکرێت. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەشی گوت: تاوەکو ئێستا بژاردەی ژمارە یەکی پارتی ئەوەیە حکوومەت لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و پێکهاتەکاندا پێکبهێنین، ڕێگریشمان بۆ پێکهێنانی کابینە لە یەکێتی و گۆڕاندا نەبینیوە.

وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا، ئەمەریکا و ئێران سەردانی عێراق دەکەن

وەزیرانی دەرەوەی فەرەنسا، ئەمەریکا و ئێران سەردانی عێراق دەکەن و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە کۆدەبنەوە. دوێنێ چوارشەمە، محەممەد عەلی حەکیم، وەزیری دەرەوەی عێراق بە ژمارەیەک میدیاکاری وڵاتەکەی بەبێ ئەوەی ناوی کەسەکە یان دەوڵەتەکە بهێنێت، ڕاگەیاندووە، لەم مانگەدا، سەرۆکی "دەوڵەتێکی گرنگ" سەردانی بەغدا دەکات. محەممەد عەلی حەکیم هەروەها ڕایگەیاندووە، جگە لەو سەرۆکە، بڕیارە هەر لەم مانگەدا (مانگی 1ی 2019) جان ئیف لۆدریانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و محەمەد جەواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی عێراق دەکەن. گومان دەکرێ ئەو سەرکردەیەی وەزیری دەرەوەی عێراق باسی کردووە، ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا بێت، چونکە پێشتریش چەند جارێک هەواڵی ئەوە بڵاو کرایەوە، کە ماکرۆن لە سەرەتای سالّی 2019 سەردانی عێراق دەکا و چاوەڕێ دەکرێ سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات.

سوپای میسر و ئیمارات شوێنی سوپای ئەمەریکا لە سووریا دەگرنەوە

ویبسایتێکی ئیسرائیلی ئاشکرای دەکات، ئەفسەرانی سوپای هەردوو وڵاتی میسر و ئیمارات، سەردانی شاری منبجیان کردووە لە باکووری سووریا و ناردنی هێزی سەربازییان بۆ شارەکە تاوتوێکردووە. بە گوێرەی کوردستان 24 ویبسایتی دێبکای ئیسرائیلی لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە کە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا، بوونی هێزەکانی میسر لە ناوچەکە قبووڵ دەکات و لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا قاهیرە هاوکاری دیپلۆماسی دەکا، ئاماژەی بەوەکردووە، ئەسەد ڕێگری لە بوونی هێزەکانی ئیماراتیش ناکات بێنە ناوچەکە، بەو پێیەی ئەبوزەبی دەتوانێ پشتیوانی دارایی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە بکات و ئێستاش هەوڵ هەیە جارێکی دیکە ئیمارات بالّیۆزخانەی خۆی لە دیمەشق بکاتەوە. ویبسایتەکە ڕووندیشی دەکاتەوە، بوونی هێزەکانی میسر و ئیمارات، بواری باشتر لە بەرانبەر بوونی سەربازیی وڵاتانی دیکەی عەرەبی وەکو سعوودیە و هێزەکانی دیکە دەکاتەوە، ئەوەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی سەربازی ئێرانە لە سووریا. بە گوێرەی ویبسایتەکە ئەو هەنگاوە ڕەنگە تورکیا پێی نیگەران بێت، کە پێیوایە منبج شارێکی سنووربیە و دەبێت خاڵە چاودێرییە سەربازییەکانی لێ جێگیر بکات، بەتایبەتیش ئێستا کە گرژی کەوتووەتە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەندێک وڵاتانی عەرەبی و کەندا و، بە هۆی کەیسی کوژرانی جەمال خاشوقچی، ڕۆژنامەوانی سعوودیە لە ناو کۆنسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە ئیستانبوڵ. ئەو هەنگاوانە لە کاتێکدایە، کە بەڕەسانی ئیدارەی ئەمەریکا ڕایانگەیاندووە کە دۆنالّد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا پرۆسەی کشاندنەوەی سەربازانی وڵاتەکەی خاوکردووەتەوە و چوار مانگی دیکە بواری پێداون.

سەرۆکی نوێی بەڕازیل سوێندی یاسایی بەجێگەیاند




سەرۆکی هەڵبژێردراوی بەڕازیل، جاییر بۆلسۆنارۆ سوێندی یاسایی بەجێگەیاند و دەستبەکار بوو. BBC بڵاویکردەوە، جاییر بۆلسۆنارۆ و هاوسەرەکەی بە ئۆتۆمبێلی سەرکراوەی جۆریRolls Royce لە کاتەدرائیەتی بەڕازیلیاوە چوونە تەلاری پەرلەمان و ناوبراو سلاّوی لەو لایەنگرانەی کرد کە بەبۆنەی سوێندخواردنەکەیەوە لەو ناوچەیە کۆبوبوونەوە و پاسەوانانی ئەسپسوار و ئەو پاسەوانانەی جلی سڤیلیان پۆشیبوو یاوەری ئۆتۆمبێلەکەی جاییر بۆلسۆنارۆیان دەکرد. هەریەک لە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و سەرۆکوەزیرانی هەنگاریا، ڤیکتۆر ئۆربان و سەرۆکی پورتوگال، مارسیلۆ ڕێبێلۆ دی ساوزا بەشداربیان لە ڕێورەسمەکەدا کرد. جاییر بۆلسۆنارۆ لە میانی پێشکەشکردنی گوتارێک لە ڕێورەسمەکەدا، پەیمانی گۆڕانکاری گەورەی دا لە وڵاتەکە و داوای هاریکاری لە سەرجەم پەرلەمانتاران کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و داوای "پەیماننامەی نیشتمانی" کرد بۆ ڕزگارکردنی حوکمڕانی لە گەندەڵی و بەکارهێنانی ئابووری بۆ مەرامی خراپ و بەڵێنی دا وڵات "لە ئایدۆلۆجیا" دابڕێنێت و کۆمەڵگا بە جۆرێک بونیات بنێتەوە کە جیاکاری تیادا نەبێت. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالّد ترەمپیش لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی توێتێکەوە پیرۆزبایی لە جاییر بۆلسۆنارۆ کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی بەڕازیل.



دیدارێک لەگەڵ زانیار سەردار قرگەیی نووسەری کتێبی:

"کەسایەتی مستەفا بارزانی- لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا"





خەبات/ ساسان دەروێش

لە نێوان مێژووی کۆن و هاوچەرخی نەتەوەییماندا بۆ چاپ و بڵاوکراوە کوردییەکان بەگشتی لە سەردەمی شاخ و شار، مێژوونووسان بەچەند قۆناغێک پۆلێن و پەیوەستیان کردووە بە سەردەمەکانیان و بەستنەوەیان بە بارودۆخی کوردستان و بندەستی داگیرکارانمان، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەلی کورد لە تەک شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیدا هەوڵەکانی چڕوپڕکردۆتەوە بۆ پارستنی زمان و وشەی کوردی و لە کۆیدا نەفەسێک بۆ ئارامی ڕەخسابێت بە دەرفەتی زانیوە لە بڵاوکردنەوەی هزرو بەرهەمی قەڵەمی نووسەران، ڕاپەڕینی ساڵی1991 یش سەردەمی زێڕین و باشترین دەرگابوو بۆ والاکردنی بەڕووی چاپ و بڵاوکراوە کوردییەکان لەوەش گەشتر و شانازیکردن لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و نەمانی بوو لە 2003 کە نەوەیەک لە خاوەن بیری جوان و قەڵەم وەک ئەستێرەیەکی دەرەوشاوەی ئەو سەردەمە دەرکەوتن شانبەشانی ئەوانی پێشووی خۆیان و مامۆستایانی چرا بەدەستی ئەو ڕێگایە و لە ژێر ڕۆشنایی هەنگاویان نا بۆ بەرەو پێشکەوتن لەو بواراو یەکێک لەوگەنجە خوێن گەرم وشیرینانە زانیار سەردار قرگەیی بوو، هاتنە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی شان بەشانی ئێمە کە پێشتر لەو بوارەدا کارمان کردووە، من بۆ خۆم لە ساڵانی 2000 بەدواوە لە قوتابخانە مەزنەکەی برایەتی و خەبات، کاکە زانیارم ناسی و ئاشنابووم بە نووسین و بابەتەکانی و بەردەوام پەیوەندیمان هەبوو بەیەکەوە، دواتر وەک ڕۆژنامەنووسێکی دیاروبەرچاوی شاری سلێمانی کە خاوەنی 18 کتێبی چاپکراوە، وێڕای سەخستی ژیان و باری ئابووری، بەردەوام بوولە نووسین و گەڕان و پشکنین بەدوای سەرچاوە ودیکۆمێنت وبەرهەمە دەگمەنەکان بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگاریان بکات بۆ ئەمەش بەردەوام هاتوچۆی کەسایەتیە ناسراوەکانی شاری دەکردو بەسەری دەکردنەوە وخزمەتیانی دەکرد لە ڕێگایی نووسین و دیدارو گفتوگۆوە وەک سەربازێکی گومناو لەو ڕێگایەدا خۆبەخشانە خەبات دەکات لە پێناوی بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و زیندووکردنەوەی مێژووی کەسایەتیەکانی شار لە ڕووداوەکان و تۆمارکردنیان و خستنەڕووی بۆ نەوەی نوێ و ئایندە لە مێژووی ڕابردووی خۆیان بڕوانن، کتێبی کەسایەتی مستەفا بارزانی – لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانی ئاونیشانی ئەو کۆبەرهەمەیە لە مەڵۆی خەرمانی بەرەکەتی نووسەر کە لە ئێستادا کەوتۆتە بەردیدی خوێنەران و کۆمەڵێک باسوخواسی بەدوای خۆیدا هێناوە کە زۆر زانیاری بەسوودو گرنگی مێژوویی و چەندین وێنەو نامەی گرنگی دیکۆمێنتاری و چیرۆک و باسوخواسی گرنگی تێدا خراوەتەڕوو کە زۆربەیان لە کونجی فەرامۆشی و فەوتان دەرهێنراون و ڕزگارکراون هەڵبەت ئەمەش بەئاسانی نەکراوەو زیاتر لە هەشت ساڵ گەڕان و شەونخوونی و ئازاری ویستووە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کەسایەتی نووسەرو بەرهەمەکەی وەک شاکارێکی گرنگ و مێژوویی ئەم گفتوگۆیەمان سازکرد.

*** سەرەتا با بپرسین چۆن بوو بیرۆکەی پرۆژەی کتێبێکی گرنگی واتان لا دروست بوو؟**

ساڵانێک بەر لە ئێستا، لەو ساتەوەختانەی ئاوێتەی تونژی ڕۆشنبیر و نووسەران بەگشتی و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بەتایبەتی دەبووم، لە هەموانیش زیاتر پسپۆڕانی بواری مێژوو، هەمیشە باسیان لەوە دەکرد کە بارزانیی نەمر، لەم شارەدا واتە لە سلێمانی، پێگە و مەقامێکی ڕێزدار و بەهێزی لەنێو دڵی جەماوەردا هەبووە و هەیە، خاوەنی مێژوویەکی شکۆدارانە و بە بڕشت بووە. بەداخەوە خەریکە ئێستا هەندێ بۆ خاتری بەرژەوەندیی تەسکی حزبی، ئەو مێژووە بزر دەکەن و نەوەی ساڵانی ڕابردووش، مەبەستم لەوانەیە کە هاوڵی بارزانی و بارزانییەکان بوون، یا ئاگاداریی ئەو ڕۆژگارەی ئەوانن، ڕۆژگاری چەپگەرد، یا بەساڵداچوون ورده ورده بەرەو لێواری کۆچیان ڕادەکێشێت و خۆشیان بەرەو پێچانەوەی تونشبو بۆ دنیایەکی تر هەنگاو دەنێن. بۆیە پێویستە دەست بکرێ بە کۆکردنەوەی ئەو مێژووە، هەر لێرەوە ئەم بیرۆکەیەم بۆ دروست بوو کە دەست بە کارێکی وەها گرنگ بکەم، تا ئەو شانازییەی مێژووش بەرمن بکەوێ.

*** ئەو کەسانەی بوونە هاندەرت بۆ پرۆژەیەکی وا گرنگ کێ بوون، ئەی لە کوێوە دەستت پێکرد؟**

ئەو کەسایەتییانەی لێیانەوە نزیک بووم و تێکەڵیان بووم، بوونە هاندەرێکی سەرەکیم تا پرۆژەیەکی گرنگ و بە بایەخی دیرۆکیی، وەک بەڵگەیەکی زیندوو لە فەوتان ڕزگار بکەم، کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیری ناسراوی سلێمانی و چەند مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی بە تایبەت بەشی مێژوو بوون، پاشنیش بیرم لە داڕشتنی ماوەی زەمەنی بەسەرهاتەکان کردەوە، بەتایبەت لە سەردەمی ساڵانی بەرەو کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، کە خانەوادە و کەسانێکی شۆڕشگێڕی وەک بارزانی و بارزانییەکان، لەسەر هەڵوێستی کوردپەروەری و خەباتگێڕی و تێکۆشان، ئاوارە و دەربەدەری شاران کراون و لەو نێوەندەیشدا ماوەیەک لە شاری سلێمانی گیرسێنراونەتەوە و چەند ساڵێک لە گەڕەکەکانی ئەم شارەدا نیشتەجێ کراون و لەگەڵ کەسایەتی و خانەوادە کوردپەروەرەکاندا تێکەڵاوییان هەبووە و لەناو ئێش و ئازار و خەمەکانیاندا ژیانیان گوزەراندووە، خەڵکی شاری سلێمانیش هەمیشە بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی و بەخشندەییەوە لێیان ڕوانیون و هاوکارییان کردوون، چونکە دەیانزانی کە بارزانی و بارزانییەکان سووتەمەنیی ناو شۆڕش و کوردایەتین و هەمیشە و بەردەوام قوربانی و باجی ئەو هەڵوێستە کورپەڕوەرییانەیان دەدەنەوە، بۆیە حکوومەتی عێراقیش بەو شێوەیە دەربەدەری کردوون.

*** لەم کتێبەدا باست لەوە کردووە کە بارزانی چۆن دەربازکرا لە سلێمانییەوە بۆ بارزان؟**

بەڵێ بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەک ئەوەمان خستۆتە ڕوو، دوای چەند ساڵێکی نیشتەجێ بوونیان لە سلێمانی، ئەوەبوو لە بەرواری 11ی حوزەیرانی 1943دا مستەفا بارزانی بە یارمەتی و کۆمەک و کارئاسانیی کۆمەڵەی هیوا و کەسایەتیی ناسراو شێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفید و یاوەرانی. مستەفا بارزانی یان لە سلێمانییەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێشەوە بەرەو دەڤەری بارزان دەرباز کردووە، تا لەوێ یەکەم چەخماخەی شۆڕشی دووەمی بارزان لێ بدات و شۆڕش و ڕاپەڕین بەرپا بکا و بیسەلێنێ کە کورد هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە و هیچ هێزێک نییە مۆرکی نەتەوەیی ئەو بسڕێتەوە و هیچ کات ئاوارەیی و دەربەدەری کۆڵیان پێ نادات. بارزانی سەلماندی کە درێژەپێدەری ڕێبازی کوردایەتی و ڕێڕەوی باووباپیرانی دەبێ، کە هەر وایش بوو.

*** وەک ئاماژەی پێدەکەیت هەشت ساڵە خەریکی ئەم بەرهەمیت، پێت وایە توانیوتە چی بکەیت؟**

بەندە، لە ماوەی هەشت ساڵی ڕەبەقدا، توانیم بە پچڕ پچڕی سەبارەت بە لاپەڕە پرشنگدارەکانی ئەو سەردەمانە، بەرهەمێک گەڵاڵە بکەم و چەندین بەشی لە (ڕۆژنامەی خەبات و گۆڤاری گوڵان و گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی باس) دا بە زنجیرە لێ بڵاو بکەمەوە، بە شێوازی دیدار و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سیاسی و سەربازی و ڕۆشنبیری ناسراوی سلێمانیدا، کە زۆربەیان کەسانی ئەکادیمی و شارەزای بوار و مێژوو و لە بەشداربووی ئەو بەرنامانە بووبن، بەڵام ئەوەی کە ئەم کتێبەی جیا دەکاتەوە لە هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر بارزانی نووسراون ئەوەیە کە ئەم کتێبە تەنیا باس لە بارزانی و بارزانییەکان ناکات، بەڵکو باس لە کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەکات و بەشێکی گرنگ لە کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ باسکردنی ئەو بارودۆخەی کە بارزانی و بارزانییەکان تێیدا ژیاون و چۆن ڕووبەڕووی ئەو هەموو ئاڵۆزی و کێشانە بوونەتەوە، بۆیە ناونیشانی کتێبەکە بە ڕای من گونجاوە.



زانیار سەردار قرگەیی - نووسەری کتێبە

*** لەم کتێبەدا هەوڵتداوە یا توانیوتە تا ڕادەیەک پەسەرهاتە فەرامۆشکراوەکان بخەیتە ڕوو؟**

بێگومان لەم کۆبەرهەمەدا، هەوڵم داوە هەندێک بەسەرهاتی گرنگ لە کونجی فەرامۆشیی دەربهێنم و بیانبەمەوە بەر دید و زەین، تا بە شەکاوەیی بێتنەوە و بەسەر لاپەڕەکانی مێژوو تۆمار بکرێنەوە، گەلێک بابەتی هەستیاری ڕامیاری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریم لە زاری ئەو بەڕێزانەوە وەرگرتووە، زۆرێک لەو کەسایەتییە ناسراوانەی کە من دیدار و گفتوگۆم لەتەکدا ساز داون و زانیاریی بەسوودم لێ وەرگرتوون، مخابن کە تەمەن بواری زیاتری لە ژیاندا پێ نەدان و چوونە بەر ڕەحمەتی دلۆقان و کۆچی دواییان کرد.

*** دەکرێ بپرسین لەم پرۆژە گەورەیەدا لەسەرەتاوە کێ هاوکار و یارمەتی دەرت بووە؟**

بەراشکاوی دەیڵێم، بە زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆر و ئازارچەشتن و شەونخوونی و بەبێ هاوکاریی هیچ کەس و لایەن و دەزگایەک ئەم کارەم ئەنجام داوە. هیچ کەسێک هاوکاریی نەکردووم و تەنانەت ئاسانکاریشم بۆ نەکراوە، بەڵام بۆ کاتی چاپکردنەکەی هاوکایم کراوە بەچاپکردنی 1000 دانە.

تێکۆشان و هەوڵ و ماندووبوونی خۆت توانیوتە چی بکەیت بۆ بارزانی و بۆ شاری سلێمانی و بۆ مێژوو؟

پێم وایە بە تەنیا توانیم لەو بابەتە کارێک ئەنجام بدەم و دڵۆپێک لە دەریایەک تێکۆشان و مێژووی سەرەوبڕیی بارزانی و سلێمانی تۆمار بکەم و فریای چەند کەسایەتییەکی ناسراو و چەند بەرهەمێک و چەند بەڵگە و وێنەی دیکۆمێنتاری بکەوم و لە فەوتان ڕزگاریان بکەم، سەبارەت بەو سات و کاتانەی بارزانی و خەڵکی سلێمانی و هەڵوێست و ئاکارە شۆڕشگێڕییەکەی، تا وەک ئەزموون و پەند و وانە هەموو لایەک سوودی لێ وەربگرن. هەروەها ناساندنی وەک سیمبولی نەتەوەیی و نیشتمانی، چ لە ناوخۆی کوردستان و چ لەدەرەوەی وڵات و چەند هەڵوەستەیەکی بیانییەکان لە زاری کەسایەتییە ئەکادیمییەکانی خەڵکی سلێمانییەوە، لەم بەرهەمەدا هەوڵم داوە، زیاتر کەسانی پسپۆڕ و ئەکادیمی و شارەزای بواری زانست و مێژوو و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بدوێنم، تاوەکوو ئەم کتێبە هەر نەبێ ڕووکارێکی زانستی و ئەکادیمیانە وەربگرێ، دواجار بڕیارمدا، سەرجەم ئەم بەرهەمانەی کۆمکردوونەتەوە و ئامادەم کردوون، لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانی دا)، بە چاپ بگەیەنم، بۆیە بەو ناونیشانە، چونکە هەموو بابەتەکە پەیوەستن تەنیا بە جەماوەری سلێمانی و بارزانییەوە.

*** پێکهاتەی کتێبەکە چۆنە؟**

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە دوو لێکۆڵینەوە بە ناوەکانی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ شاری سلێمانی- ژیانی بارزانی لەو شارە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە دنیای فانی، بۆیە مەبەستم بوو لەو بەڕێزانەوە دەست پێ بکەم. هەرچەندە پێویست بوو کە میدیاکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن زووتر و پاش ڕاپەڕینە شکۆدارەکەمان و دامەزراندنی دەزگا و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، یان هەر نەبێ لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، کە بارودۆخەکە ئاسایی ببووەوە، دەتوانرا بە زووی دەست بکرایە بەو کارە و هەموو ئەو زانیاری و بیرەوەرییانە بە وێنە و دەنگ و ڕەنگ تۆمار بکرابونایە، تا مێژوویەکی زیندوو و ڕێ شکۆ بۆ نەوەکانی ئێستا و بۆ داهاتووشمان دەستەبەر بکرایە.

*** لەم پرۆژەیەدا ئەوانەی لەسەر بارزانی دوانەدوتن کەسانی حزبین یا بێ لایەنن؟ بۆچی؟**

لەم پرۆژەیەدا، هەوڵم داوە و تا پێم کرابێت ئەو کەسانە بدوێنم کە تا ڕادەیەک دوورن لە ئایدۆلۆژیای حزبی و بەدەرن لە ئەندام و لایەنگری، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. تا ڕادەیەک کەسانی بێ لایەن بن، تا باس لە بارزانی و بارزانییەکان بکەن، چونکە ئەگەر حزبی و لایەنگری پارتی بوونایە، ڕەنگە کەسانێک بۆچوونی ئەو کەسانەیان زۆر بە لاوە گرنگ نەبێ کە قسە لەسەر بارزانی بکەن، بۆیە پەنام بردووەتە بەر ئەو کەسایەتییانەی کە ئینتیمای حزبی یان پارتایەتییان نییە واتە بەدەر لە پارتی، ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە، کە تێکۆشەرانی پێشووی حزبی شیوعی کاتێک ئەمدواندن، هەستم دەکرد بەویژدانەوە باسیان لە بارزانی دەکرد، هەمیشە بە چاوی ڕێز و پڕ لە خۆشەویستییەوە لێیان دەڕوانی و شرۆڤەی تێکۆشانی ئەویان دەکرد.

*** پێت وایە بە تەنیا و بە دەربازبوونی لە سلێمانییەوە بۆ دەڤەری بارزان (1958/10/30) ڕۆژێکی شکۆدارە لە مێژووی شاری هەڵمەت و قوربانییدا- مستەفا بارزانی سەردانی شاری سلێمانی (دەکات) و، چوار بەشی سەرەکی دیکەشە، بەم جۆرە: "بەشی دیدار و گفتوگۆکان، بەشی شیعرەکان، بەشی دیکۆمێنتەکان، بەشی وێنەکان".**

*** دوا وتەت چییە لەسەر ئەم کتێبە؟**

هیوادارم بەم کارەم توانیبێتم خزمەتێکی بچووک چ بە شاری سلێمانی و چ بە بارزانی و چ بە کتێبخانە و مێژووی کوردم کردبێت و دڵی کەسیشم لێ نەڕەنجابێت، تا توانیبێتم خۆم بەدوور گرتووە لە ئایدۆلۆژیای حزبی و مەبەستی تایبەتی و بڕیندارکردنی هەستی بەرامبەر، چونکە بارزانی بە تەنیا مۆلکی پارتی نییە، بەڵکو مۆلکی سەرجەم نەتەوەی کوردە و بۆ کورد ژیاوە، با نەوەکانی ئێستا و ئایندەمان ئاگاداری تێکۆشان و کوردپەروەریی بارزانی و سەرکردەکانی تری کورد بێن و بە چاوی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی و ئەمەکداربییەوە لێیان بڕوانن، چونکە ئەوان مێژوویەکی پڕ لە سەروەریان بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار کردووە، لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم کتێبە لە ساڵی 2012ەوە تەواو بووە و ئامادەی چاپکردن بووە، بەڵام تاکو ئێستا کە ساڵی (2018)یە بێ ناز مابووەوە، خۆشبەختانە بە هیمەتی دڵسۆزان وا ئێستا ڕووناکی بینی و بە چاپ گەیشت، بە هیوای سوودبەخشینی ئەم بەرهەمە و لەگەڵ داوای لێبوردن لە کەموکورتی و لەبیرچوونی چەند شتێکی تر، کە دڵنیام هێشتا زۆر قسە و باس و هەڵوێستی جوامێرانەی دیکە ماون، هەڵبەت هیچ کارێکیش نییە کەموکورتی و هەڵە و لەبیرچوونی تێنەکەوێت.

تره‌مپ و سیاسه‌ت




د. عەبدولوەهاب چروستانی

تره‌مپیش له‌و جۆره سیاسیانه‌یه و هه‌رچی له به‌رژه‌وه‌ندی ولاته‌که‌ی بێ ئه‌وه ده‌کات، وەک ئه‌و کابرایه‌ی گوتی "هەر خۆم شێخ بم هێن به ڕیشی باوکی هەموو ئەوانیتر". چونکه ئه‌خلاق به مانا فراوانه‌که‌ی له سیاسه‌تدا نییه، ڕەش و سپی له‌سیاسه‌تا نییه دۆستایه‌تی تاسه‌ر و دوژمنایه‌تی تا سه‌ر نییه، ئه‌وانه له هه‌گبه‌ی پیاو ماقوڵان و ئه‌هلی مه‌نتیق و مه‌ردانی خوادا هه‌یه، ڕەنگه من له ڕوانگه‌ی خۆشه‌ویستیمه‌وه بۆ کوردانی سووریا و بۆ مانه‌وەی ئه‌و نیمچه سه‌ربه‌خۆییه‌ی هه‌یانه تا سه‌ر ئێسقان دژی بڕیاری تره‌مپ بم ئه‌گه‌ر نییه‌ته‌که به گورگان خواردنی ئه‌و میللەتی کورده بێ له سووریا، به‌ڵام تره‌مپ چ گوێیه‌ک ئه‌داته خواستی من و تۆ و ملیۆنه‌های وەکو من و تۆ، کاتێ به‌رژه‌وه‌ندی ولاته‌که‌ی وا بخوازێ که سووریا به‌جێبهێڵێ. ئه‌گه‌ر تره‌مپ ڕاستیش بکات له جێبه‌جێکردنی بڕیاره‌که‌ی چونکه وەک گوتم ئه‌و سیاسه‌ت ده‌کات و مه‌رج نییه ئه‌وەی گوتی ئه‌وه بکات، بۆیه نه‌ک هەر گوێ له ئێمه ناگرێ، ئه‌وەتا گوێی له ڕای چه‌ندین سه‌رکرده‌ی باڵای ئه‌مه‌ریکاش نه‌گرت و ناچار هەموویان ملکه‌چی ڕای سه‌رۆکه‌که‌یان بوون یان دەستیان له‌کارکێشایه‌وه، خۆ له‌ڵایه‌کی تریشه‌وه به دووری مه‌زانه که دژایه‌تی کردنی هه‌ندێ له سه‌رکرده ئه‌مه‌ریکییه‌کان بۆ کشانه‌وەی سوپای ئه‌مه‌ریکا له سووریا هەر به‌شێک بێ له سیاسه‌تی چه‌واشه کردن، هەرچیش ئێمه ده‌ڵێین هەر ڕمڵ لێدانه چونکه به تۆزی پێی سیاسه‌تمه‌دارانی ئەو ولاته پێشکه‌وتووانه‌دا ناگه‌ین، ئه‌گەر له‌ئه‌لفو بێی سیاسه‌تمان بزانیایه ڕۆژمان به‌م ڕۆژه نه‌ده‌گەیشت. ناشکرێ بڵێین تره‌مپ زۆر به چاکی بیری له ده‌رئه‌نجامی ئه‌و کاره‌ی نه‌کردبێته‌وه، هەر ته‌نها سه‌رکێشییه‌ک بێ بیکات، به‌ڵام ئه‌وەتا هێشتا هیچ نه‌بووه مڵمڵانێی به‌ینی تورکیاو سووریاو عیراق و ڕووسیا و ئێران و ئیسرائیل زەق بۆته‌وه، ڕەنگه به‌وەشه‌وه نه‌وەستێ و ببێ به ڕووبه‌ڕووبوونه‌وەی چه‌کداری و هەر مه‌گەر دوای خواش ئه‌مه‌ریکا بزانێ ئه‌نجامه‌که‌ی چی دەبێ و چه‌ند لایه‌نی تری تێوه دەگڵێ، هەموو ئه‌مانه‌ی منیش دەیڵێم ڕەنگه هەر به‌شێک بێ له‌و ڕمڵ لێدان و بۆچوون و لێکدانه‌وانه‌ی که ڕۆژنامه‌نووس و تۆێژەر و سیاسه‌تمه‌دارەکانمان دەیڵێن، چونکه ئەوان مه‌به‌ستم دەوڵه‌ته زلهێزەکانه ئه‌وەی دەیڵێن ئه‌وه ناکه‌ن، له‌ڵایه‌کی تریشه‌وه سیاسه‌تی ئه‌و دەوڵه‌ته پیشکه‌وتووانه به‌تایبه‌تی زلهێزەکان سیاسه‌تیان ستراتیژی و دوورمه‌ودایه، ئه‌وان ته‌نها له خزمه‌تی نه‌وەکانی ئێستادا نین، به‌ڵکو کار بۆ نه‌وەکانی داهاتووش دەکه‌ن، ئه‌گەر ڵای ئێمه مووچه پاشه‌که‌وت بکرێ ڵای ئه‌وان خزمه‌تگوزاری و به‌ختەوەری پاشه‌که‌وت ئه‌که‌ن بۆ نه‌وەکانی دوای خۆیان.

2018/12/26





شەنگە هاوارکاکەیی

جارِدانی نوێبوونەوەی پارتی دایک

پرسی سه‌ربه‌خۆیی و ریفراندۆم له به‌رنامه‌ی پارتی دیمۆکراتی کوردستان که هەڵگری میتۆدێکی نه‌ته‌وەییه و به پارتی دایک ناسراوه، له ناوەنده گرنگەکانی ڕەوینه‌ی سیاسه‌تدا به‌و پێیه‌ی که یه‌کەم پارتی کوردییه به نه‌فه‌سێکی شۆڕشگێڕی هاته دامه‌زراندن، هەرچه‌نده له پێش دامه‌زراندنی حزبی دایک، پارت و کۆمەڵەی کوردی جیاواز هاتبوونه‌ته کایه‌وه، له هەر چوار پارچه‌ی کوردستان وەکو (پارتی دار که‌ران، هیوا، پژاک، هتد)، به‌ڵام نه‌یانتوانی ببنه گەوره مارْ و گەوره پارتی دایک و له پاڵ سه‌نگی ئەم پارته تاک و ته‌رایه، که له بزاڤێکدا ڕەوتی هەڵوێستیی کوردپه‌ره‌وەریان سه‌لماند و به هەمان شێوه زۆر دەروازەی به پارت بوون و له ئاست لۆکاڵیبوونیدا له چوارچێوه و چه‌ترێکی بچووکی عه‌ره‌بیدا له گۆڕەپانی ڕامیاری به پارتی جیاواز کۆکرابوونه‌ته‌وه، به‌ڵام به نه‌فه‌سێکی عێراقی و قەومیی له کایه‌ی خه‌باتی سیاسی و ئایدۆلۆژیدا بوون، به‌ڵام ئەوه ته‌نیا پارتی دیمۆکرات بوو توانی ڕابه‌رایه‌تی دۆزی نیونه‌ته‌وەیی بگرێته ئه‌ستۆی خۆی و له خه‌باتێکی قورسی شاخاویدا و به سه‌دان داستان تۆمار بکات. هەڵبه‌ته ئەم پارته که هەڵگری سیمایه‌یه‌کی نه‌ته‌وەییه و ئه‌مڕۆ ڕووبه‌ڕووی به‌رپرسیاره‌تییه‌کی قورسی مێژوویی بووه‌ته‌وه. دواهەمین ته‌قه‌ڵای به بکه‌ری نوێبوونه‌وه له هەنگاو هاوێشتن و جارِدانداو ڕووژاندنی پرسی سه‌ربه‌خۆیی بوو، که‌وا سه‌رۆک بارزانی له ئه‌یلوولی 2017 جارِی دا له دۆخێکی ناسه‌قامگیردا ڕووبه‌ڕووی کۆمەڵێک ته‌حه‌دیاتێکی ئیقلیمی و لۆکاڵیدا بوو، به‌ڵام پارتی دایک به سنگفراوانییه‌وه وەڵامی ئەم هەڕەشانه‌ی داوه و به هیچ شێوه‌یه‌کیش سازشی نه‌کردووه، به‌م پرسه و له ئیفرازاته‌کانی ڕیفراندۆم سه‌ربه‌خۆیی زامنبوونی کارتی مافی دەوڵه‌تبوونه که له باخه‌ڵی تاکی کورده و له مه‌تبه‌خی سیاسیدا ئاسه‌واری به گه‌رمی ماوه، وێڕای ئەم ڕووبه‌ڕوونه‌وه و ئەم ته‌نگه‌ژانه هەوڵ و جهووده دیپلۆماسی و ئیقلیمییه‌کان له پشتوانی هاوکاریکردن و ڕاهێنانی پێشمه‌رگه و مه‌شقکردنیان له‌سه‌ر چه‌کی قورس و به گەرم و گوڕیه‌وه مانه‌وه. به هاوکات دەعم و پاڵپشتیکردنی که‌رتی بازرگانی له لایه‌ن دەوڵه‌ته ڕۆژ ئاوایی‌یه‌کاندا خۆی له خۆیدا یه‌ک واتا دەگه‌یه‌نێت، که‌وا زۆر نزیکبوونه‌وه له هاتنه‌دی خه‌ونه گەوره‌که‌مان. ئامه‌ژدەدان به سه‌ردانی دوو وەزیری ئەوروپی له ماوەی ڕابردوو، ئێستاش سه‌ڕۆکوەزیرانی ڤاتیکان باشترین دەرچەن بۆ سه‌لماندنی سه‌نگی ڕەهەنده دەوڵه‌تییه‌کان بۆ پرسی سه‌ربه‌خۆیی که به‌ڕووکه‌شانه به‌شێکیان گلۆپی سەوزیان دانه‌گیرساندبوو له کاتی ووروژاندنی پرسی سه‌ربه‌خۆییدا. له کۆتاییدا ئەوەی ماوه بڵێین گەیشتن بۆ ئامانجه نه‌ته‌وەییه‌کان که دەوڵه‌تبوونه شادەمارێکی به نه‌پچڕاوەیه له ڕۆح و جەسته و که‌یانی تاکی کوردیدا و خۆشبه‌ختانه ئه‌مڕۆ به ڕابه‌رایه‌تی سه‌رۆک بارزانی، دڵڕفێنی به‌خشییه کوردستانیان له هەر چوار پارچه‌ی کوردستان.

به‌شار ئه‌سه‌د کێ تێرۆریسته؟



عارف باوەجانی*

له ڕێککەوتی 2018/12/29 له لایەن (هیئه مكافحه غسل الأموال وتمويل الإرهاب فى السوريه الرسميه) لیستێک بڵاوکراوەته‌وه، که ناوی615 که‌س و 105 ڕێکخراویان له ڕۆژهه‌ڵاتی ناڤێن و جیهان تێدا بڵاوکردووه‌ته‌وه، که گوایه ئه‌مانه تیرۆریستن!

سه‌یر ئەوەیه که ئەم دەزگەیه له ژێر چاوەڕێری به‌شار ئه‌سه‌د دایه، وەک ئه‌وەی وابێت که خۆی یه‌کێک له مرۆڤه پاکه‌کانی جیهانه و هاتووه چاوەڕێری دەستپاکی جیهان دەکات، له‌و لیسته‌دا ناوی چه‌ندین که‌سایه‌تیی دیاری هێناوه، له‌وانه به‌ڕێز مه‌سرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئه‌نجوومه‌نی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، به‌ڕێز سه‌عد حه‌ریری سه‌رۆکی حکوومه‌تی پێشووی لوبنان و ئه‌گەر به سه‌رۆکبوونی سه‌ر له نوێی ئەو ولاته، که یه‌کێک له سه‌رکرده عه‌ره‌به‌کانی دژی ئێران و خۆشه‌ویستیی خه‌ڵکی لوبنانه، هەروەها ناوی دەیان که‌سی دیکه‌ی ناسراویشی تێدایه.

به‌شار ئه‌سه‌د به ئاشکرا، میژووی هەره دێرینی عه‌ره‌بیه‌تی سووریا (عروبه) کرد به (فروسه) به ته‌واوی خاک و شەرەف و داهاتوو، سه‌روەری ولاته‌که‌ی پێشکه‌ش به ئێران کرد، له شەڕی چه‌ند ساڵه‌ی ئێراق و هەندێک له ولاتانی دیکه‌ی عه‌ره‌بی له‌گەڵ ئێراندا، حافز ئه‌سه‌دی باوکی و حکوومه‌ته‌که‌ی ئەو پشتیوانیان له دەسه‌ڵاتی فارسی دەکرد، به‌شار ئه‌سه‌د ناوی له لیستی تڕۆری دەیان ملیۆن عه‌ره‌بی سووری و دەیان ولاتی عه‌ره‌بی و جیهانییه. له زۆربه‌ی ولاتان باڵیۆزەکانی وەدەرنراوه، به ملیۆنان سووری ئاواره‌ی ولاتانی عه‌ره‌بی و جیهانی کراوه، به‌هۆی سیاسه‌تی خۆفرۆشی و تیرۆریستیی ئه‌سه‌د په‌نابه‌رانی سوورێش زۆربه‌یان له که‌مپه‌کانیش که‌رامه‌تیان شکاوه. به‌شار ئه‌سه‌د به به‌رمیل کیمیایی و باروتی به‌سه‌ر شار و ناوچه‌کانی سووریادا دەپشان، به‌پێی ئاماری ڕێکخراوەکانی پارێزەر و چاودێرانی مندالان، زیاد له 4500 منداڵی سووریا به هۆێ شه‌ڕەنگێزی به‌شار ئه‌سه‌دەوە بوونه‌ته که‌مئه‌ندام، یه‌کێک له ئەندامه گرنگەکانی جەستەیان له‌دەستداوە، بێجگه له‌وەی به سه‌دان هەزار سقیلیش کوژراون.

هەر ئەو حکوومه‌ته‌ی که هەڵگری ناسناوی کۆماری عه‌ره‌بی سووری بوو، له ساڵانی ڕابردوودا به دەیان عه‌ره‌بی ئەحوازی که له ژێر گوشاره‌کانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵده‌هاتن و دەچوونه سووریا ڕادەستی ئێرانی دەکردنەوە و له سێدارە دەدران، بگره عه‌ره‌به‌کانی ئەحواز له ولاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی و ئوستراڵی به مه‌به‌ستی دیدار.

*** سه‌رۆکی حزبی سه‌ربه‌ستیی کوردستان**

پەیامنێرانی بێ سنوور: له جیهان ئازادیی ڕۆژنامەگەری له پاشەکشێ دایه

ڕژێمە خۆسەپێنەرەکان دەیانەوێت تێڕوانینی خۆیان بۆ ڕۆژنامەگەری بسەپێنن و هەڕەشە له دیموکراسییش دەکەن

عێراق ڕیزبەندی 160ی هەیه و له وڵاتانی زۆنی ڕەش دایه

پەیامنێرانی بێ سنوور نەخشەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی له جیهاندا بڵاوکردەوە و نەرویج زۆرترین ئازادیی تیادایه و له ڕیزبەندی یەکەمدایه و کۆرپای باکووڕیش له کۆتایی ڕیزبەندەکەدایه. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی هاتنی ساڵی 2018 ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی که تایبەته به ئازادیی ڕۆژنامەگەری بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە بەگشتی له جیهان ئازادی ڕۆژنامەگەری له پاشەکشێدایه.

بەپێی پۆلێنی جیهانی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی که ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور ئامادەی کردووە ڕقەبەرایەتی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان له ساڵی2018 زیادی کردووە، ئەم ڕقەبەرایەتییەش له دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرپرسانی سیاسیی دنەی دەدەن و ڕژێمە خۆسەپێنەرەکانیش دەیانەوێت تێڕوانینی خۆیان بۆ ڕۆژنامەگەری بسەپێنن و هەڕەشە له دیموکراسییش دەکەن.

ئەم دەستەواژەیەش پێشتر جۆزیف ستالین بەکاری هێناوە، هەوەروەها ناوی سەرۆکی فیلیپین-یش هاتووە وەکو دوژمنانی ڕۆژنامەگەریی له پاڵ چەندینی دیکە.

له ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە که تۆندوتیژیی له‌دژی ڕۆژنامەگەری له ئەوروپاش زیادی کردووە.

بەپێی ڕێککەوتی پەیامنێرانی بێ سنوور نەرویج هێشتا له‌سەروو ڕیزبەندیی باشترین ولاتە که ڕێزی ڕۆژنامەگەریی تیادا دەگیرێت و ئەمە بۆ ساڵی دووەمە ئەو ولاتە له ڕیزبەندەدا دەمێنێتەوە، هەرچی فینله‌ندایه پله‌یەک گەڕاوەتەوە دواوە و ئێستا له پله‌ی چوارەمدایه. له به‌رامبەریشدا کۆرپای باکوور له پله‌ی180 هەمین دایه که دۆخی ڕۆژنامەگەریی تیادا له‌وپەڕی خراپی دایه.

هەرچی چینیشه ئەوا له ڕیزبەندی 176مین دایه، ڤێتنامیش له پله‌ی 175 و تورکمانستان له پله‌ی 178 و ئازەربێجان پله‌ی 163ی هەیه، عێراقیش ڕیزبەندی 160ی هەیه و یەکێکه له‌و ولاتانه‌ی که ڕۆژنامەگەری تیایدا له دۆخێکی زۆر خراپ دایه و له ولاتانی زۆنی ڕەشدایه.

هەروەها سووریا له پله‌ی177 دایه و یەمەن پله‌ی 167 هەیه و میسر ڕیزبەندی 161ی گرتووە و شانشینی سعوودیه له پله‌ی 169دا هاتووە و بەحرێنیش له ڕیزبەندی 166 دایه و ئەمەش وایکردووە پیشه‌ی ڕۆژنامەوانیی له‌م ناوچەیه تەواو قورس بێت و مەترسیدارین ناوچه بێت بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری.



لاو دەبێت ڕۆڵی سەرەکی له سەرکردایەتیدا ببینێت..



ژێنەر ڕەزا کاکەیی



لاوان هێزی یەکەمن له بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز، کوردستانێک که هەر هەموومان خەون به سەربه‌خۆیی و ڕزگاربوون له ژێرده‌ستەیی دەبینین، له هەر کۆمەڵگەیەکی لاوازدا دەبینین له پێگەو تۆێژی لاوان کەمکراوەتەوە یان پشتگوێخراوە، بۆیه بایەخدان به‌و چینه پر له هێز و هەستەکردوو به‌ماندووبوون جۆرە مۆرک و تایبەتمەندییەکی دیکه دەبەخشێت به‌و کۆمەڵگە پێشکەوتووە له کاتی وەرگرتنی هەر بەرپرسیارێه‌کدا تاکی لاو دەبێت درک بەهێزی له‌بننەهاتووی خۆیان بکەن به‌ردەوام ئیرادەیەکی بەهێزیان لا دروست بێت وای دابنێن هەموو شتێک کۆنترۆڵ کراوە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا.

دەبێت ئەو ڕاستیه بخەینه بەرچاو که له سەردەمی ئەوڕۆماندا جیهان زیاتر پێویستی به مێشک و بازوو داهێنانی لاوانه ئەم سێ چەمکەی باسکرا ناکرێت له تەنها بواریکدا کۆبکرێتەوە، دەبێت تاکی لاو له هەموو مەیدانەکانی سیاسی و ئابووری و کولتووری و ڕۆشنبیری ئەمڕۆدا پێگەی باشیان بۆ تەرخان بکرێت تاوەکو کۆمەڵگایەکی پڕ لەهێز و وزە بونیات بنێن، هەربۆیە دەبێت پرسی لاو بدرێت بەدەستی لاوان خۆیانەوە.

یەکێک لەو پایه سەرەکیانەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک بەڕێداری کردنی لاوانه له کاری سیاسی و ڕێخراوەیی چونکه تاکی لاو بەهەستکردن به ڕوحیەتێکی رکابەرایەتی ئەرێنیانه دەتوانن زیاتر ئەو لایەنه سەرکەوتووتر بکەن له پێشوتردا بینیومانه لاوان له هەربوارێکدا سەرکردایەتیان کردبێت ئەوا ئەو بواره زیاتر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.

قوتابخانەی پاراستنی ناسنامە و شوناسی گەلی کورد



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

گەر هەڵوەستەیەک لە سەر خەبات و تێکۆشانی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستان بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت، کە هەرچی دەستکەوتێک گەلی کوردستان بەدەستی هێنابێت لە سایەی هزری نەتەوەیی دیموکراتیدا بووە.لە بزاڤی ڕزگاری خوازی هەر گەل و نەتەوەیەکدا، سەرکردایەتی ئەو بزاڤە بە هزری نەتەوەیی دیموکراتی دەسپێردرێت و بەڕێودەچێت و بگرە سەرکەوتوو دەبێت تاوەکو ڕۆژی سەرفرازی و ئازادی تەواو.بەبێ بوونی ئەو هزرە و بەهێزبوونی زۆر ئەستەمە کە بزاڤی ڕزگاری خواز تا سەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەرچەندە زۆر ئایدیولۆژیای تر هەوڵی داوە سەرکردایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلان بکات، بەتایبەتی پاش جەنگی جیهانی دووەم و بەهێزبوونی یەکێتی سۆڤێتی جاران، بەڵام ئەوەش مەرحەلەیەکی کاتی بوو پاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤێت، ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژیانەش یان پووکانەوە یان بەرەو پووکانەوە دەچن.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی دروست بوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەمیشە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو هزرە نەتەوەییە دیموکراتییەی کوردستانە هەر بۆیە بەهێزبوونی ئەو هزرە واتای بەهێزبوونی پارتییە و بە پێچەوانەشەوە بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزبوونی هزری نەتەوایەتی دیموکراتییە.دوژمنانی هزری نەتەوایەتی دیموکراتی لە کوردستاندا دوو جۆرن، یەکەمیان دوژمنی دەردەکی یە واتە: ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و یاریدەدەرەکانیان لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، کە ئەمانە بەهزری ڕەگەز پەرستی و شۆڤێنی بەرەنگاری هزری نەتەوایەتی دیموکراتی دەبنەوە، بۆ گەلی کوردستانیش ڕوون و ئاشکرایە، لە ڕۆژی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەداخەوە گەلی کوردستان بەدەست هزری شۆڤێنی و ڕەگەزپەرەستی حوکم ڕانەکانی عێراقەوە دەناڵێنێت، هەر لە شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمرەوە تاوەکو شۆڕشەکانی بارزان و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵان و ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێمی گۆڕ بەگۆڕی صدام، بەمڕۆشەوە. بێ گومان ئەم حوکمڕانانە هێزی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشیان لەگەڵ بووە.شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و ڕێککەوتنی "11"ی ئازاری ساڵی1970، شۆڕشی گوڵان و دروست کردنی بەرەی کوردستانی و ڕاپەڕینی بەهاری 1991و هەڵبژاردنی1992ی پەرلەمانی کوردستان و جارداینی فیدراڵییەت، ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ و چەسپاندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە نێو دەستووری عێراق و ناساندنی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. کاتێکیش هزری شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و تایەفەگەری عێراق خۆی لە جێبەجێ کردنی دەستوور دەدزیەوە گرنگ بوو وەلامی دروستی بدرێتەوە بۆیە هزری نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بڕیاری ریفراندۆمیدا، هەرچەندە پڕۆپۆلیست و ئەنارشیست و هەرزەکارە سیاسییەکان دژی وەستان، بەڵام گەلی کوردستان بە 7/92% دەنگی بە بەڵێ دا.پارتی دیموکراتی کوردستان و هزری نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، هەرگیز پەشیمان نییە لە ریفراندۆم و پاش گەنیش نابێتەوە لە دەنگی گەلی کوردستان. هەروەها خەباتی بۆ دەکات لە کوردستان و بەغدا و جیهانیشدا تا ئەو ڕۆژەی هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بەدی دێن لەسەر بنەمای جێبەجێ کردنی هەموو خاڵە دەستوورییەکان، کە پەیوەستن بەمافی ڕەوای گەلی کوردستانەوە. خۆ ئەگەر دەستوور جێبەجێ نەکرا ئەوا بێگومان پارتی و هزری نەتەوەیی دیموکراتی هەڵوێستی تریان دەبێت.کەواتە هەرکاتێک هزری نەتەوەیی دیموکراتی لە کوردستاندا بەهێزبێت ئەوا دەستکەوتەکان زیاتر دەبن و گەشە دەکەن بۆ کوردستان و کوردستانیان، بێگومان هەرکاتێکیش ئەو هزرە لاواز بوو دەسکەوتەکان و پێشکەوتنەکانی کوردستان و گەلەکەمان پاشەکشە دەکەن و لاواز دەبن.هەر بۆیە هزروبیری گێرەشێوێن و چاواشەکار و هەڵەوەڕی ناوخۆی کوردستان دەچنە پاڵ شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و تایەفە گەرەکانی داگیرکەران بەمەبەستی لاوازکردنی بیروهزری نەتەوەیی دیموکراتی لە کوردستاندا، بەڵام جەماوەری گەلی کوردستان وشیارە و باش ئەم مەسەلەیەی خوێندۆتەوە. ئەوانەی هەموو شعار و داواکارییەکانیان تێکدان و ڕووخاندنە و، هەر بڕوخێ و نەمێنێ یە، هەرگیز ناتوانن دوو بەردی دروست بەسەر یەکەوە بنێن، جا نەخاسمە سەرفرازی و ئازادی و سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئاوەدانی لە کوردستاندا بنیات بنێن و بەرجەستەی بکەن. پێگەی سەرۆک بارزانی و قورسایی لە گۆڕانکاری و ئایندەی ناوچەکە بەهەند وەردەگیرێت ئەوەش لەبەر چەندین هۆکاری گرنگ وەک کەسایەتی و ڕۆڵ و تێڕوانین و خوێندنەوەی سەرۆک بۆ پێشهاتەکان و کاریگەری پارتی و سەرۆک لەسەر گۆڕەپانەکە و مێژوو خەباتی بارزانییەکان وایکردووە لەهەموو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بۆچوونی سەرۆک بارزانی بەهەند وەربگیرێت ،سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکوەزیران و سەرکردە بالاکانی عێراق، سەردانێکی گرنگ بوو، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، هەم لەسەر ئاستی دەرەوە دایەوە، ئەمریکا، ئێران، هەتا وڵاتانی دیکە پێشوازیان لەو سەردانە کردووە، بۆیە بێ گومان ئەو سەردانە سەردانێکی گرنگ بوو، چونکە پاش ریفراندۆم و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا کێشەی تێکەوت بوو، بۆیە سەردانی سەرۆک بارزانی هۆکار دەبێت بۆ چارە کردنی هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن، پەیوەندییەکان ئاسایی دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە بەغداش کێشە هەیە، کە تا ئێستا کابینەی عادل عەبدولمەهدی بە تەواوی تەشکیل نەبووە، دیارە کەسایەتی سەرۆک بارزانی دەوری خۆی دەبینێت لەوەی کە ڕەوشی سیاسی عێراق ئارامی بە خۆیەوە ببینێت و حکوومەت پێک بێت. چونکە بۆ هەمووان ڕوونبۆتەوە کە کلیلی چارەسەری کێشەکان لە کوردستان و عێراق دواتر لای بارزانیە و هەر هەنگاوێک بۆ چارەسەری کێشەکان بەبێ گەڕانەوە و وەرگرتنی سەرنج و بۆچوونەکانی بارزانی هیچ کات ئاکامی نابێت بۆیە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەکە و زلهێزەکان ئەمڕۆ بەگرنگیەوە دەڕواننە کەسایەتی و ڕۆڵی بارزانی لە ناوچەکە جا چ بۆ سەقامگیری سیاسی بێت یاخود بۆ چارەسەری کێشەکان لە ناوچەکە لەبەر ئەوەی بارزانی ئەمڕۆ سیمبول و نوێنەرایەتی کوردستانیان هەر چوار پارچە دەکات و کێشەکان لەم وڵاتانە بەبێ گەڕانەوە بۆ مەرجەعی سیاسی و نەتەوەیی کە سەرۆک بارزانییە شتێکی مەحاڵ و بێ هوداییە . هەروەها لایەنێکی دیکەی سەردانەکەی سەرۆک لایەنی پتەو کردنی پەیوەندییە دیبلۆماسی و ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دونیا و سود وەرگرتنە لە ئەزموون و شارەزایی ئەوان لە پێشخستنی ئەزموونی کوردستان.



ڕەمەزان نسرەدین کیفلی

دیموکراسیەتا پێشێلکری ل وێ (زونێ)؟!

گومان تێدا نینە ئەزمونا دیموکراسی ل هەرێما کوردستانێ ئەزمونەک نوی و تازەیە ئەگەر ئەم بەراوردیێ دگەل وەلاتێن دیێن دونیایێ بکەن کو هەرئێک ژوان وەلاتان سەربورەک مەزن و درێژ هەیە دگەل دیموکراسیەتێ و دیموکراسیەت ل زوربەیێ وەلاتێن روژئاڤا ژ تێگەهەک تیوری بویە کەلتور و بویە بەشەک ژ ژیانا روژانە یا خەلکێ وان وەلاتان. بەڵێ ب مخابنی ڤە دیێژم ل روژهەلاتا ناڤەراست ب گشتی دیموکراسیەت بتنێ دورشمەک بریقەدارە دهێتە بکارئینان ژبلی ئەزمونا تاکانە یا هندەک وەلاتان ئەم نەشێن دیاریکەن کو دیموکراسیەت لڤێ دەڤەرێ هەیە و گومان تێدا نینە هەرێما کوردستانێ ژی بەشەکە ژ جغرافیا سیاسی یا فێ دەڤەرێ. ل زونەکا (کوردستانێ؟!) دیموکراسیەت ل چەند خالاندا دهێتە دیتن و ئاراستەکرن، ژوانا (هێرش کرنا لسەر لایەنێن سیاسی و سەنگەر گوهورینا حزبی هەڵبژارتنێن بێ بنەما، ئازادیکا بەرەڵایە و ئەو بەرەڵاییە یاب دەست چێکری) چونکە نە مافێ مروڤی وەکو پێویست سەنگا وبەهایێ خو هەیە و نەژی یاسا سەروەرە لڤێ زونێ، ژ بەرکو دەست هەلاتا کەسان ژ دەسەلاتا حکومەت و حزبان ژی بهێزترە، لەوما ئەگەر یاسا سەروەر با نوکە پلان داریژەرێن 16ئکتوبەرێ لپشت شفشێن زیندانێ دا بوینە. هەروەسا ل(وێ زونێ) ؟! رادەستکرنا دەست هەلاتێ ژی نەوەکو پێدڤی یە و نەژی ئەنجامێن هەلبژارتنان گرنگیا خو هەنە، چونکە بەری هەلبژارتن ب دوماهیک بهێن ئەنجام دهێنە رەتکرن. هەروەسا نمونە ژبو ئاستێ دیموکراتیەتێ ل وێ (زونێ) گوتنا(بەرپرسەکێ بەرێزە) بویە دەمێ دبێژیت (حزبا مە ئەگەر تنێ ئێک کورسیک ژی بینیت هەر ئەم دەسەلاتین) و گەفێن بەردەوامیا دەست هەلاتا حزبا خو کرییە. یان ژی کادرێن وان ل (وێ زونێ) هەر روژەکێ بە رەگەکێ جودا کراسێ خو دخەملینن، جار (کەسک) و جار (عەسمانی) و جار(شین) و جار رەنگەکێ دی وبەردوام د راگەهاندنێن خودا تەنێ دموژیلن ب دژایەتی کرانا پارتی و ئامارژە دان ب شەرعیەیەتا شورەشگیری بو حوکمرانییێ ل هەرێما کوردستانێ و قەژیاندنا سیستەمێ (فیفتی فیفتی) کار دکن یان رەوشەنبیرێن (کرێ کری) ؟! رامان و هەلویست وپرنسیپ بو دهێنە دورست کرن و دراگەهاندنێن خودا دژی پارتی بکار دئینن. ئەڤجا بڤی شێوازی ل وێ (زونێ) دیموکراسیەت ب هەمی رامانێن خوڤە دهێتە پێشل کرن. ئەگەر ل وێ (زونێ) شەرعیەتا شورەشگێر پیڤەرێ رامانا حزبەکا سیاسی بیت!!، لەوما هەلبژارتن و رایا خەلکی وبەشداریا لایەنێن سیاسی دهەلبژارتنا ل وێ (زونێ) چ بەهایێ خو نینە و پێدڤی ناکت ماندی بوون و مەزاختێن زێدە ل هەلبژارتنان ل کوردستانێ بهێنە کرن، وی دەمی ژی ئەڤان لایەنێن سیاسی ئەو شەرعیەتەژی نینە ئەڤا کو بنافێ شەرعیەتا شورەشێ دئاخڤن، چونکە هەر ئەو لایەن بوینە دژی شورەشێ و هەر ئەوبوون دارەدستێ رژێمێن ئێک لدیف ئێکێن دەڤەرێ بو هەلوەشاندنا هیڤێن خەلکێ شورەشگێر،میژویا وان د سەلینت کو ئەوان بتنێ شەرعیەتا (نوکەری و دارەدستی)ێ وەرگریتە نەک شەرعیەتا شورەشێ. لەورا نابیت لایەنێن سیاسی ل کوردستانێ بکەڤنە بن باندور ئەڤان هزرێن توزێ گرتی، بەلکو دڤێت ئیدی رێز ل دەنگ و رایا خەلکی بهێنە گرتن. ل سالا 1992ئەگەر ئەوان لایەنان دان ب شکەستنا خو ئینابان، نوکە مللەتێ کورد ل قوناغەکا دی یا گەشەیا سیاسی بویە و نە شەرێ برا گوژیێ دورست دبو و نەژی دیموکراسیەت دکەفتە لبن گومانێ دا. ل کوردستانێ و هەر لایەنەکێ لڤێ قوناغێ ئەڤی تێگەهی تێک بدەت و رایا خەلکی بێ بەها بکەت، دڤێت لایەنێن دی قەبیل نەکن داکو ئەزمونا مەژی وەکو مللەت بچیتە رێزا وان مللەتێن دیموکراسیەت تێدا بویە کەلتور و قوناغا ئەڤرو ژی دخاستە هندێ کو ژلایێ کەلتوریێ دیموکراسیڤە ئەم زەنگین بن و رولێ دام و دەزگەهێن هەرێما کوردستانێ کارابن و فەلسەفا سیاسی ل کوردستانێ ل خالەکێ نەراوەستیت و مەترسی لسەر دیموکراسیەتێ دورست بیت. ئەڤجا ژبو پێک ئینانا کابینا داهاتی ل کوردستانێ پێدڤی یە ژ قەبارێ هەر لایەنەکێ سیاسی زیاترچ پوست بو نەهێنە دان، داکو ئیدی هەمی لاینێن سیاسی هەست ب دادپەروەریا سیاسی بکەن ل کوردستانێ و خەلکی کوردستانێ ژی هەست ب پیروزیا دەنگێ خو بکەت. بەشداریا راستەقینە ل وێ چەندێ دا یە مە هەر لایەنەک لگور سەنگا خو پوستان وەربگریت نەک خو سەپاندن لەسەر را و ئیرادا مللەتی. ئەڤجا نابیت چ لایەن رەوشا سیاسی بخو ب دلیڤە بزانن بو سەپاندنا هێزا خو ئەوا بناڤ شەرعیەتا شورەشگێری چونکە ئەزمونا دیموکراسی ل کوردستانێ نوکە لبن چاڤدێریا نەتەوەییێن ئیکگرتی و وەلاتێن زل هێز و رایا گشتییا نێڤدەولەتی دایە.

ئایا دەکرێ لە مەودایەکی دیاردا عەرەب ڕۆشنگەرا بن؟

هاشم سالح

لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا ئەم پرسیارەیان ئاراستەی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانوێل کانت کرد: بەڕێز پڕۆفیسۆر ئایا ئێمە لەسەردەمی ڕۆشنگەراییداین؟ لە وەڵامدا وتی نەخێر بەڵام ئێمە لە ساتەوەختێکداین بەرەو ڕۆشنگەرایی دەچێت.

ئەگەر هەمان ئەم پرسیارە ئاراستەی یەکێکیان بکرێ: ئایا ئێمەی عەرەب ڕۆشنگەراین؟ ئەوە وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارە نەخێر دەبێت ، نەخێر ئێمە ڕۆشنگەرا نین و لەڕاستیشدا بەرەو ڕۆشنگەرایش ئاراستەمان وەرنەگرتووە ! سەرنج بدە لەو جیاوازییە گەورەیە لە نێوان ئەو چرکەساتەی ئەڵمان و ئەم چرکەساتەی عەرەب . دوو سەدە و نیو لەبەکەوە دوورن و لێکیان جیادەکاتەوە ،لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵمانەکان ئەو کات نزیکتر بوون لە شارستانی بوون ز ڕۆشنگەرایی و دەوڵەتی مەدەنییەوە لەچاو ئەمڕۆی عەرەبدا! کێ بڕوا بەوە دەکات؟ ئایا ئەوە کارەسات و تراژیدیا نییەکە گەلی ئەڵمان لە ساڵی 1780دا بەرەو ڕۆشنگەرایی و جیابوونەوە لە ئوسوڵییەتی کریستیانی و بیروهزری تایفی ئاراستەی وەرگرتووە بەڵام عەرەب لەساڵی 2012یشدا نەخێر؟ بگرە حاڵیحازر بە ئاراستەی پێچەوانەدا هەنگاو دەنێین،بەڵام سەرەڕای ئەوە سوورم لەسور ئەوەی کە دەڵێم ئایندە و دوارۆژمان لە پێشە ، بەڕاستیش پێمایە هەرەسهێنانی ڕژێمە ڕزیو و بە مۆمیابووەکان هەنگاوی یەکەم پێکدەهێنێ لەسەر ڕێگای ڕاست ،بەو واتایە سوپاسگوزاری بەهاری عەرەبی دەبین چونکە گۆمە مەنگ و وەستاوەکەی شڵەقاند،ڕاستە ئەوەی ئێمە ئاواتخوازی بووین ، بەدی نەهێنا ،بەڵام سەیرورەیەکی میژوویی وروژاند کە کاریگەری و کارلێکەکانی بەم زووانە ڕاناوەستێت. هەندێجار کانت بۆ تێپەڕاندنی بیر و هزرە بوێرەکانی خۆی کەپێش سەردەمەکەی خۆی کەوت بوو ، زیاتر لەپێویست یەدەگی وەردەگرت ،ئاشکرایە کە ئەو ستایشی پاشای ئەڵمانیا(بڕوسیای ئەوکات) فەردریکی دووەمی دەکرد بەو پەسنیەی کە پاشایەکی ڕۆشنگەرا بوو ،ڕاستە ئەو ستەمکار بوو بەڵام ستەمکارێکی ڕۆشنگەرابوو ڕێی بە زانا و فەیلەسوفەکان دەدا بە ئازادی بیر و تۆێژینەوە بکەن و بڵاو بکەنەوە .ئایا ستەمکاری ڕۆشنگەرا باشتر نییە لە ستەمکارێکی تاریکخواز لەسەر شێوازی لویسی پانزەهەمی پاشای فەرەنسا ؟ ئەو فەردریکە گەورەیە لە دەرباری شاهانەی خۆیدا پێشوازی ئەکرد لە هەموو ڕۆشنبیرانی هەڵهاتووی فەرەنسی لەزوڵم و زۆری پاشا ئوسوڵییەکەی خۆیان لەناو ئەوانەشدا ڤۆڵتێر .و دەروازەکانی ئەکادیمیای بەرلینی بۆ دەخستنە سەرگازی پشت تا بەو پەڕی سەربەستییەوە تۆێژینەوە و گفتوگۆکانیان لە بواری هەموو کاروبارەکانی زانست و هزر و ئایینداً ئەنجام بدەن ، و موچەی بۆ بڕیبوونەوە تاکو تەواو واز لەهەموو ئیشێکی تر بهێنن و بەتەنیا هەر خەریکی لێکۆڵینەوە و ڕۆشنگەراکردنی گەلانی ئەوروپا بن ،(هاوشێوەی ئەو نابینم لە میژووی خۆماندا ، مەئمونی مەزن نەبێ) بگرە ئەو خۆی هاوبەشی دەکرد لەو گفتوگۆیانەدا کە لەسەر بیروباوەڕی ئایینی کریستیانی دەکران،بەڵام هەندێ ئیحتیاتات و ڕوالەتی لەخۆا ترسی وەردەگرت لەترسی کاردانەوەی ڕەشە خەڵکەکە. تەنانەت ئەو پاشا مەزن و خاوەن جەربەزەیە لە گەل دەترساو حسابی بۆ دەکرد! ئەی دەبێ حاڵی ڕۆشنبیرەکان چۆن بووبێت؟لەڕاستیدا ئوسوڵیەکان تەواو بااڵ دەست بوون بەسەر جەماوەرە نەخوێندەوارەکەدا بەهۆی نەریتەکانی خواپەرستی و ئایینی و پیرۆزکاریەکانەوە هەر وەکو حاڵەتی ئێستای عەرەب و موسڵمانان.ئەوکات پیاوانی ئایینی لەهەر چرکەیەکدا بیانوێستایە دەیانتوانی گشتی خەڵکەکە بوروژێنن لەدژی پاشا و هەڕشە لە حکومڕانیەکەی بکەن ،لەبەر ئەوە دەبوایە ڕازی بکرێن و سازشیان بۆ بکرێ و بەخشش و دیاریپان پێشکەش بکرێ. ئاشکرا کانت موناڤیق و دووڕوو نەبوو لەبەر ئەوەی ستایشی فەردریکی گەورەی دەکرد بەڵکو ڕاستگۆ بوو چونکە پێویابوو بوونی ستەمکارێکی ڕۆشنگەرا لەو ساتەوەختەدا باشتر و شیاوتر بوو ئەگەرنا دیموکراسیەتی ئوسوڵیەکان و کاهینە کریستیانیەکان ئەگەر ئەوکات هەڵبژاردنیان ڕێکخستبا ئەوە بێگومان بەشێوەیەکی بەرفراوان سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا چونکە هێشتا میللەت ڕۆشنگەرا نەبوو تەنها سەربژاردە ڕۆشنبیرەکە نەبێت .لەبەر ئەو هۆکارە بوو ستایشی ئەوی کرد ،بەتایبەتیش بۆ ئەوەی بیپاریزێت لە ستەمکارانی گومڕاکار و تاریک پەرستانێک کە ستەم و زۆریان کەم نەبوو لەڕیزی پیاوانی ئایینی ،چونکە ئەوانە گومانیان لە کانت هەبوو و ئاگاداربوون لەوەی کە ئەو ژێراو ژێریان هەڵدەکەنێت و ڕەخنە دەگرێت لە تێگەیشتن و حاڵیبوونی هەڵەیان لە ئایین و چاوچنۆکیان بۆ پایە و سامان و سەرەڕای ئەوەش بەهۆی موعجیزە وخورافەکانەوە بەنج و فریودانیان بۆ گەل، کانت لەخوا ترسێکی پاکیزە و خاوێن و ڕەوشتمەندی پلە یەک بوو.باش دەیزانی گەوهەری ئایین و تۆێکڵ و پەلکەکەی لە یەکتر جیابکاتەوە،لەم ڕێڕەوەشدا دووچاری ئەشکەنجە و ئازار نەبۆوە تا دوای مردنی ستەمکارە ڕۆشنگەراکە و هاتنەسەرکاری گلیۆمی دووەمی برازایەکەی بۆ سەر تەختی دەستەڵات ،ئەمەی دوایی بۆ سیاچاردیی کەوتە ژێر کاریگەری یەکێ لە ئوسوڵگەرا زۆر تونڕەو و تاریکخوازەکانەوە کە زۆر دڵڕەق و کینە لەدڵ بوو بەرامبەر بە فەردیکی گەورە و سەردەمە لیبرالیستە ڕۆشنگەرایە لێبوردەکەی .لەبەر ئەوە پاشای تازەی هاندا بۆ بەرتەسک کردنەوەی ئازادییەکان و نەخاسمە ئازادی بیرکردنەوە لە کاروباری ئایینی و عەقانییدیدا ،ئیتر دەستی کرد بە وروژاندنی بەرامبەر بەکانت و لایەڕەی بەختی لەلای ئەو ڕەش دەکرد ،ئیدی گەورەی فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیا پەیامی هەرەشەئامێزی ڕاستەقینەی پێگەیشت و بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا بە ڕاستی ترسا و ئەوکات تەواو چاوەکان لێی سوور بوونەوە. لەبەر ئەوە بڕیاریدا دەستبەجێ و خێرا تۆێژینەوەکانی سەبارەت بە ئایین ڕابگرێت .خۆشبەختانە سەردەمی ئەم پاشا کۆنەخوازە (یان ستەمکارە ناڕۆشنگەرایە) درێژەی نەکێشا ،بۆیە ئەو فەیلەسوفە دووبارە گەڕایەوە سەر تەواو کردنی کتێبە بەناوبانگەکەی (ئایین تەنها لەسنووری عەقڵدا) . بەو شێوەیە نێوان ئایینی کریستیانی و تازەگەری خۆشکرد ، یاخود نێوان لەلایەکەوە و عەقڵ و ڕۆشنگەرایی لەلایەکی تردەوە تەباکرد، بە چەشنە توانی ئەنالیزەکاری تایبەگەرا و تاریکخوازی ئایینی کریستیانی شکست پێ بدات ،واتە ئەو ئەنالیزەکارییەی کە بۆماوە و چەسپاو بوو،کە مەشروعیەت و ڕەوایی پەروەردگاری دەبەخشی بە جەنگ و کوشتارە تایفیەکانی کە ئەڵمانیای وێران کرد . کانت بەشێوەیەکی ڕەها مولحد و بێ باوەڕ نەبوو ،بەڵکو بڕوای بە هەبوونی تێگەیشتنێکی تری زیاتر ڕۆشنگەرا و عەقڵانی بۆ ئایین هەبوو .ئەمە هەموو شتێک بوو لەو مەسەلەیەدا نە زیاتر و نەکەمتر ..بەبێ ئەو تێگەیشتنە نوێیە لە ئایین ،واتە تێگەیشتنی عەقڵانی ڕۆشنگەرای ناتایفی ،پێکهاتنی یەکێتی نیشتمانی ئەڵمانی شتێکی شیاو و مومکین نەبوو کە ململانێ وروژێنەرەکانی نێوان هەردوو مەزهەبی گەورەی وڵات بەش بەشیان کردبوو ،واتە مەزهەبی کاتولیکی پاپایی و مەزهەبی پڕۆتستانتی لۆسەری ،لەڕاستیشدا ئەو بەیەک بوونەوەی ئەڵمانیا نەهاتەدی تاساڵی 1871لەسەر دەستی بسمارک واتە حەفتا ساڵ پاش مردنی کانت و 40ساڵیش دوای مردنی هیگڵ بەتەواوی .ئەوە نەهاتەدی تاکو ئەو دەمەی ڕۆشنگەرایی بااڵدەست بوو بەسەر عەقڵەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و عەقڵییەتی کۆن و دەمارگیریە تایفگەرا بەرتەسکەکانی لەناوبرد ،ئەوەش لە قازانج و بەرژەوەندی یەک دەمارگیریدا،کە دەمارگیری نیشتمانی ئەڵمانی بوو کە ئامیزیشی جێگای هەمووانی تێدا دەبۆوە .چ ئەنجامگیرییەک بەدەست دەهێنم لە هەموو ئەوەی باسکرا ؟ دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە پێیوایە ڕیفۆرمی هزر کەوتە پێش ڕیفۆرمی سیاسییەوە نەک بە پێچەوانەوە .بەو مەعنایەی کە ئەگەر کانت و فیختە و هیگڵ و ئەوانی تر نەبوونایە بسمارکیش نەدەبوو ، ئەگەر هزری ڕۆشنگەرا نەبێ سیاسەتی ڕۆشنگەراش بوونی نابێ .سەرم سوڕدەمێنی بۆچی ئەو هەموو پشتگوێ خستن و فەرامۆشکردنە هەیە بۆ ڕۆڵی هزری ڕۆشنگەرایی لە بەهاری عەرەبی دا ! ئایا غیابی ئەوە نائومێدکار و هیوا بڕ نییە؟ ئایا دادگایی کردنی عادل ئیمام جێگای نیگەرانی نییە ؟ئایا دەکرێ دەوڵەتێکی مەدەنی بە بیروهزری سەدەکانی ناوەڕاست دابمەزرێنین، واتە بەبێ وازهێنان لە بیروباوەڕی تەکفیری و دادگاکانی لێکۆڵینەوە کە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان ڕاوەدوو دەنێت ؟ من وەکو کەسایەتی خۆم پێموایە بەبێ دەمارگیریدا،کە دەمارگیری نیشتمانی ئەڵمانی بوو کە ئامیزیشی جێگای هەمووانی تێدا دەبۆوە .چ ئەنجامگیرییەک بەدەست دەهێنم لە هەموو ئەوەی باسکرا ؟ دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە پێیوایە ڕیفۆرمی هزر کەوتە پێش ڕیفۆرمی سیاسییەوە نەک بە پێچەوانەوە .بەو مەعنایەی کە ئەگەر کانت و فیختە و هیگڵ و ئەوانی تر نەبوونایە بسمارکیش نەدەبوو ، ئەگەر هزری ڕۆشنگەرا نەبێ سیاسەتی ڕۆشنگەراش بوونی نابێ .سەرم سوڕدەمێنی بۆچی ئەو هەموو

و: هاوڕێ ڕەشید



رێکخراوی حامورابی: زیاتر لە یەک ملیۆن کریستییان عێراقییان بەجێهێشتووە

تاوەکو ئێستا 160 کڵێسا و دێر و گۆڕستانی تایبەت بە کریستانەکان وێرانکراون و سوتێندراون

لویس مەرقوس:

کریستییانەکان لە عێراق هەست بە ئارامیی ناکەن و هۆکاریش بۆ ئەمە زۆرن

ئێزدییەکان 100هەزار رۆڵەی خۆیان لەدەستداوە و لە پاش داعش کەمتر لە 40لەسەدی کریستییانەکان چوونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. سەبارەت بە ئامارەکانی بەردەست سەبارەت بە کۆچکردنی پێکهاتە و کەمینەکانی عێراق بۆ دەرەوە و ئایا مەترسی ئەوە هەیە عێراق ئیدی ئەوان لەدەست بدات، جێگری سەرۆکی رێکخراوی حامورابی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لویس مەرقوس ئەیوب رایدەگەیەنێت: پێکهاتەی ئێزیدی زیاتر لە 100هەزار رۆڵەی خۆیان لەدەست دا بەهۆی کۆچکردنییانەوە بۆ دەرەوەی عێراق، ئەگەری زۆربوونی هەیە ئەو ژمارەیە زیادبکات، لەکاتێکدا کریستییانەکان ژمارەیەکی زیاتر لەو ژمارەیان لەدەستداوە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە رێژەی ئەو کەسانەی کە لەدوای کۆتڕۆڵکردنەوەی شارەکان و دەرپەڕاندنی چەکدارانی داعش لەنێویاندا گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان نزیک بە40 لەسەد دەبێت ئەگەر زۆرترین رێژە بڵێین، هەرچی سابیئەی مەندابییەکانە ئەوا کەمترلە پێنج هەزار کەسییان لە عێراق ماونەتەوە و بەسەر شار و پارێزگاکاندا دابەش بوون.

هەروەها گوتیشی: مەترسییەکی گەورە و نیگەرانییەکی زۆر و روون هەیە لەوەی عێراق لە پێکهاتەکان بەتاڵ بکرێتەوە و وای لێ بێت ئیدی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکەی لەدەستبدات.

لویس مەرقوس لە دریژەی قسەکانیدا تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی کۆچی رۆڵەی پێکهاتەکان لە عێراق و بەتایبەت باس لە بەجێهێشتنی عێراق لە لایەن کریستییانەکان دەکات و لەوبارەیەوە راشیدگەیەنێت "هۆکاری کۆچکردنی رۆڵەی پێکهاتەکان زۆر و زەوەندن لەنێویاندا بوونی تووندوتیژیی چەکداری لەدژییان و زۆر جار رۆڵەی پێکهاتەکان رووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەی گەورە دەبنەوە لە لایەن گرووپە تووندوتیژکارەکانەوە، هەروەها خراپی بارودۆخی ئابووری و نەبوونی هەلی کار لە ناوچەکانییاندا هۆکارێکی دیکەیە، ئەوە لەپاڵ نەبوونی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا بە هۆی گرووپەکانی فشار و نەبوونی دەرفەتی یەکسان لە بە ئەنجام گەیاندنی رێوڕەسمە ئایینی و سروتەکان.

ئەو بەرپرسەی رێکخراوی حامورابی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێراق کە بایەخ بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە وڵات دەدات هۆکاری دیکەش بۆ کۆچکردنی رۆڵەکانی پێکهاتە و کەمینەکان لە عێراق دەهێنێتەوە و ڕوونی دەکاتەوە "هۆکاری دیکەش هەن بۆ کۆچی رۆڵەی پێکهاتەکان بۆ دەرەوەی عێراق لەنێویاندا دەستدرێژیکردنە سەر چەندین پەرستگە و شوێنی پەرستش یان هیچ نەبێت شوێنەکان گەمارۆدراون و ئەمەش وایکردووە چەندین کڵێسای کریستیانەکان دابخرێن. لە شوێنێکی وەکو بەغدا بە نموونە تا ئێستا شەش کڵێسا بەم هۆکارە داخراون، هەروەها لە مووسڵ چەندین کڵێسا ڕووخێندراون و سوتێندراون، تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو کڵێسا و دێر و گۆڕستانانەی تایبەت بە کریستانەکان و وێرانکراون و سوتێندراون دەگاتە 160کڵێسا و دێر و گۆڕستان، هەروەها هۆکاری دیکەش لەوانە هەڵکشانی تووندڕەویی ئایینی بەگشتی و لێدان لە بەرژەوەندیی کەمینەکان، لەگەڵ بوونی جیاکاریی نێگەتیڤ بەرامبەریان لە وەزیفە حکوومییەکان و لابردنی ئەوانەی پۆستییان هەیە".

لەدرێژەی قسەکانیدا جێگری سەرۆکی رێکخراوی حامورابی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لویس مەرقوس ئەیوب تیشک دەخاتە سەر کۆچکردنی پێکهاتەی کریستییان لە عێراق و لەوبارەیەوە رایدەگەیەنێت: کریستییانەکان ژمارەیان لەسەروو یەک ملیۆن و500 هەزار کەس دەبوون لە پێش ڕووخانی رژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ؟ 2003بەڵام ئێستا ژمارەیان دەگاتە نزیک بە 400هەزار کەس، بەڵام نیگەرانی و ترس لەدڵی ئەوانەدایە کە ماون و هێشتا دوودڵن لە بارودۆخی خۆیان، چونکە هیچ ستراتیجییەتێکی نیشتمانیی ڕوون نییە بۆ پاراستنی فرەیی لە عێراق و مەترسیی هەڕەشە لە ژیانی ڕۆڵەی پێکهاتەکان دەکات.

لویس مەرقوس دەشڵێت: کریستییانەکان لە عێراق هەست بە ئارامیی ناکەن و هۆکاریش بۆ ئەمە زۆرن لەوانە مومارەسەکردنی جیاکاریی ڕەگەزی لەگەڵ کەمینە و پێکهاتە ئایینییە نا موسڵمانەکان بە هۆی ئەو یاسایانەی مافەکانیان دەڕوشێنێت، لەنێویاندا یاسای ژمارەی 3ی کۆتوبڕی خۆراک کە لە ساڵی2016 دەرچووە لە مادەی 26یدا باس لە بە موسڵمانبوونی ئەو منداڵانە دەکات کە هێشتا نەگەیشتوون بە تەمەنی18 ساڵی ئەگەر یەکێک لە باوک یان دایکییان ببنە موسڵمان، ئەوە جگە لە ڕێگەپێدان بە موسڵمانبوونی نا موسڵمان و ڕێگەنەدان بە موسڵمان بە گۆڕینی ئایینەکەی بۆ ئایینی دیکە، ئەوە سەرباری یاسای داهاتی شارەوانییەکان و لە مادەی 14یدا باس لە قەدەغەکردنی هێنان و دروستکردن و فرۆشتنی جۆرەکانییەوە، هەروەها چەندین یاسا و بڕگەی دیکە.

لە دریژەی قسەکانیدا مەرقوس ئاوچەکانی کریستییان نشین و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە لە دەشتی نەینەوا و لە ناوچە جێناکۆکەکان کە وا دەکات بەردەوام ئەم ناوچانە لەبەردەم شڵەژانی بەردەوام بێت لە نێوان بەغدا و هەولێر و ئەمەش هانی بوونی گەشەپێدانی وەبەرهێنان نادات لەم ناوچانە، ئەوە جگە لە نەبوونی بەشداریی ڕاستەقینەی کریستییانەکان و پێکهاتەکانی دیکە لە دروستکردنی بڕیار، بڵاوەکردنی چەکی ناڕێکخراو، گرنگی پێنەدانی حکوومەت بە ناوچە کریستییانەکان و ناوچەی پێکهاتەکان و نەبوونی قەرەبووی حکوومەت بۆ پێکهاتەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانییان، هەروەها لە پاڵ بوونی گۆڕینی دیمۆگرافی پەیڕەوکراو بەپێی بەرنامە بەتایبەت لە دەشتی نەینەوە.

لە کۆتایی قسەکانیدا ئەو بەرپرسەی ڕێکخراوی حامورابی ڕەخنەی ئەوەی گرت کە لە ئەنجوومەنی نوێنەران و پارێزگاکان کورسیی کریستییان و پێکهاتەکان لە لایەن حزبە گەورەکانەوە قۆرخ دەکرێت و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن و ئەمەش یەکێکە لە خراپییەکانی بەکارهێنانی پێکهاتەکان.



گەڕانەوە لە پەراوێزەوە بۆ دەق

"پرۆسەی مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوە و دەوڵەت"



شاهۆ حوسێنی

پێشەکی:

زێدە لە سەدەیەک دەبێت کە ناسیونالیزمی کوردی وەک ئایدۆلۆژێکی سیاسی هارمۆنی بەخشی بزاڤەکانی کوردە، سەرەتا کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان و دوایی حیزبەکانی کوردی. دەشێ بگوترێت کە ناسیونالیزم یەکەم دەسکەوتی کورد لە تەماس لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسییە بۆ بنیادنانی خودێکی سەربەخۆ و پاراستنی ئەو، بەڵام بەبێ ناسین و شرۆڤەی ناسیونالیزمی سەرچاوە کە ناسیونالیزمی ڕۆژئاواییە تیشک خستنە سەر ناسیونالیزمی کوردی و شرۆڤەی ئانتۆلۆژی ئەو کارێکی ئەستەمە.

پرۆسەی مێژوویی نەتەوەسازی لە ڕۆژئاوا:

تۆڕژەرانی بواری هزر و فەلسەفە دێکارت وەک خاڵی دەسپێکی هزری فەلسەفی مۆدێرن پێناسە دەکەن بەو هۆیەی کە بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئیسکۆلاستیکی کە مرۆڤ ئۆبژەی ئایین و بنیادنراو و پێناسەکەر لەلایەن ئایینەوە بوو، لە فەلسەفەی مۆدێرن و بە دێکارتەوە مرۆڤ بوو بە تەوەرە و ناوەندی هزر و ئەندێشەی فەلسەفی، واتە مرۆڤ بوو بە سوبژە و بکەری سەربەخۆ و خۆبنیادنەر و ئەوەش لەتەنیشت ڕاسیونالیزم کە شەرعییەتدەری متمانە بە عەقڵی مرۆڤ بوو بۆ پێناسەکردنی خود و جیهانی دەرەوەی خۆی، مرۆڤی گەڕاندەوە ناوەندی زانست و هزر و ئەندێشە، بەجۆرێ کە ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕییە لە ئاستی ئابووری بۆ وێنە بەرهەمهێنی دوو ئەندێشەی لیبرالیزم و مارکسیسزم بوو کە ئەگەرچی دژ بەیەک بوون بەڵام شەرعییەتی سوبژە و ڕەوتی سۆبژێکتیویزم خاڵی هاوبەشیان بوو، بەجۆرێ کە هەر دوو ئایدە پێداگریان دەکرد لە سەر سوبژە بوونی مرۆڤ ولەئاستی سیاسیشدا بەدی هاتنی نەتەوە بەمانای کۆگشتییەک لە تاکەکان کە بەپێی بڕیارێکی کۆمەڵایەتی، ئیرادی و ئاگایانە لەلایەن سوبژە سەربەخۆکانەوە بۆ پەڕەی بەختەوەری و پێشکەوتی سوبژەکان سەربەهەڵدا و لەدرێژەشدا سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنی دێموکراتیک، فۆرماسیۆنێکی حکوومی نوێی پێکهاتو لە پێکهاتە جۆراوجۆرەکان بەمانای شەرعییەتی پلۆرالیزم، دێموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی کە کاکڵ و ناوەڕۆکی هەموویان شەرعییەتی تاک وەک سوبژەی سەربەخۆ و خۆبنیادنەر بوو، بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی زیاتر خستە خزمەتی پەرە و گەشەی سۆبژێکتویزم. بێ گومان ئەساس و بنەمای هەموو ئەوانەش بوونی مرۆڤی ئاگای خاوەن هزر و مەعریفە بوو، مرۆڤێک کە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خۆ، سروشت و جیهان، دەستی کرد بە ناسین، پێناسەکردن و فام کردن، بۆیەش ئانتۆلۆژی دەس پێک و سەرەتای هزر و ئەندێشەی فەلسەفیە کە ئاماژەیەکە بە حەول و کۆششی سەرەتایی مرۆڤ بۆ فامکردنی خۆ، سروشت و جیهان و داڕشتنی فۆرمێک و جۆرێک لەپێوەندی لەنێوان ئەو کاراکتێرانەدا. بە کورتی دەشێ بگوترێت کە کۆششی ئانتۆلۆژیکی مرۆڤ لەمەڕ فام و ناسینی خۆی، سروشت و جیهان، لەگەڵ ئەوەدا بنیادنەری فۆرمێک لە پێوەندی وتەعامولی تاکەکان لەگەڵ یەکتر لەچوارچێوەی بنەماڵە و دوایی عەشیرە و کۆمەڵگا بچوکەکان و لەسەردەمی مۆدێرنیش لەچوارچێوەی نەتەوەدا بوو، لەهەمان کاتیشا بەمانای شەرعییەت و قەبوڵی سوبژە، خوینیادنەر و سەربەخۆ بوونی مرۆڤەکان بوو، ئیتر دوایی لەدرێژەدا بەردبەرە کە کۆمەڵگاکان زیاتر کۆنکرێت دەکرێن لەلایەن ئەندامەکانیێوە، بۆ پاراستنی نەزم و یەکگرتووی زیاتر بۆ وێنە هێزی نیزامی پاریزەر، ئاڵا وەک ڕەنگدانەوەی هێمای زەینی و ڕواڵەتی سوبژەکانی پێک هێنەری کۆمەڵگا لەتەنیشت نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵایەتی وەک کەرەسەی پاراستنی یەکگرتووی و لێک گرێدەرەوەی سوبژەکان بنیاددەنرێن.

کورد و ڕەوتی نەتەوەیی بوون:

جوگرافیای شاخاوی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا تایبەت مەندێکی سرووشتی گرینگ بوە بۆ دابڕاندنی سرووشتی کوردەکان و ئەستەم کردنی پێوەندی نێوان کوردەکان بۆ لێک نزیک بوونەوە و کۆبوونەوە وەک کۆگشتیەکی گەورە، لەهەمان کاتا بەربەستێکی گرینگ بوو بۆ بەدی هاتنی زیان مسۆگەر و نیشتەجیبی، پەرە گرتنی کشت و کاڵ، بازرگانی، نیشتەجێ بوون لە فۆرمی کلاسیک لەناو قەڵای فیئۆدالەکان و دوایی شارنشینی، پەرە گرتنی خوێندەواری، زانست و ئەندێشە، سیستمی حوکمرانی دائیمی و بوروکراسی حکومی و ئیداری ئەو جۆرەی لەکۆمەڵگاکانی نیشتەجێی دەشتەکان دەبنیدرا.

لەڕاستیدا جوگرافیای کوردستان بەرهەمهێنی کۆمەڵگەی عەشیرەیی و بچووک بوو کە دوو تایبەتمەندی گرینگی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە ئاژەڵداری و کۆچەری بوون بوو، هەر ئەوەش وەهای کرد کە هیچ کات ئەو جۆرەی لەناو کۆمەڵگاکانی تری نیشتەجێی دەشتەکان زانست و ئەندێشە و پێشکەوت وەک زەرووڕەتی ژیان بەدی نەیەت، لەوەها دۆخێک دا کورد ڕوو بەڕووی بەردەوامی هێرشی ئیمپراتۆرێکان و دەسەڵاتە هیژمۆنەکان دەبێتەوە بەرە بەرە دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و حوکمی ئەوی تریکی غەیرە کورد، کە هەم سیستمی حوکمرانی و ئەرتەشی دائیمی هەیە و هەم سیستم و نیزامی فکری و ئەندێشەیی تایبەت واتە ئێپیستمە کە وەک سوبژەیەکی هیژمۆن کورد دەکات ئۆبژەی خۆی، واتە کورد لە ناوەڕۆکێکی لۆکاڵی بەتاڵ دەکات، ئەو سوبژی هێژمۆنە هەم ئیمپراتورەکانی ئیتنیکی وەک فارس، تورک و عەرەب بوون و هەم ئیمپراتوری ئیسلامی کە هەر کامە لە دەلاقەی ئێپیستمە و ئایدەی خۆیان ڕا پێناسەی خۆیان لەمەر کورد وەک ئەوی تری خۆیان بەسەر کوردا دەسەپاند، هەر بەو دۆخ و وەزعەشەوە کورد بەسەر ئاڵوگۆڕێکانی جیهان لە سەدەی بیستا دەکەوێت و لەکاتێکا خاوەنی هیچ نیزامێکی هزری و مەعریفی لۆکاڵی و کوردانە واتە ئێپیستمە نیە، دەکەوێتە ناو گەمەی سیاسی و نیزامی زلهێزەکان. لە وەها دۆخێک دا و لە پاش شەری یەکەمی جیهانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەغیابی نیشتیمانێک بۆ کوردان دادەڕێژرێت.

کورد لەکاتیکا هیچ ئامادەکاریکی هزری و مەعریفی نەکردووە هەر لەو سەردەمشدا لەگەڵ مۆدێرنیتە ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەش تەنیا خۆی لە قەوارەی فۆرمێکی نیزامیدا دەبینیتەوە بۆ بەرەپرج دانەوەی ئەمپریالیزمی نیزامی ئەو دەسەڵاتانەی کە بەسەر کوردا حکوومەت دەکەن، بۆیەش لەژێر کارتێکەری کلتووری ئۆرتۆدۆکسی کە لە سۆڤییەت لەناو ئایدۆلۆژی لێنینیزمدا مەفسەل بەندی کرابوو، کورد دوور دەبێتەوە لەڕەوت و نۆرمی ڕۆژئاوایی نەتەوە سازی.

بێ گومان ئەرکی بیرمەند و ڕۆناک بیری کور لەتەنیشت داڕشتنی تەرحێکی زەینی و لۆکاڵی لە سوبژەی کورد وەک دەقی خەباتی سیاسی و کاکڵی پرۆسەی نەتەوە سازی، پەرەی ئاگایی زەینی و ئەندێشەیی تاک و کۆمەڵگای کوردی و بەرهەم هێنانی نیزامێکی هزری و مەعریفی واتە ئێپیستمەیەکی لۆکاڵی لەسەر ئاساسی تایبەت مەندێکانی سرووشتی، کۆمەڵایەتی و کلتووری خۆی لەدابڕێژێت و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسێکان لەسەر بنەمای ئەو هزر و مەعریفە لۆکاڵیە وەک سەرخان دابڕێژێت و هێماکان کە ڕەنگدانەوەی ئەو هزر و ئەندێشە لۆکاڵیانەیە وەک ویست و خواستی ڕاستەقینە و نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردی، وەک ڕایەڵێکی لێک گرێدەرەوە و هارمۆنی بەخش بێنە ئاراوەو لەهەمان کاتیشا جۆری پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوی تری غەیرە کورد فۆرمولە بکات. بە کورتی دەشێ بگوترێت کە هەتا ئێپیستمەیەکی لۆکاڵی و کوردانە لە ناو کۆمەڵگای کوردی وەک نیزامی هزری و مەعریفی تاکەکان سەر هەڵنەدات، ڕەوتی نەتەوە سازێکی خۆبنیادنەرانە لەلایەن کۆگشتی سوبژەی کوردی و جێگای متمانە و ڕەزامەندی هەموو کۆمەڵگا ئەستەمە بتوانێت لێک گرێ دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی بێت.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
پێنجشەممە 2019/1/3 ژمارە (5664)
خەبات

عەبدولڕەحمان ئاپۆ: باوەڕی گەورەمان بە پاڵپشتی و بڕیاری سەرۆک بارزانی هەیە بۆ میللەتی مە لە ڕۆژئاوا



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی بە ئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارچەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە عەبدولرحمان ئاپۆ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا و ژمارەیەک ئەندامانی پارتی دیموکرات لە سووریا کرد. لە دیدارێکدا شاندی میوان ڕەوشی سیاسی و بارودۆخی ڕۆژئاواوی کوردستان و دواپێشهات و ڕووداو و گرفتە سیاسییەکانی نێوخۆی و مەترسییەکانی سەر خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچەکەی بۆ بەرپرسی پەیوەندییەکانی خستەڕوو، هاوکات تەئکیدی کردەوە باوەڕی گەورەمان بە پاڵپشتی و هەنگاو و بڕیاری سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی گەلی کوردستان هەیە لە پاڵپشتیا بۆ میللەتی مە لە ڕۆژئاوا، هاوکات باسی لە گرتن و زیندانی خۆیان وەک عەبدولڕەحمان ئاپۆ کرد لەلایەن دەسەلاتی حزبی لە ڕۆژئاواو مامەڵەیەکی خراپ و ناتەندروستیان کردو جێگای نیگەرانیە بۆ دەسەلاتی کورد بەم شێوەیە خۆمان و منداڵ و خێزانمان دەستگیر بکەن پاشان ڕادەستی دەسەلاتی حکومەتی سوریامان بکەن تەنها لەبەر کوردایەتی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی مە لە ڕۆژئاوای کوردستانی، ئێمە مردنمان هەڵبژاردووە لەپێناو خەباتی میللەتی خۆ و پاراستنی مافەکانی گەلی خۆ سەر نەوی نەکەین، لەم بارەیەوە سوپاسیا سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی کردو تەئکیدی کردەوە ئەگەر ئەو هەنگاوانانەی سەرۆک بارزانی لە ڕێکەوتنەکانی یەک و دووی مانگی ڕابردوو بەدەست ئەم واقیعە تاڵەی بەسەر ناوچەکە داهات چێشتوە بەداخەوە نەتوانرا بەیەکگرتوویی هەموو لایەنە سیاسییەکان مافەکانی گەلی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتی لەم پارچەیەدا بەهەوڵی نێوخۆ نێودەوڵەتی بەدەست بهێنن.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە: 95 پڕۆژەی دیکەمان داوەتە وەزارەتی پلاندانان



بڕیارە ئەمساڵ ژمارەیەک پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن و بەرپرسێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش ڕوونی کردەوە، لیستێکی95 پڕۆژەییان، ئاراستەی وەزارەتی پلاندانان کردووە، لەگەڵ دەربڕینی ڕەزامەندی کاری لەسەر دەکرێت.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەیان پڕۆژەی لە هەردوو کەرتی نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوەدا بۆ ئەمساڵ ئامادە کردووە. لەبارەیەوە، زانا عوزێری، بەڕێوبەری گشتیی پلاندانانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئاشکرای کرد: وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەمساڵ، 2019 لیستی پڕۆژەکانی پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان کردووە کە خۆی لە 95 پڕۆژەدا دەبینێتەوە، هەرکاتێک ڕەزامەندییان لەسەر درا، ئەوە بەپێی توانا و هەبوونی پارەی پێویست، دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڕێوبەری گشتیی پلاندانانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ماڵپەڕی فەرمیی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: ئێستا ژمارەیەک پڕۆژە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن، لەوانەش ژمارەیەک لەو پڕۆژانە لە سنووری پارێزگای سلێمانین کە هەشت پڕۆژەیە و نۆ پڕۆژە لە دهۆک و چوار پڕۆژەی دیکەش لە سنووری پارێزگای هەولێرن، ئەوانەیشی بە هۆی قەیرانی دارایییەوە ڕاگیرابوون بەشێکیان کاریان تێدا دەکرێت و ئەوانەی ماویشن چاوەڕێی بوودجە دەکەین تا ئەوانیش دەست بەکار ببنەوە.

لەبارەی کردنەوەی تۆنێلی پیرمام، زانا عوزێر دەڵێت: پڕۆژەی تۆنێلی پیرمام یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی وەزارەت و کۆتایی هاتووە، بەڵام تەنیا سیستەمی هەواگۆڕکێی پێویستە، تیمی وەزارەت سەردانی تورکیای کردووە بۆ ئەوەی بە سیستەمێکی پێشکەوتوو هەواگۆڕکێی بۆ دابین بکرێت، هەر ئەوە ماوە جیهازەکان بگەن و جێگیر بکرێن، تۆنێلی پیرمام بە ڕووی هاوواڵتیاندا دەکرێتەوە.

وەزارەتی ناوخۆ: بڕیار دراوە سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەکانی هەرێمی کوردستان دابخرێن



بەڕێوبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی دەست بە داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان بکەن، چاوەڕێی ئەو مۆڵەتە دەکەن کە بە پاڵاوگەکانیان داوە و هەر کاتێک هەر پاڵاوگەیەک مۆڵەتی تەواو بوو و دانەخرا، ڕێکاری یاسایی بەرانبەر دەگرنە بەر. د. سامی جەلال، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بڕیار دراوە سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەکانی هەرێمی کوردستان دابخرێن و، مۆڵەتی دوو مانگیش دراوە بە پاڵاوگەکان بۆ ئەوەی خۆیان دابخەن، لە ئێستایشدا چاوەڕێی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکە دەکەین بۆ ئەوەی دەست بە داخستنی پاڵاوگەکان بکەین.

د. سامی گوتیشی: لە ماوەی ڕابردوودا مۆڵەت بەو کۆمپانیایانە دراوە و زۆری نەماوە تەواو بێت، هەر کاتێکیش مۆڵەتەکە تەواو بوو و دایاننەخست، ئەوکات ڕێکاری یاسایی دەگرینە بەر و دەست بە داخستنی پاڵاوگەکان دەکەین، چونکە بڕیاری لێ دراوە و ناکرێت بە هیچ شێوەیەک ئەو پاڵاوگانە لە هەرێمی کوردستاندا هەبن.

بەپێی ئامارێک، لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی200 پاڵاوگەی نایاسایی هەن، ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاری داوە کە سەرجەم پاڵاوگە نایاساییەکان دابخرێن.

زیاتر لە مەترێک بەفر لە گوندی بناقی باریوە

گوندی بناقێی سەربە ناحییەی کانی ماسێ لە سنووری پارێزگای دهۆک 140 سانتیمەتر بەفر باریوە. سەربەست ئاکرەی، بەڕێوبەری ناحییەی کانی ماسێ سەر بە پارێزگای دهۆک ڕاگەیاند بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفرباریناەی کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش پارێزگای دهۆک کردووە، ڕێگای زۆربەی گوندەکانی ناحییەی کانی ماسێ گیراوە و زۆر بە گران هاتوچۆی تێدا دەکرێت. وتیشی: لەماوەی 24کاتژمێری ڕابردوودا لە سەنتەری ناحییەی کانی ماسێ 85سم، لە دەروازەی سنوری سەرزێرێ 130 سم، لە گوندی بناقی 140 سم، لە گوندی مایێ 90 سم بەفرباریوە. بەڕێوبەری ناحییەی کانی ماسێ ئەوەشی خستەڕوو: هەر لەبەر ئەوەشە تیمەکانی ڕامالینی بەفر دەستیان کردووە بە پاککردنەوەی ڕێگاکان و ڕامالینی بەفرەکە، بەتایبەتی لە دەروازەی سەرزێری و بێگوڤا، بۆ ئەوەی کێشەی هاتوچۆی هاوواڵتیان چارەسەر ببێت.

هاتووچۆی هەولێر و سلێمانی و سۆران ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2018یان بڵاوکردەوە







خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: موقەدەم فازڵ حاجی گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕونیکردەوە: لەساڵی 2018 زیاتر لە79 هەزارو 500 ئۆتومبێل هاتۆتە کوردستان، بە بەراورد بە ساڵی2017 هاوردەکردنی ئۆتومبێل زیاتربووە، بەڵام لە ساڵی 2017، 61 هەزارو700 ئۆتومبێل هاوردەکراوە. دواتر دەربارەی ئاماری ڕووداوەکانیش، گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر گوتی: لە ساڵی 2017 هەزارو354 ڕووداو تۆمارکراوە و تیایدا 219 کەسیش گیانیان لەدەستداوە و هەزارو 437 کەسیش بریندار بووە، بەڵام لەساڵی 2018 ژمارە ڕووداوەکان کەمیان کردەوە و بووەتە هەزارو348 ڕووداوی هاتووچۆ بووە. لە ئەنجامی ڕووداوەکانیش262 کەسیش گیانیان لەدەستداوەو هەزارو401 کەسیش بریندار بووین هەروەها گوتی: هەرلەساڵی 2018 دوو هەزارو 160 ئۆتومبێل و 909 ماتۆرسکیلیش دەستیان بەسەردا گیراوەو ژمارەی سەرپێچیەکانیش لەساڵی 2018 کەمتربووە بەشێوەیەک کە 287 هەزارو 906 سەرپێچی تۆمارکراوە.

هەروەها بەڕێوبەرایەتی گشتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئاماری ڕووداوەکانی هاتوچۆی لە سنووری پارێزگای سلێمانی لە میانی ساڵی2018 بڵاوکردەوە. ئاماژەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا و لە لایەن گوتەبێژی هاتوچۆی سلێمانی، کاروان محەمەد لەنا بینای بەڕێوبەرایەتیەکە خرایەڕوو.

بە گوێرەی ئامارەکە لە میانی ساڵی 2018دا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، هەزار و 11 ڕووداوی جیاجیا ڕوویانداوە، ئەو ئۆتۆمبێلانەی تووشی ڕووداوەکان هاتوون،239 ئۆتۆمبێلیان ئۆتۆمبێلی کرێ و 112 ماتۆرسکیل و32 ئۆتۆمبێلی خۆجێیی و حەوت ئۆتۆمبێلی بیانی بوون.

لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەش، 244 کەس گیانیان لەدەستداوە و سێ هەزار و 489ی تریش بریندار بوون.

بە گوێرەی ئامارەکە، پابەندنەبوونی شۆفێران بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و تێڕەڕبوونی هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکان و زۆرینەی قوربانییەکان بەو هۆیەوە بووە.

هەروەها زۆرینەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە سەرنشینەکان بوون کە ژمارەیان164 کەس بووە، 180 قوربانی لە ڕووداوەکانی دەرەوەی سەنتەری شار و بە تایبەت سنووری قەزای چەمچەماڵ، هەروەها 44 قوربانییەکەی تریش لە سەنتەری شاردا گیانیان لەدەستداوە.

گوتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی ئەوەشی گوت لە میانی ساڵی 2018دا، هێزەکانمان دەستیان بەسەر 645 ئۆتۆمبێلدا گرتووە بە سەرپێچیکردنی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ،898 شۆفێریش بە هۆی بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شۆفێری و هەزار و264 کەسی تریش بە هۆی نەبوونی مۆڵەتی شۆفێری و لێخورینی ئۆتۆمبێلەوە سزا دراون.

هەروەها دوێنێ چوارشەمە 2019/1/2 بەڕێوبەرایەتیی هاتوچۆی سۆران لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، ئاماری ساڵی 2018ی بڵاو کردەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دراوە، 116 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویان داوە، 184 کەس بەهۆیانەوە بوونەتە قوربانی، کە 28یان 156 کەسی دیکەش بریندار بوون.

بەڕێوبەرایەتیی هاتوچۆی سۆران هەر لە ئامارەکەدا ڕوونی کردووەتەوە، کە ئەو 28 کەسەی بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەست داوە، 22یان پیاون و 6یان ئافرەتن.

ئاماری ساڵی 2018ی هاتوچۆی سۆران بەمجۆرە بوو:


116 ڕووداو. 184 ژمارەی قوربانییەکان. 28 گیانلەدەستدان (22 پیاون و 6 ئافرەتن). 156 بریندار.) 115 پیاون و41 ئافرەتن). 1760 مۆڵەتی گشتی، (پیاو- 1743. ئافرەت- 17) 2095. مۆڵەتی تایبەتی، (پیاو - 1364 ئافرەت- 731). 103مۆڵەتی نێودەوڵەتی. 42 مۆڵەتی ماتۆرسکیل. 2 مۆڵەتی خاوەن پێداویستیی تایبەت. 6780 نوێکردنەوەی مۆڵەت. (نوێکردنەوەی مۆڵەتی تایبەت 2077. 4703نوێکردنەوەی مۆڵەتی گشتی). 179 ونبوونی مۆڵەت. (ونبونی مۆڵەتی تایبەت-56. ونبونی مۆڵەتی گشتی-123). تێکچوون و ڕزینی مۆڵەت-210. (تێکچوون و ڕزینی مۆڵەتی تایبەت-49. تێکچوون و ڕزینی مۆڵەتی گشتی-161). خولی خوێندەواران =37. خولی ڕاهێنانی سەر شەقام بۆ مۆڵەتی گشتی=1693. هۆبەی پشکنین بۆ سەلامەتی=8296. بەشی ئەندازە=3258. چالاکی جۆراوجۆر: 227م 2 بۆیەکردن و هێلکاری شەقام و نۆژەنکردنەوە.

ئاماری سەرپێچییەکان: ئاماری سزای سەرپێچیی جۆراوجۆر=2774. کامێرای تۆماری خێرایی=44312. سەرپێچیی بەڕێوبەرایەتیی ئاوشار=2326. سەرپێچیی تۆمارکراو لە ڕێگای 3730=sms. ئاماری قاپان بەگشتی643 پسولەی سەرپێچی کراوە.

نەخوێندەوار= 9. خولی

www.xebat.net
پێنجشەممە 2019/1/3 ژمارە (5664)
خەبات

ڕەوشی ناجێگیریی کەرکووک جێگای نیگەرانیی هەموو پێکهاتە و حزبە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانە



بەمەبەستی پیرۆزبایی لە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی گەلی تورکمان، دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری کارگێڕی پەیوەندییەکانی لقی دوو و بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی گەلی تورکمانی کردو لەلایەن عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی هاتە پێشوازی کردن. لە دیدارێکدا عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی پەیوەندییەکان و لقی دوو پیرۆزبایی 31هەمین ساڵیادی دامەزراندنی لە سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندامانی پارتەکە کرد، هاوکات بەرپرسی پەیوەندییەکان و سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان تەئکیدیان لە پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عیراقدا کرد بە تایبەتی لە قۆناغی ئێستادا کە پێویستی بە یەکگرتن و هاوکاری هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر و داعش.

مێژینەی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەلکی کوردستان کردەوە، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین گۆرانکاری و پێشهاتەکانی پێکهێنانی حکومەت لە کوردستان خرایەروو، هاوکات ڕەوشی ناجێگیری کەرکوک و بەردەوام بونی بەم شێوەیەو ڕێگای گرتنەبەری دادگا بۆ یەکلای کردنەوەی پرسەکان جێگای نیگەرانی پێکهاتەو حزبە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان و تەواوی خەلکەکەیەتی، بۆیە هەوڵەکان بۆ ئاسایی کردنەوەی هەڵگرتنی باری داگیرکاری سەربازی خۆ بەخاوەنزانینی کێشەکانی کەرکوک خرایەروو، عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان کە هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیشە هەلوێستە پر نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتی جێگای ستایشی ئێمە و هەموو خەلکی تێکۆشەرو نیشتمان پەروەرێکە تایبەت بەرامبەر کەرکوک و تەواوی ماف‌ەکانی پێکهاتەکان، لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی ڕۆژلی پارتی گەلی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی لە هاوکێشە سیاسیەکان وهەلوێسیان بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان تەواوی هەنگاوەکانی تریانی بەبەرزی هەڵسەنگاند.

نرخی زیاتر لە پێنج هەزار جۆری دەرمان لە هەرێمی کوردستاندا یەکخراوە



گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ، یەکخستنی نرخی دەرمان لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە و تا ئێستایش زیاتر لە هەزار هەزار جۆری دەرمان نرخەکانیان یەک خراوە.

د. خالس قادر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: یەکخستنی نرخی جۆرەکانی دەرمان بەردەوامە و تاوەکو ئێستایش نرخی زیاتر لە هەزار هەزار جۆر یەکخراوە و نزیکەی دوو هەزاریش ماون نرخەکەیان یەک بخرێت، بەردەوامیش دەبین تاوەکو هەموو جۆرەکانی دەرمان نرخەکانیان یەک دەخرێت.

قادر گوتیشی: بڕیاری دامەزراوەی دەرمانیش لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە تاوەکو بزانرێت بە چ شێوەیەک ئەو دامەزراوەیە دروست بکرێت.

دەشڵێ: کە نرخی سەرجەم جۆری دەرمان یەکخرا، ئەوکات پێویستە نرخی دەرمان لە هەموو شوێنەکان وەک یەک بێت و هەر کەسێک سەرپێچی بکات، لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرانبەریان دەگرینە بەر، هەروەها لیژنەی لێکۆڵینەوە لە بازاڕ بەردەوام چاودێری دەکات و هاوولاتیانیش شتێکی لەو جۆرەیان بینی، دەتوانن سکالا تۆمار بکەن، ئەمەیش کارێکی زۆر باشە و دەتواندرێت نرخی دەرمان کۆنترۆڵ بکرێت.

وەزارەتی تەندروستیی کوردستان و عێراق لەسەر چەندین پرسی گرنگ ڕێککەوتن

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: لە کۆبوونەوەی نێوان شاندی بالای وەزارەتی تەندروستیی کوردستان و عێراق بەسەرپەرشتی دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی هەرێم و عەلادین عەلوان وەزیری تەندروستیی عێراق باس لە چەندین پرسی گرنگ کرا و ڕێکەوتن کرا. لە هەمووی گرنگتر داننان بوو بە پشکنینەکانی کوالیتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان و کەم نەکردنەوەی بەشە دەرمانی کوردستان. لەمبارەیەوە دکتۆر خالس قادر بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی ڕونیکردەوە: لەو کۆبوونەووەیەدا چەندین پرسی گرنگ باسیان لێوەکرا بەتایبەتی پرسی درمان و کێشەی ئاوارەکان لە ڕووی تەندروستی و پشکنینی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمانی هەرێم و هەر بەپێی ڕێکەوتنی نێوانمان بۆ ئایندە، وەزارەتی تەندروستی عێراق دان دەنێت بەو پشکنینانەی کە لە کوالیتی کۆنترۆڵی کوردستان دەربارەی پرسی دەرمان ئەنجام دەدرێت لەگەڵ کەمبوونەوەی بودجەی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی عێراق بەردەوام دەبێت لەسەر ناردنی بەشە دەرمانی کوردستان.

جیاوازیی ڕێژەی بارانی ئەمساڵی شارەکانی هەرێم لەگەڵ پارسااڵ ڕاگەیاندرا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لەهەژماری تایبەتیان لەتۆڕی کۆمەلایەتی فەیس بووک ڕێژەی باران بارینی ئەم ساڵی شارەکانی هەرێم کوردستان لەگەڵ ساڵی پاری بەم شێوەیە بڵاوی کردەوە، کە بەمشێوەیە بوو: هەولێر 283 ملم بارانی زیاترە لەگەڵ پارسااڵ. سلێمانی 380 ملم بارانی زیاترە لەگەڵ پارسااڵ. دهۆک 413 ملم بارانی زیاترە لەگەڵ پارسااڵ. کەرکووک 204 ملم بارانی زیاترە لەگەڵ پارسااڵ. هەڵەبجە 356 ملم بارانی زیاترە لەگەڵ پارسااڵ.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بەڕێزان خانەوادەی مامۆستا کاکەسوار ئیبراهیم

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناسراوی دەڤەری پشدەر و مەرگە، خوالێخۆشبوو مامۆستا کاکەسوار ئیبراهیم- مان پێگەیشت. لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و سەرجەم خزم و کەسوکار و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو و خزمانی شیلانەیی دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین دوا ناخۆشی خانەوادەکەتان بێت و سەبوری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

عەلی قادر: بڕیارە بەم زووانە بایۆمەتریی دەستپێبکاتەوە




بڕیارە بەم زووانە پڕۆسەی بایۆمەتری بۆ دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەست پێبکاتەوە، بەڕێوەبەری گشتیی ئۆفیسی پاریزگای هەولێریش دەڵێ، پێویستە ئەمجارە هاوولاتیان بەشدار بن، بەپێچەوانەوە مافی دەنگدانیان نابێت.

پڕۆسەی بایۆمەتریی دەنگدەران، ساڵی ڕابردوو دەستی پێکرد و ڕێژەی بەشداری لە هەرێمی کوردستاندا بەرز بوو، بەڵام گەڕێکی دیکەی پڕۆسەکە ماوە. لەوبارەیەوە، عەلی قادر، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراق لە هەولێر ڕایگەیاند، لە ئێستادا کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی عێراق لە زۆربەی پاریزگاران ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی بایۆمەتریی دەنگدەران دەکات، ئەوەش دوای بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن.

بەڕێوەبەری گشتیی ئۆفیسی پاریزگای هەولێر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت: لە چەند ڕۆژی داہێ، پڕۆسەی بایۆمەتری لە سنووری پاریزگای هەولێر دەست پێدەکات و ژمارەیەک بنکە بە ڕووی دەنگدەراندا دەکرێنەوە، تا بتوانن خۆیانی لێ تۆمار بکەن و بەشداریی ئەو پڕۆسە گرینگە بکەن.

لەبارەی ئەو کەسانەی بایۆمەتری دەیانگرێتەوە، قادر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: پڕۆسەکە ئەمجارە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێشتر بەشداریان نەکردبوو، هەروەها ئەو دەنگدەرانەیش کە بەشداریان کردووە و کارتی کۆمسیۆنیان ون کردووە، لەگەڵ ئەوانەیش کە تەمەنیان نێستا لە ڕووی یاساییەوە گونجاوە بۆ دەنگدان، هەر دەنگدەرێکیش ئەمجارە بەشداری نەکات، هەر هەڵبژاردنێک بەڕێوە بچێت، مافی دەنگدانی نابێت.

دهۆک... باندێکی دزیکردن دەستگیرکران



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی دهۆک ئاشکرای کرد باندێکی زیکردنیان دەستگیر کردووە کە 200 هەزار دۆلاری ئەمریکی و بڕێک زێڕیان لە مالی هاوولاتییەک دزیبوو.

هێمن سلێمان دوێنێ چوارشەممە 2019/1/2 لە پرێس کۆنفراسێکدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند: ئەو باندە پاش ئەوەی ئاگادارببوون کە ئەو خێزانە لە مالێ نەبوون دەستیان داوەتە دزی لەو مالە و پاشان دەستگیرکراون و دانیان بە تاوانەکەی خۆشیاندا ناوە.

ئەو بەرپرسەی پۆلیس لە لێدوانێکدا بۆ شەفەق نیوز ڕایگەیاندووە: ئەو دزانە بڕی 200 هەزار دۆلار 20 دەفتەر دۆلار و چەند ملیۆن دینار عێراقی و بڕێک زێڕیان بردووە.

ئاماژەی بەوەش کرد: هەردوو تۆمەتبارەکە هاوولاتیی پارێزگای دهۆکن و ئەو پارە و زێڕەی کە بردوویانە لەناو قاسی بنەماڵەیەک هەر لەناو سەنتەری شاری دهۆکدا بووە و پاش دزینی بردوویانەتە چیای گارە و لەوێ شکاندوویانە و ئەو باندە ماوەیەک لەمەوبەر لە حاڵەتێکی دیکەشدا بڕێکی زۆر پارەی دیکەشیان دزیبوو.

هێمن سلێمان ڕاشیگەیاند: پاش دەستگیرکردنیان دەست بەسەر پارەکانیشدا گیراوە، بەڵام چەند ملیۆن کە پارەی عێراقی بووە خەرجیان کردووە.

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بڕینی داری دارستانەکان 30 کووڕەی خەڵووز تێکدران



دوێنێ چوارشەممە لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی کە لە هەژماری تایبەتیان لەتۆڕی کۆمەلایەتی فەیس بووک بڵاوی کردیتەوە ڕایدەگەیێنێت: بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دیاردەی خەڵوزکردن و بڕینی داری دارستانەکان مەفرەزەیەکی هاوبەش پێکهێنرا بۆ سنووری گوندەکانی دۆڵەچەوت، دۆڵە سوورو گوڵانەکان، لە ئەنجامدا توانییان زیاتر لە 30 کووڕەی خەڵوز تێکبدرێت و بڕوخێنرێت کە بە نایاسایی دروستکرابوون.

بەڕێوەبەرایەتیەکە ڕاشیدەگەیێنێت، پەڕاوێز لێکۆڵینەوە بۆ دۆسیەکە ڕێکخراوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکاری یاسایی.

هۆکاری سووتاندنی عارەبانەکەی شەقامی ئیسکان ئاشکرا دەکرێت



قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر هۆکاری سووتاندنی عارەبانەکەی شەقامی ئیسکانی ئاشکرا کرد و دەڵێت: خۆم لەوێ بووم. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر بە باسنیوزی ڕاگەیاند: شەوی 2019/1/1 خۆم لە ئیسکان بووم و کێشەکە لەگەڵ عەرەبانچییەکان نەبوو، بەڵکوو بەهۆی لێکتێنەگەیشتنێک لە نێوان خاوەنی چێشتخانەیەک و کارمەندەکانی شارەوانییەوە بوو، بەڵام دیارە هەندێک گرژی ڕووی دابوو، دواتر ئێمە ڕۆشتین چارەسەرمان کرد و دۆخەکە ئاسایی بووەوە.

لەبارەی هۆکاری سووتاندنی عارەبانەکەوە، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ئاماژەی بەوە کرد: ڕوودواوکە پەیوەندیی بە عارەبانچییەکانەوە نەبووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خاوەنی ئەو شوێنە شتومەکەکانی زیاتر هێنابووە پێش دووکانەکە، دیارە شارەوانی ڕێنمایی پێداون کە کەلوپەلەکانیان لەسەر شۆستەکان زۆر نەهێننە پێش، لەکاتی ئاگادارکردنەوەشی دیارە لێکتێنەگەیشتن ڕووی دابوو.

سااڵی ڕابردوو نزیکەی پێنج هەزار شوێنکار بەسەرکراونەتەوەو زیاتر لە 300یان سزادراون

خەبات- سەبریە یوسف: قائیمقامی کەلار ڕایدەگەیەنێت، سااڵی ڕابردوو 514 شوێنکار سزادراون، 331 سزای مادی هەبووە، 183 شوێنی دیکەش داخراون. لەو بارەیەوە شەهاب ئەحمەد قائیمقامی شارۆچکەی کەلار، دوێنێ لە پرێس کۆنفرانسێکدا کە خەبات ئامادەی بوو، ئاماری کار و چالاکییەکانی ساڵی 2018ی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی ئاشکراکرد و ڕایگەیاند:10 لیژنەی هاوبەش هەیە، کە ئەندامی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تێدایە و هەریەک بەپێی تایبەتمەندی خۆی کاردەکات. وتیشی: سااڵی ڕابردوو سەردانی 4 هەزار و 986 شوێن کراوە، کە دوکان و مارکێت و دەرمانخانە و کلینکەکان و مەڵەوانگە و فرۆشیاران و ئارایشتگەکان و کۆمەڵێک شوێنی تر بوون، لەکۆی ئەوانە 514 شوێنکار سزادراون، 331 سزای مادی بوە، 183 شوێنی دیکە بە داخستن بووە. ئاماژەی بەوەشکرد، سزاکان زیاتر بۆ ئەو شوێنانە بوون، کە مۆڵەتی کارکردنیان نییە.

باکووری کوردستان... بازاڕی کۆترفرۆشان لە ئورفا



ئەوانەی کە خولیایان بەخێوکردنی باڵندەیە لە لەشاری ئورفای باکووری کوردستان لە بازاڕێکدا کە کۆتایی هەفتە دادەمەزرێنرێت، کۆدەبنەوە. ڕۆژانی یەکشەمە لە کاپاڵی چارشی (بازاڕی قەیسەری) لە ناوچەی هاشمییە، بە تایبەت مامەڵە بە جۆرەکانی کۆترەوە، هەر لە تەقلەباز، نامەبەر و جۆرەکانی دیکە، دەکرێت. کۆترەکان بە هۆی جەوانیی و سەرنجڕاکێشییانەوە دەبنە مایەی سەرنجی ئارەزومەندانی بەخێوکردنی ئەو بااڵندانە.

ئەو بازارە کە هەر لەسەرلەبەیانی زووەوە هاوواڵتیان و ئەوانەی خولیای بەخێوکردنی بااڵندیان هەیە ڕووی تێدەکەن، خواردن و دەرمانی جۆرەکانی بااڵندەش دەفرۆشرێت. جگە لە مامەڵەکردن بە بااڵندەکانەوە، جاری وا هەیە چەندین کەس ئارەزووی کڕینی هەمان بااڵندە دەکەن و ئەوەش دێتە نێکی سەرنجڕاکێش بە بازارەکە دەبەخشێت.

لە شارەکەدا کە بەخێوکردنی کۆتر بووەتە خوو لە ڕۆژانی دیاریکراوی هەفتەدا لە "قاوەخانەی بااڵندەکان" یان "خانەی بااڵندەکان"دا بۆ جۆرە تایبەتەکانی کۆتر بازاڕ ڕێکدەخرێت. بەگشتی کاتەکانی ئێوارە ئەو کەسانەی حەزیان لە کۆترە کۆدەبنەوە و لەوێدا کۆتر دەکڕن و دەفرۆشن و زانیاریش لەبارەی بااڵندەکانەوە وەردەگرن.

مستەفا چەتین کە یەکێکە لە بەخێوکەرانی کۆتر، بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند کە ڕۆژانی یەکشەمان لەوێدا کۆدەبنەوە. چەتین باسی لەوە کرد کە لە منداڵییەوە خولیای بەخێوکردنی کۆترە و ئێستا 30 کۆترم هەیە. لە منداڵییەوە ئەم بازارە دەزانم. ئەوانەی دەیانەوێت کۆتر بکڕن و بفرۆشن بااڵندەکانیان دەهێنن بۆ ئێرە. لێرە کۆتر هەیە لە 20لیرەوە بۆ 300.لە ئورفا کە شوێنی بەخێوکردن و فرۆشتنی کۆترە، کۆتری تیایە نرخەکەی 100 هەزار لیرەیە".



قەرنابیت چ گرنگییەکی بۆ لەش هەیە؟

توانا حەسەن

قەرنابیت، بەیەکێک لەو خواردنە سوود بەخشانە دادەنرێت سوودێکی بێ وێنە بەلەشی مرۆڤ دەگەیەنێت.توێژینەوەکان ئەوەیان خستوتەڕوو کە خواردنی قەرنابیت چەندین سوودی هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ و لە چەندین نەخۆشی دەمانپارێزێت، جگە لەوەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە لە ماددەی کالسیۆم، هەروەها یارمەتیدەری لەشە بۆ ڕزگاربوون لە ماددە ژەهراوییەکان و پارێزەری لە تۆڕی چاو دەکات.توێژینەوەکان ئەوەشیان دەرخستووە کە قەرنابیت لە نەخۆشییەکانی دڵ دوورت دەکاتەوە.هاوەها یارمەتی لەش دەدات بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆل و بەرگری لەلەش دەکات دژی نەخۆشیی شێرپەنجە. هەروەها بەسوودە بۆ پاراستنی پێست لە وشکبوونەوە و تیشکی خۆر.قەرنابیت سوڕی خوێن چالاک دەکات و بڕی پێویست ئۆکسجین دەگەیەنێت بە خوێن .



هۆشیاری دەربارەی بەکارهێنانی ئیمەیل دەدرێت

بە گوێرەی ئاماری جیهانییەکان لە هەر ١٠٠ ئیمەیلێکدا ئیمەیلێکیان ساختەیە، مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیاریە کەسییەکانە. بە پێی هەواڵێکی وێبسایتی "thisismoney" هۆشیاری دەربارەی بەکارهێنانی ئیمەیڵ دەدرێت و بۆ خۆپاراستن زیاتر لە دزینی زانیاریی کەسییەکان.

بە پێی ئاماری نێودەوڵەتی پاراستنی زانیاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا نزیکەی ملیارێک ئیمەیڵ نێردراون، لەو ڕێژەیە تەنیا بەشێکی کەمی ئیمەیلەکان بێ مەبەست نێردراون و بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کەسی و ئەنجامدانی ساختەکاری نەبووە.بە پێی زانیارییەکان کێشەکان زۆر لەوە گەورەترە کە پێشبینی دەکرێت و ئەگەری هەیە ڕێژەکە بەرەو بەرزبوونەوە بچێت.دەزگاکانی پاراستنی زانیاری ڕێنمایی دەدەن کە هەرشتێکت بۆ هات لەڕێگەی ئیمەیلەوە باشترە چێکی بکەیت، چونکە ئەگەری هەموو ڕووداوێک هەیە، تەنانەت ئەگەری هەیە زیان بە کۆمپیوتەر و مۆبایل بگەیەنێت

نەخۆشی ڕەبۆ هۆکاری قەڵەویی منداڵانە



ئەنجامی توێژینەوەکان پیشانی داوە، ئەو منداڵانەی کە تووشی نەخۆشی ڕەبۆ بوونەتەوە لە مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی دان. قەڵەویی بەو هۆکارانە گرنگانە هەژمار دەکرێن کە دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی ڕەبۆ. هەروەها ئەنجامی توێژینەوە نوێیەکان پیشانی داوە کە نەخۆشی ڕەبۆ دەتوانێت کە منداڵ ڕووبەڕووی تووشبوون بە نەخۆشی قەڵەویی و زیادەکێش بکاتەوە .توێژەرانی ئەمەریکی دوای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر 21هەزار منداڵ لە 9وڵاتی ئەورووپایی لە ماوەی سێ تا چوار ساڵی ئەو نەخۆشییە ئەنجامدا . دواتر لە ماوەی 8ساڵ لە ژێر چاودێری بوون. توێژەران بۆیان دەرکەوت کە ئەو منداڵانەی کە تووشی ڕەبۆ بوونەوە بە ڕێژەی 66لەسەدا تووشی قەڵەویی ببوونەوە.بە ووتەی توێژەرانی ئەمەریکی، نەخۆشی ڕەبۆ دەبێتە هۆی چالاکیی جەستەیی منداڵ کەم بێتەوە ئەوەش دەتوانێت ڕووبەڕووی نەخۆشی قەڵەویی بکاتەوە . هەروەها کورتیکۆئیسرۆئیدەکان تایبەت بۆ هەڵمژین بۆ چارەسەری منداڵ بەکاردەهێنرێن کە ڕەنگە ببێتە هۆی تووشبوون بە قەڵەویی.

میسرییەک لەکاتی حەجکردندا شەیتانی ڕەجم نەکرد

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی ئەلئەنبائی کوەیتی یەکێک لەوتارێژەکان کە ناوی (وەجدی غەنیمە)یە چیرۆکی پیاوێکی میسری گێڕایەوە، کە لەکاتی بەجێگەیاندنی مەراسیمی حەجی ئەمساڵدا، شەیتانی ڕەجم نەکرد، هۆکارەکەشی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی تائێستا شەیتان نەهاتووەتە ڕێگەی و خراپەی بۆ نەبووەو نایەوێت لەخۆیی بڕەنجێنێت. ڕۆژنامەی ئەلئەنبائی کوەیتی نووسیویەتی، ئەو وتارێژە لەشریتێکی ڤیدیۆیدا باسی پیاوێکی میسریی دەکات کە کوڕەکانی هێنابوویان بۆ بەجێگەیاندنی مەراسیمی حەج، پیاوەکە هەموو مەراسیمەکانی حەجی بەجێگەیاند، تاگەیشتە ئەو شوێنەی کە دەبێت شەیتانی تیادا ڕەجم بکات، بەاڵم ئەو نەیکرد، سێ جار هەوڵیان لەگەڵدادا، بەاڵم ئەو هەر ڕەتیکردەوە کە شەیتان ڕەجم بکات، کاتێک کوڕەکانی لێیان پرسی بۆ باوکە ئەم کارە ناکەیت، وەاڵمدا گوتی: ئەوە تەمەنم گەیشت بە 70ساڵ، بەدرێژایی ئەو تەمەنە درێژەم تائێستا لەشیتان نزیک نەبوومەتەوەو هیچ هەڵەیەکم نەکردووە، شەیتانش نەیتوانیوە هیچ دڵکرمێ بوونێکم تیادا دروست بکات، لەبەرئەوە بەم کۆتایی تەمەنەمەوە نامەوێت ڕەجمی بکەم و لەخۆمی هارکەم.

تەنها لەسەر تەماشاکردنێک گۆبەندیان بۆ ناونەتەوە



لەکاتی بەشداری کردنی هەردوو هونەرمەند دورە زەروقی تونسی و ئەحمەد حاتەمی میسری لە فستیڤاڵی جونیەی هونەری" گوایە ئەحمەد حاتم زۆر بەشێوەی ڕۆمانسی سەیری دورەی کردوەو گفتوگۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕ کردووە" وەک لە هەواڵێکی سایتی هونەری زەهرەت خەلیج بااڵو کراوەتەوە" چەند وێنەیەکی ئەو دووو هونەرمەندە لە تۆرە کۆمەاڵیەتییەکان باڵاوکراوەتەوە گوایە چیرۆکی خۆشەویستیان لە نێواندایە. باڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هەردوو هونەرمەندی نیگەران کردووە" چونکە وەک دورە دەڵێ ئەگەر شتێک حەقیقەتی هەبێت ئاساییە" بەاڵم ئەوەی دەگوترێ تەنها پروپاگەندەیەو ئێمە بە شێوەیەکی نۆرمال سەیری یەکترمان کردووەو نەوەک وەک دەوترێ خۆشەویستیمان ئاڵوگۆڕ کردبێ.

خانمە هونەرمەندێکی تونسی بە چڕینی گۆرانی پەیامی ئازادی بۆ مرۆڤ دەنێرێت



هونەرمەندی تونسی، ئامال مسلوسی لە کۆنسێرتێکدا کە شەوی ڕابردوو لە میانی ڕۆژانەی قرتاج بەڕێوەچوو، گۆرانی بۆ ئازادی مرۆڤ مرۆڤ چڕی. ئامال مسلوسی زۆربەی گۆرانییەکانی کە شەوی شەممە لە کۆنسێرتەکەدا بۆ جەماوەرەکەی چڕیبووی، گوزارشتی شۆڕشی گەلی تونسی دەکرد کە لە ساڵی 2011دا بۆ ڕووخاندنی دەسەاڵتەکەی، زەینول عابدین بن عەلی بەڕایان کردبوو.

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی رووبەری (٥٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (١/٢) ك (١٠) سوێرێ، رێگای هەولێر- خەبات بەمەبەستی دروست کردنی (پێشانگای هاوچەرخ) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) رۆژ کە دەست پێ دەکات لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەرێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

* * *

بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی هەولێر
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
تەکنیکی- مولکایەتی- زەوی و زار
ژمارە: (١١١) ٥٤٦
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٦

جاردان

ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوەی میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری هەڵدەستێت بە جاردانی نەخشەی کەرتی لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە ١/١٦٠٥ ك ٦٤ رزگاری ژمارە (K ٣٧٠) وەرگرتووە بەمەبەستی دروستکردنی بازاری هاوچەرخ جا هەرکەسێك سکاڵا و تێبینی هەیە سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری بکات لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە.

بشیر حمید سلیمان
سەرۆکی شارەوانی رزگاری

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/شەقلاوە
ژمارەی دۆسیە/١٤/ت/٢٠٠٦
رێکەوت/٢٠١٩/١/٢

جاردان

بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقلاوە موڵکی ژمارە ٧٤١ کەرتی ١ بساتین شەقلاوە کە کەوتوەتە شەقلاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار صالح حاجی اسماعیل کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی شوان حمد مصطفی بەبڕی/ ٣٢,٨٠٧,٠٠٠ سی و دوو ملیۆن و هەشت سەدو حەوت هەزار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەندە ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی هەبێت و ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / اسماعیل اسعد اسماعیل

١ – شوێن و ژمارەی/ شەقلاوە ٧٤١ کەرتی ١ بساتین
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی نیشتەجێ بوون کۆگایەکی لەسەرە
٥ – رووبەرەکەی/٨٧٥م٢ هەشت سەدو حەفتاو پێنج مەتر دووجا
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/ نییە
٧- نیشتەجێکەی/ نییە
٨ – نرخی قرساو/ ٦٣٠,٠٠٠,٠٠٠ شەش سەدو سی ملیۆن دینار.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٤٤٤٧/ش٤/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٨/١٢/١٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەشدار معتصم رشید) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (سمیة جلال عبدالسلام) داوای ژمارە (٤٤٤٧/ش٤/٢٠١٨)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات لەسەر تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (گەرەکی گولان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١/٢٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ صباح حسن رشید

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٥٤٠٩/ش٥/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٩/١/٢

جاردان

بۆ داوالێکراو (رنج صباح فائق) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٥٤٠٩/ش٥/٢٠١٨) بڕیاریدا لەسەر جیابوونەوە بە (تفریق) بۆ تۆ و داواکار (مروە شێروان عبداللە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی راپەرین بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

* * *

دادگای بەرایی بەردەرەش

جاردان

تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی بەردەرەش
بڕیاری چەسپاندنی خانوەنداریەتی خانووبەرە

پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانووبەرەی زنجیرە (٤٦) گوندی (سرهلدان/ خیلکی) لە رێکەوتی (٢٠١٨/١٢/٢٦) وە دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەی لێی کراوە و بە پێی دەسەلاتی مادده (٤٨) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ هەموارکراو پێی داوم بریارمدا خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەرەی دیاری کراو بە ناوی (زینب رشید خضر) بچەسپێت و ئەو بریارەش بە پێی مادده (٤٩) لە یاسای ناوبراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ بلاو بکریتەوە .

دادوەر/ فرهاد سلمان حسن

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٣٧٨٠/ش٢/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٨/١٢/٢٣

جاردان

بۆ/داوالێکراو: زینب هیثم سعید/ شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار: (احمد خالد حازم) داوای ژمارە ٣٧٨٠/ش٢/٢٠١٨ی لەم دادگایە تۆمار کردووە، تیایدا داوای (المطاوعە) دەکات، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هەولێر ئۆزال ستی) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەن بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١/٧. بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/طارق حسین کریم

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٩٨/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/٢٠

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ ناصر محمد قاسم
ئاگادارکردنەوە

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٩٨/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٨/١٢/٢ دادگا بڕیاریدا بە لەسێدارەدانت تا مردن بەپێی ماددەی ١/٤٠٦/أ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٢٦٢/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٨/١٢/١٧

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ شاخوان زیاد مینە
ئاگادارکردنەوە

دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢٦٢/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٨/١٠/٣٠ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش ساڵ بەپێی ماددەی ٤٠٨ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.

سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٥٩/کفالە/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٢٤

بۆ دەستەبەری هەڵاتوو/ سۆران صباح بلال
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٠ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (١١٩) لە یاسایی (اصول) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٠١٩/ك١/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٢٤

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بشیر احمد علی
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٤ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٤٥٦) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٠١٨/ك١/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٢٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فؤاد صالح بکر
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٧ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٠٠٩/ك١/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٢٤

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ مثنی احمد محمد و فاطیمە طلاك غضیب
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٤ بە مەبەستی دادگایی کردنتان بە پێی ماددە (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٠١٦/ك١/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٨/١٢/٢٤

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ رەوەند علی محمد و کاڵێ مصطفی حسن
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە ١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٤ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٣٧٧) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٣٦١٤/ش٤/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٨/١٢/٢٣

جاردان

بۆ داوالێکراو (مازن تحسین یاسین) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٣٦١٤/ش٤/٢٠١٨) وە لەبەرواری ٢٠١٨/١٢/٢٣ دادگا بڕیاریدا بە جیابوونەوەی تۆ لە داواکار (لاڤە ولی کاکە احمد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی هەڤالان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردە گرێت.

دادوەر/ صباح حسن رشید

* * *

قایمقامیەتی قەزای سید صادق
بەرێوەبەرایەتی ناحیەی سروچك (کارگێڕی)
ژمارە / ٢٦٢
رێکەوت / ٢٠١٨/١٢/٢٦

بۆ/ فەرمانبەر (نزار عبدالله محمود)
ئاگادارکردنەوە (أخطار)

بەرێزت فەرمانبەری بەرێوەبەرایەتیمانیت بە ناونیشانی (ژمێریار) و بە فەرمانی وزاری وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٧٩٤١ لە ٢٠١٥/٨/٢٦) و فەرمانی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٥٠٣٣ لە ٢٠١٥/٨/٣٠) مۆڵەتی بێ مووچەت پێدراوە بۆ ماوەی (٣) ساڵ پێویست بوو لە (٢٠١٨/٩/١) پەیوەندی بەکارەکەتەوە بکەیت، دوای بەدواداچون بۆمان دەرکەوت کە لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە ، بۆیە پێویستە لەماوەی (٣٠) رۆژ لەبەرواری بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییەوە پەیوەندی بە کارەکەتەوە بکەیت، بە پێچەوانەوە بە پێی مادەی (٣٧ برگەی ٢ لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ساڵی ١٩٦٠) بەدەست لە کارکێشاوە (مستقل) دادەنرێیت .

رێبین عمر محمود
بەرێوەبەری ناحیەی سروچك

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٣٥٦/ج/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٥

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هاوری قادر رمضان
ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٣/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٣٢٣/ج/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٨/١١/٢٩

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رێبوار محمود حمەصالح

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٤٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بەشی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوانی راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ صالح احمد عبدالله

* * *

دادگای کەتنی دوکان
ژمارە: ٥٢/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٨/١٢/٥

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: لائقە حسن ابراهیم

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت پالپشت بە ماددەی ٢ لەیاسای ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بنگرد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٢/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ محسن صالح محمود

* * *

پارێزگای هەولێر
بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١
رێکەوت: ٢ / ١ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١)

پارێزگای هەولێر/ بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (پەرەپێدانی باخداری (دروستکردنی پەرژین بە دەوری نەمامگەی باخداری هەریر) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەرێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (سێ شەممە) رێکەوتی ٢٢ / ١ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا لەپلە ٩ کەمتر نەبێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کە ناگەرێتەوە.

نوزاد هادی مولود/ پارێزگاری هەولێر

* * *

پارێزگای هەولێر
بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٦٦
رێکەوت: ٢٧ / ١٢ / ٢٠١٨

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٤٢) بۆ جاری دووەم

پارێزگای هەولێر/ بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (پەرەپێدانی باخداری و خانووی پلاستیکی) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەرێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەك شەممە) رێکەوتی ١٣ / ١ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەت بێت بە دابینکردنی پێداویستی کشتوکاڵی و مۆڵەتی نوێکراوە بێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٧٥,٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەرێتەوە.

نوزاد هادی مولود/ پارێزگاری هەولێر

* * *

پارێزگای هەولێر
بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٦٧
رێکەوت: ٢٧ / ١٢ / ٢٠١٨

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (١٤١)

پارێزگای هەولێر/ بەرێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (هەلگرتنەوە و خاوێنکردنەوە و گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەکانی شارەوانی سەلاحەددین و گواستنەوەی زبڵ و پاشماوەکانی شارەوانی سەری بڵند لە گوندی گراو وە گواستنەوەیان بۆ زبلخانەی کانی قرژاڵە) کە (بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەرێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (یەك شەممە) رێکەوتی ٢٠ / ١ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیا تایبەتمەند بێت بە خزمەتگوزاری پاککردنەوە.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥٦,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا شەش ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٢٧٥,٠٠٠) دوو سەدو حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەرێتەوە بۆی.

نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر

* * *

دادگای مادەکان دهوك
ژمارە/ ٥٨ /م/٢٠١٨
رێکەفت/ ٢٠١٩/١/٢

راگەهاندن

بو/داوالێکراو (فوزی بدل عرب) ل دیف داخازیا داخازکەر (عالیە صالح عرب) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار تێدا داخازا (تفریق علی مادە ٤٣/اولا فقرە ٣) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەرێژارێ تاخێ ایتوت ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/١/٢٠ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگاتە پا شملی هێتە کرن

دادوەر/ شکر سلطان عدو

* * *

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/ ٤٩٦ /ب/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/١/٢

بۆ/داوالێکراو (کمال خلیل کریم)
ب/ ئاگاداری

داواکار (ناز ککو علی) داوای ژمارەی سەرەوەیان دەرهەق بە تۆ تۆمارکردووە لە بەردەم دادگاکەمان ئێستا (امینە ککو علی) داوا دەکات وەکو کەسی سێیەم لەپاڵ داواکاری ناوبراو بچێتە ناو داواکەوە وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگای دوو روژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لە بەردەم دادگاکەمان لە روژی (٢٠١٩/١/٨) کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی مادەی ١/٢١ لە یاسای دادبینی شارستانی وبەپێچەوانەوە دادگا هەلدەستیت بە دادبینی پاش ملە دەرهەق بە تۆ وەدەرکردنی بریاری پێویست بەپێ یاسا

دادوەر / خالد عثمان یوسف

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٢٩٦/ت/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/١/٢

ئاگاداری

بۆ / قەرزار (مقصود رزا دینار) رێڤەبەری کومپانیا (RECYCLY TECHNOLOGY)

لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە رێی رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی رێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (جلیل محمود حسن) کە (٧٨٠٠٠٠٠)حەفت ملیون وهەشت سەد هەزار دیناری عیراقی) یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت

جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان
روپیڤان
ژمارە: ٣/٣٢٨/٢٩/٢٩
رێکەفت: ٢٠١٩/١/٢

ئاگەهداری

نقیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ/ بەشێ نەخشێن بنیاتی و روپیڤان/ یا ژمارە (١٠٤٣٢ ل ٢٠١٨/١٢/٢٤) ئەوا ئاماژە دایە نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشە دانانا ئاڤەدانێ ل پارێزگەها دهوك یا ژمارە (٢٦٨٣) ل ٢٠١٨/١٢/١٨ سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان ئاگەهدار دکەت سەبارەت راگەهاندنا نەخشێ ژمارە ٣٣٧ب ژبەر کو بەشەك ژ نەخشێ ئاماژە پێکری پێتڤی راستڤەکرنێ یە کو لایەنێن پارچێن (ئاڤاهیێن گشتی کەسکاتی خزمەت گوزاری) هاتینە راستڤەکرن لدیف نەخشێ خانووبەری هەر وەسا دوو پارچێن خزمەتگوزاری یێن ژمارە (٣٣٨٩/١ و ٣٣٧٤/١) ك ٤٣ ئێسڤنا رۆژ ئاڤا رەگەزێ وێ هاتینە گهورین بو (پارکا راوەستاندنا ترومبێلا یا ڤەکری قوتابخانا) و دماوێ یاسایی ٣٠ سیه روژا لپەی نەخشێ روونکری یێ هاتیە ئامادەکرن ژلایێ رێڤەبەریا ناڤبری و ئەوێ نەرازیبوون لسەر هەبیت بهێتە سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان لدیف ماوەی یاسایی و ئەگەر نە دێ نەخشە هێتە پەسندکرن هیڤیدارین بهێتە ئاگەهدارکرن ل روژناما هەوەدا.

ئەندازیار / خالد نرمو زیدو
سەروکێ باژێرڤانیا شێخان

* * *

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ رێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٢٦٥٢
رێکەفت: ٢٠١٨/١٢/٢٧

ئاگەهداری

پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (نیژەنکرنا قوتابخانێن پەروەردە دهوك روژهەلات گروپ A (بەرزی جگەرخوێن- حمرین- مهاباد- میدیا- ئاراراتت- مەمێ ئالان- گردمند- بەرێ بهار- حوجاڤا- تاڤا- اکد) (٩٣) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانیێن بیناسازی ژ پلە ٢ تا ٩.

ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیهایەك ژڤان بو کرینا تەندەران ٢٠١٩/١/١٠.

بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/١/١٣)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جه: دیوانا پارێزگەهێ

عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ

* * *

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ رێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٢٦٥٣
رێکەفت: ٢٠١٨/١٢/٢٧

ئاگەهداری

پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (نیژەنکرنا قوتابخانێن پەروەردە دهوك روژئاڤا گروپ B (صادق بهاء الدین- جارستین- پیرەو- رەوشەن- سەروك- زاگروس- باغچی بشکوژ- باغچی کەبر- ئەڤرو- باغچی دهوك- ریباز) (٩٤) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانیێن بیناسازی ژ پلە ٢ تا ٩.

ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیهایەك ژڤان بو کرینا تەندەران ٢٠١٩/١/١٠.

بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/١/١٣)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جه: دیوانا پارێزگەهێ

عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ

* * *

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ رێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٢٦٥٦
رێکەفت: ٢٠١٨/١٢/٢٧

ئاگەهداری

پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا کەرەستێن یەدەگ بو سەخبێرکرنا پەمپێن سەمبیر سیبل (المضخات الغاطسة) (٩٥) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانیێن تایبەتمەند دڤی بواری دا.

ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیهایەك ژڤان بو کرینا تەندەران ٢٠١٩/١/١٠.

بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/١/١٣)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جه: دیوانا پارێزگەهێ

عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگارێ دهوکێ

هایکۆکانی حەوا لەیلا...

مامۆستا رەوەند

هایکۆ کە فۆرمێکی ژاپۆنییە و ئەوانەی لەسەر دەستایان ئەم ژانرە زیاتر پەرەی پێدرا؛ (((ماتسو باشو)ە، بە یەکێک لە ناودارترین شاعیرەکانی ژاپۆن دەژمێردرێت و یارمەتییەکەی لە کۆتاییەکانی 1600ـدا بووە. ئەوی دیکەیان (ماسۆکا شیکی)ە، کە لە سەدەکانی نۆزدەیەمدا درێژەی بە هەوڵەکانی باشو دا.))، ئەوان؛ سەرەڕای ئەوەی بوونە قوتابخانەیەک بۆ ئەوانەی دوای خۆیان هاتن، بەڵام لەبەرئەوەی جۆرێک لە مەرجی وشکیان بۆ هایکۆ دانا، ئەو شاعیرانەی خۆیان لەم ژانرە دا بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بۆیە شاعیرە غەیرە ژاپۆنییەکان زۆر پابەندی ئەم رێسایانە نەبوویێن، لەپێناو زیاترکردنی بەرهەمی ئەم فۆرمەی شیعر.



لەوانە: ((شاعیرە ناودارەکانی شیعری هایکۆ لە ئەمریکادا ئەم کەسانەن: جاک کیرواک، ئەلبێرت سایگۆ و لیو وێلک. لە ماوەی گەشتکردنیان لە سان فرانسیسکۆوە بۆ نیویۆرک لە سالّی 1959ـدا شیعری هایکۆیان نووسیوە سەبارەت بە گەشتەکەیان؛ هەروەها ئالن گینسبێرگ شاعیرێکی ئەمریکییە کە زنجیرەیەک هایکۆی نووسیوە. شاعیرێکی ناوداری ئەفریقی بە ناوی ڕیچارد رایت هەزارەها شیعری هایکۆی نووسیوە و زۆربینەی بڵاو نەکردونەتەوە.)) ..

ئەو کەم گۆڕانکارییەی کردیان خۆی لە ڕوخساری شیعرەکە دەبینییەوە، هەرچی شاعیرە ژاپۆنییەکانن کێشی شیعرەکەیان بە "پێنج ژ حەوت ژ پێنج "داناوە، بەڵام ئەم شاعیرانە هاتن دەستکارییان کرد بەجۆرێ برگەکان لەنێوان هەشت بۆ دوانزە لە هاتوچۆدابوو. بەمەش توانیان خزمەتێکی زیاتر بەم جۆرەی بەرهەمی ئەدەبی بکەن. لە هایکۆدا؛ زمان دەورێکی بەڵای هەیە، چونکە شاعیر دەبێت بە کەمترین وشە، جوانترین وێنە و زۆرترین مانا و تەوای بیری خۆی کۆبکاتەوە. بەمەش پێویستە خاوەن خوێندنەوەیەکی زۆربێت و لەهەموو جۆرێکی نوسراو بخوێنێتەوە، تا بتوانێت بێبڕێتە خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو وێنەشیعرییە دەیکێشێ لە چاوڕێتەوەی هایکۆیەک. هەر هایکۆیەک؛ وێنەیەک نیشان دەدات، زوومکردنی دیاردەکانی دەوروبەر، لەڕێگەی بینینەوە دەبێت و بە وشە ڕەنگێکی دیکەی بە بەردا دەکرێت. سروشت؛ سەرچاوەیەکی گرنگی هایکۆیە و دواتریش ڕووداو و شتەکان.

موزیک؛ ڕیتمێکی کورتە و بە سوکی بەگوێ دەکەوێت، لەشێوەی یەک تۆن. ئەوەی لەهەموان گرنگترە ئەوەیە کە لەهایکۆ شاعیر دەبێ جۆرێک لە (کرتاندن) ڕەچاوبکات، واتا کورتبڕی بناغەی ئەم ژانرەیە، ئەگەر ڕوونتر بدوێین؛ شاعیر لە چەند وشەیەکی هاوواتا دەبێ تەنها یەکیان هەڵبژێرێ، ئەویش ئەو وشەیەی ئاسانترە لەبەر چاو و بەرگوێی خوێنەر و بیسەر، واتا شاعیر دەبێ جۆرێک لە فرتوفێڵ بەکاربێنێت، هەڵبەت فرتوفێڵێکی جوان! هایکۆ جۆرێکە لە شیعری کورت کە 17برگە لە خۆ دەگرێت و لە 3دێڕی بێ کێش و سەروا پێک دێت. دێڕی یەکەم و سێیەم هەریەکەیان لە 5برگە پێک دێن.

ئەم جۆرە لە شیعر دوو وێنەی ڕوون لە دەقی شیعرەکەدا دروست دەکات کە پەیوەندییان بە ناونیشانەکەوە هەیە. بە پێی نەریتی ژاپۆنی، هەر هایکۆیەک بە شێوەیەکی شازدەیەمدا ناسراوتر بوو، هەروەها فەرەنسییەکان یەکەم کەس بوون لەوەی کە ئەم جۆرەی شیعر بخوێننەوە و بیناسنەوە.

هایکۆ لە بناغەدا وەک ژانرێکی شیعری ئازاد نەناسربوو، چونکە درێژەپێدەری جۆرێکی دیکەی ژانری شیعری ژاپۆنی بوو کە پێی دەگوترا ڕێنگا و پێک هاتبوو لە هۆکۆ کە هۆکۆیەندی دەستپێکی شیعری ڕێنگا بوو، ئێستا لە دوای چەندین چاکسازی و گۆڕانکاری پێی دەگوترێت هایکۆ. لە ماوەی سەدەی بیستەم شیعری هایکۆ لە ناو کەلتوورەکانی خۆرئاوادا ناسرا، بەتایبەت لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمیش لە باکووری ئەمریکادا. شاعیرە ناودارەکانی شیعری هایکۆ لە ئەمریکادا ئەم کەسانەن: جاک کیرواک،ئەلبێرت سایگۆ و لیو وێلک.

لە ماوەی گەشتکردنیان لە سان فرانسیسکۆوە بۆ نیویۆرک لە سالّی 1959ـدا شیعری هایکۆیان نووسیوە سەبارەت بە گەشتەکەیان؛ هەروەها ئالن گینسبێرگ شاعیرێکی ئەمریکییە کە زنجیرەیەک هایکۆی نووسیوە. شاعیرێکی ناوداری ئەفریقی بە ناوی ڕیچارد رایت هەزارەها شیعری هایکۆی نووسیوە و زۆربینەی بڵاو نەکردونەتەوە. هایکۆ کاریگەییەکی گەورەی هەبووە بەسەر ئەدەبی جیهاندا. لە سالّی 1600ـەکاندا هەزارەها شیعری هایکۆ هەبوون. لەنێوق ئەدەبی کوردیشدا هایکۆ خەریکە جێدەگرێتک، دەنگگەلی جیاواز لەم بوارەدا هەن، بەڵام لەناو ئافرەتاندا دەنگی دەگمەن و تاقانە هەن، لەیلا ڕەزایی یەکێکە لەو دەنگانە. لەیلا ڕەزایی لەبارەی ئەم کتێبەوە دەڵێت: ٩٠ هایکۆی حەوا دەتوانێ سەرەتایەک بێت بۆ هایکۆنووسیی کوردی و لە ـ لاپەڕە و لە ٤٠ هایکۆی کوردی و ٤٠ هایکۆی فارسی پێکهاتووە. ناوبراو وتیشی: هایکۆنووسیم لە دەیەی ٨٠ی هەتاوییەوە و لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە دەست پێکرد و لە ماوەی ئەم ساڵانەدا خوێندنەوە و توێژینەوەیەکی چڕم لە سەر ئەو فۆرمە شێعرییە بووە کە دەسکەوتەکەی دوو کتێبە شێعری هایکۆیە کە یەکەمیان ساڵی ١٣٩٤ و بە زمانی فارسی لە ژێر ناوی "هایکۆ بە زمانێکی ساکار" بڵاوکردۆتەوە و کتێبی "٨٠ هایکۆی حەوا"ش دووەمین تاقیکاریی لەو بوارەیە.

لەیلا ڕەزایی لە دایکبووی یەکێک لە گوندەکانی شاری قوروەیە و چالاکییەکانی لە بواری ئەدەبی و چیرۆکنووسیی لە هەرتی میرمنداڵییەوە دەست پێکردووە و تا ئێستا چەندین خەڵاتی چیرۆکی لە ئاستی قوتابخانەکانی وڵاتدا مسۆگەر کردووە و لە دەیەی ٨٠ی هەتوییەوە بە شێوەی جیدی لە بواری شێعردا چالاکی دەکات. ناوبراو خەڵاتی شێعری بەردەنگانی ئەحمەد شاملوو کە لە ماڵی ئەو هونەرمەندە خوالێخۆشبووە بەڕێوەچوو، مسۆگەر کردووە و یەکەمین بەرهەمە شێعری بە ناوی "شێعر بۆ ژنانەبوونی زەوی"ی بڵاوکردەوە. لەیلا ڕەزایی لە ئێستادا ئەندامی یانەی قەڵەم بەدەستانی ئێرانە.

زەین و بینراو

ئامادەکردنی: ئەحمەد حاجی مەولود



٢ – ٢

پێشینیان بە جەوهەریان دەگوت بابەت و بە پێشاندراویان دەگوت ئەوەی لە جەوهەر خۆ نیشان دەدات. دیکارت دێت و یەکەم بابەت نەفس دادەنێ، ئەو نەفسە پەیوەستی هەیە و پەیوەستەکەشی بریتییە لە بیرکردنەوە و دوایی ڕەسەنایەتی دەدرێتە ئەو ئەبژەیە. لە هەر جێگایەک سوژە هەیە ئەبژەش هەیە، واتا زیادکراوی یەکترن. سوبژکتیف واتا ئەوەی کەوتۆتە ژێر ئێوە، ئەبژکتیف واتا ئەوەی لە بەرامبەری ئێوە دایە. من سوژە بە "بابەتی نەفسانی"و ئەبژە پەیوەستی نەفسانی" پێناسە دەکەم.

لە سەردەمی نوێش هەم بابەت هەیە و هەمیش پەیوەست، بەڵام بەر لەوەش ئەم دووە هەنە، بەڵام نەفسانی نین. هێشتا ڕەسانەیەتی بە هەبوونی مرۆڤ نەدراوە، تەسەوف چییەتی مرۆڤ بە ڕەسەن دادەنێ، نەک هەبوونی، خودی نە گۆڕەکەی، نەک هەبوونەکەی. سەردەمی نوێ کە هەبوون و چییەتی بە یەک دادەنێ و دوایی ئەو هەبوونەی مرۆڤ، واتا بابەتی نەفسانی مرۆڤ ڕەسەنایەتی پەیدا دەکات و هەمو بایەخدار بەو گرنگایەتیەی بابەتی نەفسانییە، کە بە دیکارت دەست پێدەکات. دیکارت دەڵێ ڕوحێکی پیس هات و بە منی گوت فەلسەفەکەت بگۆڕە. دیکارت لە شارێکی ئەڵمانیا نیشتەجێبوو. بەردەوام شۆڕش بە ئیلهام دەست پێدەکات. لە سەردەمی نوێ، ئەوە نەفسی سەرکێشە، کە ئیلهام بە مرۆڤ دەکات، ئەو ئیلهامە یان لە شەڕە یان لە خێرە. ئەگەر لە سەردەمی نوێ ئیلهامێک هەبێت، ئەوە لە شەڕەو کۆتایی ئیلهامی تێکەڵ بە شەڕیش، کۆتایی میژووی نوێیە.

ئاراستە دەبێ بزوێنەری سوژە و ئەبژە بێت، کارێک کە لەسەروی بابەتی نەفسانیە و پەیوەستەی نەفسانییە. تێنەگەیشتن بوویتە هۆی ئەوەی ئەمرۆ سوژە و ئەبژە پێچەوانە بێت. کەوایە سوژە دەبێتە بابەت و پەیوەستەی ئەو دەبێتە پەیوەستەی بابەت. فەلسەفە وەبیرهێنانەوەی دەوێ. فەلسەفە هەڵسەنگاندنی دەوێ. میژووی فەلسەفە و فەلسەفەی میژوو یەکە. پرسێک کە ئەمرۆ لە ڕۆژئاوا دێتە گۆڕێ، کارێکە لەسەروی هەستە، واتا بابەتی تێگەیشتن و هەستە. واتا پەیوەستی تێگەیشتن، کە من بیدەنگم و ئەو دادو هاوار هاواریەتی
من هیچ کات ئاوڕم لە کاری دنیا نەدەداوە
ڕوخساری تۆ لە چاوی من وەهای ڕازاندەوە

هێشتا بە عیسا دەڵێن کەڵامی خوا. لە ئیسلامیش کەڵامی خوایە، بەڵام مرۆڤ وەڵامی کەڵامی خوا ناداتەوە. مرۆڤی ئەمرۆ بێ کەڵامی خواییە. واتا زمانی ئەمرۆ بێ زمانییە و گوێی مرۆڤ کەڕ بووە و کەڵامی خوا نابیستێ و ئەوە کە دەڵێ و ئەمر دەکات، خوا هەبێت یان نەبێ و خوا ئەوەی ویستوە و ئەوە کۆتایی ڕاستی و ڕاستەقینە.

ئەندشەی زەین و بینراو و پەیوەندی مرۆڤایەتی

ئەمرۆ قسە لەسەر ئەوەیە، کە بەسەر ئەندێشەی زەین و بینراو باز دەین. لێرەدا هەواڵێک نییە، تا پەلە بکەین و ببینین زەین و بینراو چییە. ئەمرۆ هەندێک بینراو و پەیوەست بە ڕەها دادەنێن و یەکێک ڕەسەنایەتی بە زەین دەدات، ئەگەرچی بابەتی نەفسانی بەهێزە، تەنانەت لە زمانی ئایینی و سەلماندنی خوا و پرسەکانی دیکەش، سوبژکتیڤیتە یان بابەتی نەفسانی بەهێزە. ئاگامان لێ نییە، کە زمانی ئێمە سوورە لەسەر بابەتی نەفسانی دیکارت. مشتومڕێک کە ئەمرۆ هەیە لە نێوان بابەتی نەفس و پەیوەست و بواری نەفسانییە. لەو مشتومڕەیە، کە ڕەسەنایەتی دەدرێتە سوژە و ئەبژە و تا بووە چەوساوە و زۆردار هەر بووە. ڕزگاری دەڕچوونە لەو دووە و دەبێ لەو بنبەستە دەرچین و ئەگەر مرۆڤ لەو سوژە و ئەبژەیە دەربچێ، ئیتر سوژە و ئەبژە وێرانکەر و خۆبینانەر نابێت، سوژە و ئەبژەی پەیوەندیدار لەگەڵ مرۆڤ دێ. فریودانی زەمانە وەهایە، کە بابەتی نەفسانی و پەیوەستی نەفسانی بە ڕەسەن دادەنێین و هەروەها بابەتی هەست پێکراویش وا دادەنێین.

دینامیزم و بزێوی:

من قسەم بە جیهانی بزێو و بزێوی جیهان تەواو دەکەم. بزێوی بۆ ئاژەڵ بەکاردەبردرێت. بەو شێوەیە بە ڕەسەنایەتیدانی سوژە و ئەبژە و بزێوی لە جیهانی ئەمرۆ، هەموو یەکتر کەوڵ دەکەن و بزێوی لە بنەمادا هەروایە. مرۆڤی بزێو شوێنی ئاژەلانی لە درندەیی گرتوتەوە. بزێوی سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ وشتر و ئاژەڵ و لە بنەمادا بزێوی بە هەڵبەزین و دابەزینی ئاژەل دەوترێ و ڕاکردن و هێرش بردن کە لە بزێوی ئاژەڵ بووە، کە مرۆڤ سواری بووە، بەڵام ئەمرۆ مرۆڤ بزێوی دەکات و ئاژەڵ سواری بووە. ئیتر ئاژەڵ بزێوی ناکات، بزێوی بوویتە پێداویستی ناخی مرۆڤ. لە ڕوانگەی هایدگەر بوون واتایەکە، کە هەر جار لە مێژوو دەرەوشاوەتەوە و ئێستا مرۆڤ گەیشتووە بە تەکنۆکراسی و پیشە. لە بنەمادا ئەوە بوونە، کە بە شێوەی پیشە سەری هەڵداوە. پیشە ئەمرۆ وەهایە، کە مرۆڤ ڕەسەنایەتی بە خۆ دەدات. ئەو پیشەیە بوویتە ئامێرێک بۆ وێرانی. بەڵام ئەوە چییە؟ نیشانەی ئەو پەردەیە تەکنۆلۆژیایە.

ئەمرۆ هەندێک دەیانەوێت بارودۆخەکە بە تەکنۆلۆژیا ڕاگرن. ئەگەرچی لەو بڕگەیەی میژوو، ڕەسەنایەتی لەگەڵ تەکنۆلۆژیایە. لە کۆتایی ئەوە تەکنۆلۆژیایە گۆی زەوی وێران دەکات، یان ئەوەتا مرۆڤ لە دەستی تەکنۆلۆژیا ڕزگار دەبێت.

سەرچاوە:ئینتەرنێت – باشگاە اندیشە ژ احمد فردید.



لە سەروبەندی ساڵڕۆژێکی دیکەی سینەمای جیهانیدا

رۆژی سینەمای کوردیی و خەڵاتی یلماز گونەی - تان پیرۆز



هاوار مستەفا خان

ئاڵۆزی دۆخی کوردستان، بە هۆی دابەشکردن و داگیرکارییەوە وایکردووە کورد بە شێوەیەکی وردو زانستیانە نەگاتە ئەوەی مێژووی خۆی لە زۆر بواردا دەستنیشان بکات، بە نموونە؛ دەستنیشانکردنی رۆژی سینەمای کوردیی، کە باسی سەرەکی ئەو نووسینەمانە؟.
لەمێژە لە هەوڵی ئەوەدام، بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە سینەمای کوردییدا، دەستپێشخەرییەک بکەم کە تێیدا " رۆژی سینەمای کوردیی" و " ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی یەلماز گونەی" وەک دوو بۆنەو نەریتی یەک بۆتەی سینەمایی کوردیی خۆکردیی بکەمە چەقی ئەو ئامانجەی لەگەڵیدا دەژیم و لەم نووسینەدا کە هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕبوونی"١٢٣"ساڵ بەسەر سینەمای جیهانیدا، دەیخەمە بەرچاوی هەموان، تاوەکو جارێکیتر هەموان لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەیدا، بگەینە یەکێتییەک و رەزامەند بین لە سەر "رۆژی سینەمای کوردیی"و "ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی یلماز گونەی" کە لە پێناوی جێگیربوون و بەردەوامبوون و گەشەکردنیەوە، پێویست دەکات ئەو دوو بۆنەیە بە "یاسا و هەموارکردنی لە پەرلەمان"دا، بناسرێن و بکرێنە جەژنێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە دڵنیام؛ ناو و ناوبانگی بۆ قازانجی کورد و مرۆڤایەتیی دەگاتە کەشکەڵانی فەلەک؟!.

زۆربەمان دەزانین، رۆژی رۆژنامەگەریی کوردیی لەسەردەمێکدا لە خەونەوە بووە راستی، خەفڵەتگیرانە کورد وکوردستانیان بە نەخشە رێگایەکی تۆکمەی تواندنەوەی کولتوورو سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی دەور درابوو، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆفیسۆری رەوانشاد دکتۆر مارف خەزنەدار لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، پێشنیاری کرد هەموو ساڵێک لە ٢٢-٤دا کوردو کوردستانیان رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی بکەنە بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی. دەبینین لە مڕۆدا نەک هەر لە باشووری کوردستان و حوکمڕانییەکەیدا، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەیشیدا، ئەو یادە بووە بە جەژنێکی پرشنگداری رۆژنامەڤانیی کوردیی.
لەبەر گرنگی و کاریگەریی سینەماو دەرکەوتن و باڵاکردنی سینەمای کوردیی لە کوردستان و هەندێک وڵاتی دەرەوەش کە کوردیی تێیدا پەرانگەندەو پەناهەندەیە، بەندەش بە پێویستی دەزانم و پێداگیریی لەسەر دەکەم کە دەبێ لە ساڵی ٢٠١٩ دا " رۆژی سینەمای کوردیی و ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی یلماز گونەی" لە یەک رۆژ و کاتدا بەڕێوەببرێن و بە هەوڵی هەموان ئەو دوو بۆنەیە وەک پایەی گرنگ و تەندروستی نێو پایەکانی دیکەی سینەمای کوردیی، رەگی خۆی داکوتێ و هەر لەو ساڵەشەوە پێویست دەکات؛ مشتومالی بەرنامەو پلان و ستراتیژی دەوڵەت لەبارەی کولتوورو فەرهەنگەوە بکرێت و بە شێوازێکی دیکە دابڕێژرێتەوەو لەناویشیدا؛ فێستیڤاڵەکانی سینەما رێکبخرێن و بڕیار لە دامەزراندنی ئی تریش بدرێت و بودجەیان بۆ تەرخانبکرێت و بڕیاری جێگیر لەبارەیانەوە دەربکرێت.

رۆژی سینەمای کوردیی


ساڵی ١٩٩٧ بابەتێکم لە ژێر ناونیشانی: گەشتی سینەما لە کوردستانیش گیرساوەتەوە، بەڵام!(١)، بڵاوکردەوەو تیایدا هەوڵمدا سەرەداوێکی مێژووی " پیشاندانی یەکەم فیلم و دروستکردنی یەکەم فیلمی خۆماڵی"لە کوردستان بەدەست بێنم و بیخەمەڕوو. لەو بابەتەدا دوای خستنەڕووی مێژووی سینەمای وڵاتانی داگیرکەری کوردستان" تورکیا، ئێران، عیراق، سوریا"، کە رۆڵی سەرەکی دامەزراندنی سینەمای ئەو میللەتانە، کورد بینیوویەتی و کەچی مێژووی خۆی دیار نیە؟، لەو سۆنگەیەوە، پرسیوومە؛ ئاخۆ کورد لە کەیەوە سینەمای خۆی دامەزراندووە ئەو کەسە کێ بووەو ناوی فیلم و کاست و بەرهەمهێنەکەی کێ بوون بۆ ئەوەی بە ئاسانی بیکەینە رۆژی سینەمای کوردی و ساڵانە یادێکی پڕ شکۆی بۆ ساز بدەین.
دوای تێپەڕبوونی ٢١ ساڵ، وەڵامی پرسیارەکەم دەست نەکەوت، پێدەچێت تا ساڵانێکی دوور ئەو پرسیارە هەر بێ وەڵام بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی لە دەست چەوساندنەوەو داگیرکاری دەربازمان دەبێت و دەکەوینە سەر دۆزینەوەی مێژووی دزراو و راستەقینەی خۆمان، بەڵام ئەی چی بکەین؟ هەروا دەستەوئەژنۆ دابنیشین و یادی رۆژو بۆنەی جیهانیی بکەینەوەو رۆژێک بەخۆمان رەوا نەبینین بۆ یادکردنەوەی سینەمای کوردیی؟ لەکاتێکدا ئەو رۆژە هەر دەبێ هەبێت؟!.
بەندە ئەوساو ئێستاش هەر لەو باوەڕەدابووم کە لە هەر یەکێک لە وڵاتانی (ئێران و تورکیا و عیراق و سوریا)هەر جموجۆڵێکی سینەمایی رویدابێت و کوردێک بە رۆڵی سەرەکی دروستکردنی فیلم هەستابێت، ئەوە ئەو فیلمە ئەمرۆش نەبێت، سبەی هەر دەبێ بێتەوە ناو تۆماریی مێژووی کوردو کوردستانی. جا ئەگەر ئەو فیلمە بە زمانەکانی "عەرەبی و تورکی و فارسی"و هیتریش بێت. هۆکارەکەش روون و ئاشکرایە کە لەگەڵ گەشەکردنی سینەماو پەرینەوەی ئەو پیشەیە بۆ ئەو وڵاتانە، هاوکات گەلی کوردیش لە رێکەوتنێکی شومی وڵاتە بەشەرهاتووەکان و لەناویشیدا سەرکەوتووەکاندا، بێ خواستی خۆی دابەش و پارچە پارچە کراوە.
کەواتە؛ دەکرێت رۆژ و مانگی "سینەمای کوردیی" لە رێگای سومبولێکی کوردیی و جیهانیی دیاری بکەین کە هەمانەو جێگای شانازیەو هەر کاتێک ساڵی بەرهەمهێنانی یەکەم فیلمی کوردی زانراو ساخ بوویەوە، ئەوکات لەسەر رۆژ و مانگی" پێشنیارکراو" بەردەوام دەبین، تەنها ژمارەی ساڵەکان دەگۆڕین، ئەویش دوای ئەوەی ساڵی دەست نیشانکراو بە تەواوی ساخ بوبەوە.
ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لە هەموو بوارەکاندا شکۆی نیشتمان و چەرخی مێژووی دزراومان، بەڵای کوردیی و خۆکردییدا وەربگێڕینەوە و لەپاڵیشیدا بۆنەو مێژووی داهێنانی جیهانیش بە رێزو سەنگی مرۆڤایەتی یاد بکەینەوە.

نۆی نۆ، رۆژی سینەمای کوردیی و کوردستانیی

کەواتە؛ بۆچی ٩ی ٩باشترین رۆژ و مانگە ببێتە رۆژی سینەمای کوردیی؟. چۆن بتوانین ئەو رۆژە بکەینە دەرفەتێک بۆ وەربەرهێنانی گەورەتر؟خۆ ئێمە مەبەستمان لە دانانی رۆژی سینەمای کوردیی هەر ئەوە نیە سینەماکارانی کورد و کوردستانی و جیهان گردببنەوە و بۆنەیەک بۆ خۆشی و شادیی و هەڵدانی پێکی سینەمایی تێپەڕێنن؟.
دوای ئەوەی گەورە دەرهێنەری سینەمایی جیهانی یلماز گونەی لە ٩ ژ ٩ ژ ١٩٨٤ لە پەراگەندەییدا لە وڵاتی فەرەنسا کۆچی دوایی کرد و لە کاتی ناشتنی لەو وڵاتەدا بە هەزاران کەس لە هونەرمەند و ئەدیب و کەسایەتی سیاسیی و هاوڵاتیان کە لەناویاندا وەزیری رۆشنبیری فەرەنسای تێدابوو، بۆ کۆستی لە دەستدانی ئەو هونەرمەندە ژیاندۆستە بەشداریان کرد،" میدیای ئەوسای فەرەنسا بڵاوی کردەوە کە ئەوە دووەمجارە لە مێژووی فەرەنسا کەسانێکی زۆر بەدوای تەرمی هونەرمەندێکدا بۆ گۆرستان بەڕێبکەون". لەو کاتەدا نەتوانرا رۆژی کۆچی دوایی بکرێتە وەرچەرخان و ئەو سومبولیتیکە" وەک پێویست" زیندوو رابگیرێت.
بۆیە لێرەوە رایدەگەیەنم کە بێ سڵەمینەوە و گومان، دەبێ دەست لەسەر دڵمان دابنێین و بڵێین؛ ئەگەر ئەو رۆژە، رۆژی دوایی گونەی بوو بێت وەک مرۆڤێک، ئەوە پێویستە ٩ی ٩ی هەموو ساڵێک، رۆژی درێژەدان و هەستانەوەی هونەرمەندانی کوردو بەردەوامبوونی سینەماکەی بێت؟!.
هێشتا کات درەنگ نیە، دەکرێت لە٩-٩ی ساڵی ٢٠١٩دا کوردو کوردستانیان لە سەرانسەری نیشتمان و دەرەوەیدا، رۆژی سینەمای کوردیی بکەنە جەژن و ئاهەنگێکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوەیی و لەو ساڵەدا بە تایتڵێکی گەورە بنووسرێت: بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا ساڵرۆژی تێپەڕبوونی ٣٥ ساڵەی دامەزراندنی سینەمای کوردیی بەرزو پیرۆز رادەگیرێت؟!.

یلماز گونەی سومبوولی سینەمای بەرگری و ژیاندۆستیی

گەر بمانەوێت یلمازگونەی باشتر بناسین، بۆ ئەوەی رۆژی سینەمای کوردیی لەسەر بونیات بنێین، دەبێ لە زاری خۆیەوە ئەو وتانەی وەربگرین کە بەر لە کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٨٤ لە ئینستیتۆی کوردی لە پاریس وەک هۆشیاریی و هۆشداریی بۆ ئامادەبوان و نەوەکانی دوای خۆی بەجێیهێشتووە.
یلماز گونەی گەورە دەرهێنەری سینەمایی جیهانی دەڵێ: " لە زۆر کاتدا کاریگەری رۆمانێکی باش یان گۆرانییەک لە بۆمبێکی ئەتۆم بە رووی دکتاتۆرەکاندا بەهێزتر دەبێ".
گونەی لە ١٨ ی نەورۆزی ١٩٨٤ دا لە ئینستیتۆی کوردیی پاریس لە وتارێکدا لەگەڵ ئەو وتە بە نرخەیە چەندین وتەی پڕ مانا و فەلسەفیی تری پێشکەشکردووە کە پێدەچێت دوا هێدو تایتڵی گونەی بووبن لە بارەی دوارۆژی کوردو کوردستانیان و وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ نەوەکانی خستۆتوونەتەڕوو.
گونەی هەر لەو وتارەدا دەڵێ: " لەسەرمانە باشترین گۆرانی بڵێین، جوانترین پارچە مۆسیقا بژەنین، رۆمانی ریالیزمیی شاکار بنووسین کە کارەکە لێمانی دەوێ، هاوسەنگی و گونجاندن لە نێوان بەڕێوەبردنی قەڵەمەکان و زرنگی لە تەکنەلۆژیا و ئامێرەکان و چەکدا دروست بکەین. هەندێ جار دەبێ تەمبوورەکانمان بکەین بە چەک و چەکەکانمان بە تەمبوور".
گونەی لە کۆتا نەورۆزی ژیانیدا زۆر بەهێمنی و شێلگیرانەوە دەڵێ: " گەلەکەمان لە پێناوی سەربەستیدا هەتا ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری لە رۆڵەکانی کردووەتە قوربانی و هەر لە خۆبەختکردندا بەردەوامە، لەبەر ئەوەی بەبێ قوربانیدان سەرکەوتن مەحاڵە.. جارێکی دیکەش دەپرسین، ئایە گەلێکی وەک گەلی ئێمە بەو هەموو قوربانیدانەوە خۆی دەدات بەدەستەوە، کە سەرسەختانە سوورە لەسەر سەرکەوتن؟ نەخێر، هەرگیز".
گونەی روو لە ئامادەبوانی ئەو نەورۆزە دەکات کە لە ئینستیتۆی کوردی لە پاریس کۆبوونەتەوەو دەڵێت: ئەی هەڤاڵان؛ ئەگەر ستەمکاریی و کۆیلەیەتی و خوێن و فرمێسک لە چارەی گەلەکەمان نووسرابێ، ئەوا ئێمە بە توندی ئەو قەدەرە رەت دەکەینەوە و هەرگیز پێی قایل نابین. نامانەوێ منداڵەکانمان لە هەر چوار پارچەی نیشتمانەکەماندا کۆیلە و چەوساوە بن. دەمانەوێ منداڵانی نیشتمانێکی ئازاد و سەربەخۆی یەک پارچە بن. ئێمە دەمانەوێ لەسەر خاکی خۆمان و لە سایەی ئاسمانەکەماندا گۆرانی بۆ ئەڤین و ئازادی بڵێین... ئێمە دەمانەوێ جیهانەکەمان بەدەستی خۆمان بنیاد بنێین و کار لە خاکی خۆماندا بکەین، هەروەها بە دڵنیایی و سەربەستییەوە لە سایەی جیهانەکەماندا بژین... ئێمە دەزانین، مەبەستی ئەو خەباتکەرانەمان ،کە لە ناوچەکانی کوردستاندا دەجەنگن، بریتییە لە یەکێتی و ئازادیی و یەکڕیزی و یەکانگیریی، ئەوانەی بە گیانیان قوربانیان دا بۆ بەختیاریی و ئازادیمان، لە زەین و بیرماندا هەتا هەتایە بە نەمریی دەمێننەوە، چیاکان و دۆڵەکان، رووبارو دەشتەکانمان چاوەڕێمانن، ئێمە نابێ گشت تەمەنمان لە ئاوارەییدا بەسەر بەرین، ناشتوانین هەمیشە ئەو گۆرانیانەی پێمان نامۆن، بڵێینەوە، ئێمە گەلێکین مێژوو دەماننناسێت... ئێمە پشتیوانی و یەکانگیریی لەخەباتی جووتیاران و کرێکارانی گەلانی هاوژینمان لە عەرەب و تورک و فارس دەکەین.. بژی کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتووی دیمۆکراتی، بژی برایەتی و یەکانگیریی نێوان گەلانی کوردو عەرەب و تورک و فارس، بژی پەیمانگەی کوردی"(٢).




یلماز گونەی سومبولی بەیەکەوە ژیان و سەربەستی و ئازادیی مرۆڤ و گەلان بووەو خۆیشی وەک هەر پاکڕەوانێکی گیان بەخشی کوردو کوردستان، لە کۆتاییدا بووە قوربانی ستەمی دکتاتۆری و لە دەرەوەی کوردستان سەرینایەوەو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان بە مردوویش پێی رەوا نەبینیوە تەرمی پیرۆزی بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان، ئەوە بێجگە لەوەی سانسۆری فیلمەکانیشی بەردەوامە ؟!.
ئیدی کاتی ئەوەیە؛ دەوڵەت و هونەرمەند و بزنسمان و جەماوەری کوردو کوردستانی، ئەو سومبولە بەرزو زیندوو رابگرن، دەبێ وەبەرهێنانی گەورە لە یەلماز گونەی- دا بکرێت کە ناو و ناوبانگی لە ئاستی جیهانیدا بمێنێتەوە.
وردەکاری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی " ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی یلماز گونەی" لە بابەتێکی تردا وردمان کردۆتەوەو دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەشە، ئەویتریش بڵاو دەکەینەوە و ئینجا لە پانێڵێکی گەورەدا گەنگەشەی دەکەین و یەکلایی دەکەینەوە.

سەرچاوەکان:

- گەشتی سینەما لە کوردستانیش گیرساوەتەوە، بەڵام؟!، گۆڤاری ئێستا، ژمارە(٨)١٩٩٧.
- یلماز گونەی و رۆڵی سینەمای دۆکیۆمێنتی لە خەباتی میشتمانیدا، د.ئیبراهیم ئەحمەد، وەرگێڕانی ئەحمەد سالار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٥، ل ٢١٨ ژ ٢٢١.


کارلۆس فوینتس



بۆتان جەلال

هەرگیز باوەڕی بەوە نەبوو تا لە ژیاندایە بە دەستی خۆی یاداشتنامەی ژیانی خۆی بنوسێتەوە، یان بە ئاگایی ئەو یەکێک بەو کارە هەستێت، دەیووت بەرهەمەکانم، کتێبەکان باشترین رێگان بۆ نووسینەوە و ناسینی ژیانی من ئەگەر کەسێک بیەوێ شتێک دەربارەی من بزانێت. بەر لەمردنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئەلفاگوارا) ی فەرەنسایی راگەیاند کە کارلۆس فوینتس دوو کتێبی لای ئەوانە ئامادەن بۆ چاپ، یەکێکیان بە ناوی (کەسایەتیەکان)ە، ئەوی تریشیان رۆمانەکە بە ناونیشانی (فیدیریکۆ لە بەلەکۆنەی ماڵەکەیان)ە کە پێدەچی گفتوگۆیەک بووبێ لە نێوان خۆی و نیتشەی گەورە نووسەر و فەیلەسوف.

کارلۆس پێش کۆچی دواییەکەی بە دوو هەفتە بە رۆژنامەی (ئیل پاییس)ی ئیسپانی گوتبوو کە رۆمانێکی ئامادەیە بۆ چاپ بە ناوی (سەمای سەد ساڵە) بەڵام نەگەیشتە هیچ چاپخانەیەک.
رۆژی 5/5/2012 لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک، سەرۆکی مەکسیک (فلیپێ کالدیرۆن) مردنی گەورەترین نووسەر و رۆمانووسی مەکسیکی و بگرە هەموو ئەمریکای لاتین و جیهان لە سەدەی بیست و یەک (کارلۆس فوینتس) ی ئاشکرا کردو خەمباری و تازیە باری خۆی و حکومەتەکەی بەم بۆنە خەمبارە بۆ گەلی مەکسیک راگەیاند، پاش ئەوەی 83ساڵ تەمەنی وەک مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێستی مرۆڤایەتی و نەبەردی و شۆڕشگێریەتی بەسەر برد و بە دەیان بەرهەمی ئەدەبی و سیاسی پێشکەش بە خوێنەرانی کرد.
کارلۆس فوینتس لەو ساڵە لە دایکبوە کە نووسەری بەناوبانگ گابریل گارسیا مارکیز لە شاری پەنەمای مەکسیکی لە 11ی تشرینی دووەمی ساڵی 1928 لە دایک ببوو، ساڵانی منداڵیەتی لە نیوان شارەکانی کیتۆ و مۆنفیدیۆ و ریۆدی جانیرۆ و واشنتن و سانتیاگۆ و بیونس ئەیرس دابەشکردبوو، بەهۆی سەرقاڵبوونی باوکیەوە بە کاری دیبلۆماسیەت، ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ دەوڵەمەند بوونی بە رۆشنبیری و کلتوری میللەتانی جیاجیای جیهان، لە و رێگایەوە مەعریفە و زانیاری جۆرا و جۆری وەردەگرت، سەرەڕای ئەوەش فێرە زۆر سەفەرکردن و سەرکێشی و رۆحی ململانێ ببێت، هەتا پێش مردنیشی بە چەند رۆژێک لە گەشتێک بوو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەرازیل و ئەرجەنتین و شیللی، لە (دوورگەی بلیار)ی ئیسپانی دواین رێزلێنانی پێ بەخشرا، پاشان ژیانی خۆی لە شارەکانی پاریس و مەکسیکۆ و لەندەن رێکخستبوو چونکە ئارەزووی نووسینی لەو شارانە زیاتر دەبوو، بەڵام هەمیشە مەکسیک لە ناو دڵ و ویژدانی جێگای پیرۆزی هەبوو، لە هەرکوێیەک بوایە بەهەناسە مەکسیک دەژیا، لای ئەو وڵاتەکەی وڵاتی سەرسوڕهێنەری پڕ لوغزو جیهانێکی جوان و هەمەڕەنگ بوو.



ئەم نووسەرە لە زانکۆکانی هارفارد و کامبریدج و برینستۆن و کۆڵۆمبیا خوێندویەتی و بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لە زۆرێک لە زانکۆکانی جیهانی پێبەخشراوە، لە تەمەنی 16 ساڵیدا کارلۆسی لاو دەگەڕێتەوە مەکسیک و پەیوەندی بە دواناوەندی فەرەنسی دەکات، پاشان ماف لە زانکۆی مەکسیکۆ دەخوێنێ، دواتر دەچێتە جنێف بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، لەوێ لەگەڵ رێکخراوێکی جیهانی کار دەکات کە سەر بە دەوڵەتی مەکسیک بوو.
ساڵی 1954دەست بەنووسین دەکات و کۆمەڵە چیرۆکی (رۆژانەی کەرنەڤاڵ) چاپ دەکات، پاشان لە ساڵی 1958 کتێبێک بەناوی (ناوچەیەک لە هەمویان زیاتر بێ گەورە) بڵاودەکاتەوە، لە ساڵی 1962 بەرهەمێکی دیکە بە ناونیشانی (مردنی ئارتیمۆ کرۆس) چاپ دەکات، پاشان چەند رۆمانێکی دیکە بەرهەم دەهێنێ لەوانەش (ناوچەیەکی پیرۆز) و(خاکی ئێمە) و (کریتوبال نوناتۆ) و هەروەها کۆمەڵ چیرۆکێک بە ناوی (دار پرتەقاڵ) و (رۆژانی باوەڕ پێکراو) و (سرووەدی نابینایان)، لە پاڵ چەند کتێبێک دەربارەی رەخنەی ئەدەبێ و دراما و وتاری رۆژنامەوانیی..
رۆمانی (ئەلگرینگۆی پیرەمێرد) کرا بە فیلمێ سینەمایی کە دەرهێنەری بەناوبانگ لویز بوینز دەرهێنەری بوو، جگە لەم فیلمە چەند سیناریۆیەکی نوێی نووسی، لەوانە (رەدوودانی مرۆڤ) کە تایبەت بوو بە دەرهێنەری ناوداری ئیسپانی (لوێ بنویل)، وەلێ ئەم کارە روناکی نەریت.
فوینتس لە ژێر کاریگەری سرفانتس و کەسایەتی دۆن کیشۆت و شەکسپیر و بە هەردوو رۆماننووسە ئەمریکیەکان (دۆس باسۆس) و (فولکنر) دا بوو، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ ئەکتوفیۆ باس گۆڤاری (مەکسیک بۆ ئەدەب)یان دامەزراند، هەروەها دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەش بە ناوی (سیگلوا سەدەی (21ی بەدواداهات، لە وڵاتی شیللی دەستیکرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی گابریل میسترال و پابلۆ نیرۆدا، لەوە گەیشت کە هەرگیز ناکرێ ئەدەب لە سیاسەت جیا بکرێتەوە، لە ئەرجەنتین نەیتوانی درێژە بە خوێندنەکانی بدات چونکە دەسەڵاتی فاشیە عەسکەرەکان جلەویان بەدەست گرت، کاتێ خۆی بۆ ئەدەب تەرخان دەکات و لە (بۆرخیس) زۆر شت فێر دەبێ، لەوانەش کە رابردوو هەمیشە نوێ دەبێتەوە، بۆیە ناکرێ رابردوو وەک شتێکی فەرامۆش کراو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. هەروەها بابەتی نووسین ئەگەر لە نێوان مێژوویی و خەیاڵداریدا تێکەڵ بکرێ شتێکی نایابی لێدەردەچێ، نەک هەموو کارەکان قوڵتر بن یان عاتیفە و سۆز بەسەریدا زاڵ بێت.
کاڵبوونەوەی لە نێو کاری وێژەیی، هەرگیز رێگای لێنەگرت ئەزموونی دیبلۆماسیەتیش فێر ببێ، وەک چۆن باوکی ئەو کارەی دەکرد، ماوەیەک لە فیدڵ کاسترۆ نزیک بۆوە و هاوڕێ بوون و هاتە رێزی حزبەکەی، بە و ئامانجەی کە کاری دیبلۆماسیەتەکەی لە خزمەت چەپرەوی تەرخان بکات و خزمەتی بکات، لە ساڵی 1974تاکو 1977دەبێتە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە فەرەنسا، ساڵی 1992 سەرۆک فەرەنسوا میتران خەڵاتی (مۆسیقای شەرەف) ی پێ دەبەخشێ و پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان خۆیان و فەرەنسا دروست دەکات، بەهۆی دانانی (دیاس ئۆرداس) و لەلایەن سەرۆکی مەکسیک وەک باڵیۆزی مەکسیک لە ئیسپانیا، دەست لە کارەکەی دەکێشێتەوە و گلەیی لە سەرۆکی مەکسیک دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەڵەیەی.
بیر و هزری زۆربەی کارە ئەدەبیەکانی کارلۆس فوینتس لە چەند تەوەرێکی سەرەکیدا بەرجەستە کراون، وەک پەیوەندی نێوان ئەوروپا و ئەمریکا، پردی مێژوو لە نێوان رابردوو و ئێستا و ئایندەدا، ئەو ئەفسانە گەورە و بە نرخانەی کە مرۆڤ سوودیان لێ دەبینێ، هەروەها زنجیرەکانی زەمەن کە لە رۆمانی (خەندەکانی ئیبراسیم) دا دەخوێنێتەوە و نووسەر ئەوە دەخاتە روو کە هەردەم شارستانیەت و نوێخوازیەتی ئەمریکا لەوەدایە کە بۆ رابردووی بگەڕێتەوە وەک نمونەش لە رۆمانی (خۆشی خێزانەکان) کە لە ساڵی 2009دا بڵاوکردۆتەوە، ململانێی نێوان شارستانیەکان و مێژوو لە بایەخی نووسەر رووبەرێکی فراوانی هەیە.
لە خوێندنەوەی رۆمانی (ئافرەتە گۆڕ بە چاڵەکە) کە لە 1992 چاپی کردوە کێشەی نێوان مێژوو و شارستانیەت شی دەکاتەوە کە بەڕای ئەو کێشەیەکە تا دوا ساتی ژیان لەسەر زەمین لە نێوان چین و توێژ و بیر و بۆچوونە جیاوازەکاندا سەرهەڵدەداتەوە، پرۆسەی نووسین لای ئەم کەڵە رۆماننووسە بریتی یە لە سووربوون لەسەر چەسپاندنی بیرو بۆچوونی مرۆڤ یەتی و کە لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا قاڵ بکرێتەوە، نووسین پرۆسەیەکە پڕیەتی لە ترس و نیگەرانی، بەهرەی نووسین هەروەها لە خۆڕا و خۆڕسکانە سەوز نابێت، دەبێ خاوەنی نووسین بەهرە و ئەزموونی هەبێ و زمانزان بێت.
ئەوەی مایەی سەرنجە لە ژیانی کارلۆس فوینتس ئەوەیە هەموو ژیانی خۆی بۆ وڵاتە شیرینەکەی (مەکسیک) تەرخان کردووە، کەچی لە بەرامبەر ئەمە نیشتیمان بێ ئومێدی کردووە، ئاسایی ناتوانێ تاکو سەر کۆڵانەکەی ماڵیان بە ئارامێ و ئاسایێ بڕوات مەگەر تووشی لێپرسینەوە و بگرە هەڕەشەکردنیش نەیەت، جڵەوی حوکمی وڵات لە مەکسیک بەدڵی نووسەر نیە و هەمیشە لە ژیان دەوەستێتەوە، بۆیە دەسەڵاتدارانیش سانسۆریان خستۆتە سەر ژیان و هەڵسوکەوتی.
لە چاو پێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری (لیر) ی فەرەنسایی ئەوەی درکاندوە جارن تاکو سەعات 3ی شەو پیاسەی لەسەر جادە و شەقامەکانی مەکسیکۆ دەکرد، سەری لە قاوەخانە دەدا، هاوڕێیەکانی دەبینی، ئەمڕۆ ناوێری دوای ئێوارانێکی درەنگ بگەڕێتەوە ماڵەوە لەبەر سیخوڕ و پۆلیس کە بە دوو چاوی زۆر تیژەوە دەڕوانن هەر هەڵسوکەوتێک کە نامۆ بێت، دەسەڵات حیساب بۆ قسە و نووسین و دانیشتنەکانی فوینتس دەکەن، چونکی رۆشنبیرێکی سیاسەتمەدارە، بە قوڵایی چۆتە ناو مەسەلە سیاسیەکان و بیر و رای خۆی هەرگیز نەگۆڕیوە.
فوینتس چەپرەوە و نارەزایی خۆی سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا و سەرۆک (جۆرج بۆش) دەربڕیوە، وە رەخنەی زۆریشی لە سەرۆکی فەنزوێلا (هۆگز شافێز) ئاراستە کردووە و بە بووکە شووشەیەک ناوزەدی دەکرد کە گوایە هەر کەس دێت بە ئارەزووی خۆی لە دژی ئەمریکا بەکاری دەهێنێ.
کارلۆس فوینتس ژنی یەکەمی ئەکتەرێکی مەکسیکی بوو، بەڵام لێ ی جیا بۆتەوە و پاشان رۆژنامەنووسێکی بەناوی (سیلغیا لیمپۆس) دەهێنی، دوو منداڵیشی بە نەخۆشی دەمرن و ژیانێکی نا بەختەوەر بەدەم ئەم کارەساتانە دەباتە سەر.



لە لوتکەی ئەم گەڕەی خولی ئینگلیزیدا..

ئەمشەو مان سیتی و لیڤەرپوول لەململانێیەکی یەکلاکردنەوەی پێشەنگ بەیەک دەگەن

خۆشەویستانی تۆپی پێی جیهانی ئەمشەو لەوادەی لوتکەی ئەم وەرزەی خولی ئینگلیزی دادەبن، کاتێک کاتژمێر 11ی شەو هەردوو یانەی مان سیتی و لیڤەرپوول لەسەر یاریگای (ئیتیحاد) بەیەک دەگەن.

ئەمشەو یانەی مان سیتی میوانداری یانەی لیڤەرپوول دەکات لەپێناو کەمکردنەوەی جیاوازی خاڵەکانی پێشەنگ کە ئێستا بۆ 7 خاڵ بەرز بۆتەوە، لەو شەوەی کە هەموان لەناوەوو دەرەوەی ئەمریکا سەرنجیان دەخەنە سەر ئەم یارییە، بەڵام کارەکە لەوە گەورەترە کە ئەمە تەنها بەیارییەکی سادە سەیر بکەن بۆ هەردوو یانە، بەتایبەتی بۆ هەردوو راهێنەری ئیسپانی پیپ گواردیۆلا و یۆرگن کلۆپی ئەڵمانی. لە فیلمێکی دیکۆمێنتاری کە لەسالی رابردوو یانەی مان سیتی بەرهەمی هێنا سەبارەت بە 100 خاڵی تیپەکەیان، لەدیمەنێکدا گواردیۆلا گفتوگۆ لەگەڵ یارمەتی دەرەکەی دەکات و باسی سێکوچکە بەهێزەکەی هێرشبردنی یانەی لیڤەرپوول سادیۆ مانی سەنیگالی و فێرمینهۆی بەرازیلی و محەمەد سەلاحی میسری دەکات و دەڵێت کامە یاریزانی یانەی مان سیتی لەتوانایدایە ئەم سێ هێرشبەرە رابگرێت. کلۆپ دەزانێت چۆن جادووەکەی گواردیۆلا بەتاڵ بکاتەوە، کە شکست بە دروستکردنی هێرشبردنی یانە شینەکە دەهێنێت بەهۆی فشاری بەرز و دەتوانێت پیاوانی پیپ گواردیۆلا بهەژێنێت. کلۆپ لەیەکەمین یاری وەرزی رابردوو بە 5-0 گۆڵ بەرامبەر پیپ دۆڕا، بەر لەوەی لە3یاری دواتر شکستی پێبێنێت بە ئەنجامی 3-4 گۆڵ لەخولی ئینگلیزی، 3-0 و 2-1 گۆڵ لە قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. پیپ بۆچوونەکانی خۆی نەگۆڕی و موکرپوو لەسەر ئەوەی بەشێوازی خۆی بەرامبەر کلۆپ یاری بکات، ئەمەش راهێنەری لیڤەرپوولی زۆر دڵخۆشکرد، کە کلیلی پوچەڵکردنەوەی شێوازی فەیلەسوفی کاتەلۆنی هەیە. ئەمەش وایکرد ململانێی دانانی نەخشەکانی هەردوو راهێنەر لەقۆناغێکی باش دابێت لەسەرەتای وەرزی تازەدا، کە یانەی مان سیتی دەستبەرداری شێوازی خۆی بوو لە ئانفیڵد، بەمەش توانی خۆی لەشکستی چواردەمی لەدوانی یەک بپارێزێت. پیاوانی پیپ گواردیۆلا بەبەرگرییەکی پتەو دەرکەوتن، بەبێ ئەوەی مجازەفەی هێرشبردن بکەن و پانتایی بەتاڵ لەبەردەم هەرسێ هێرشبەری یانەی لیڤەرپوول جێبهێڵن، ریاز محەرەز خەریک بوو سەرکەوتنێکی مێژوویی لە ئانفیڵد تۆمار بکات، بەڵام لەخولەکەکانی کۆتایی لێدانی سزای لەدەستدا. پێدەچێت ئەمشەو گواردیۆلا بچێتە پێش بەمەبەستی هێرشبردن لەپێناو بەدەستهێنانی 3خاڵی یاریەکە بەرامبەر لیڤەرپوول و کەمکردنەوەی جیاوازی خاڵەکان بۆ 4خاڵ، چونکە باش دەزانێت بەرامبەربوون ئەرکی زەحمەت دەکات بۆ بەدەستهێنانەوەی پێشەنگ و شکستیش هیواکانی بەدەستهێنانی نازناوی ئەم وەرزەی لەبار دەبات. کلۆپ لەم دواییەد شێوازی یاریکردنی گۆڕیوە لە 4-3-3 بۆ 4-2-3-1بەمەش سێکوچکەی ئاگرینی هێرشبردنی بۆتە چواربنە بە هاتنە ناوی شاکیری، بەڵام گواردیۆلا شێوازەکانی ڕەنگاو بەنگ بووە، 4-3-3 بۆ 4-1-4) ئایا یاریەکەی ئەمشەوی سەر یاریگای ئیتیحاد جیاوازی بیرکردنەوەکان دەبێت، لەنێوان هەردوو گەورە ڕاهێنەر، یاخود هەریەکەو دەست بەشێوازی خۆی دەگرێت کە لەزۆربەی یاریەکانی ئەم وەرزەدا بەکاریان هێناوە.


نەبەز ڕوستایی

کاڤانی بڕیاری جێهێشتنی پاریس سان جێرمانی دا

یاریزانی ئۆرگوایی ئادینسۆن کاڤانی هێرشبەری یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی داهاتووی خۆی لەگەڵ یانەی فەرەنسی لەماوەی داهاتوو یەکلا کردەوەو بڕیاریدا لەکۆتایی ئەم وەرزەدا یانەی پاریسی جێبهێڵێت، بەهۆی ئەو کێشە بەردەوامەی لەگەڵ هەردوو هێرشبەر نیمار دا سێلڤاو کیلیان مپابی هەیەتی. بۆندی کاڤانی لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمان تا حوزەیرانی 2020 بەردەوام دەبێت، بەڵام یانەی پاریسی بیر لەوە دەکاتەوە بۆندێکی لەگواستنەوەکانی داهاتوو بیخاتە بازاڕی فرۆشتن، یانەی ناپۆلی ئیتاڵی دیارترین یانەیە کە گرنگی بە خزمەتەکانی ئەو یاریزانە دەدات، لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی و هەندێک یانەی چینی.




ئۆزیل نایەوێت بەخواستن ئارسناڵ جێبهێڵێت



یاریزانی ئەڵمانی مەسعود ئۆزیل دروستکەری یاریەکانی یانەی ئارسنالی ئینگلیزی، هەموو ئەو بۆندانەی ڕەتکردنەوەی کە لەبازاڕی زستانە بەمەبەستی گواستنەوەی خواستن پێی گەیشتبوون، ڕۆژنامەی (دایلی میل)ی بەریتانی دەڵێت: ئۆزیل ئارەزوو دەکات لە پێگەکەی لەیانەی ئارسنالّ ململانێ بکات بۆ ئەوەی متمانەی ڕاهێنەری ئیسپانی ئۆنای ئیمیری جاریکی دیکە بەدەست بێنێتەوە. ڕۆژنامەکە ڕوونیکردەوە کە ئۆزیل ڕەتیکردەوە دەستبەرداری یانەی تۆپچییەکان بێت، بەڵکو جارێکی دیکە دەبێتەوە باشترین یاریزانی ڕاهێنەر ئیمیری هەروەکو لەسەرەتای ئەم وەرزە ئەنجامی دەدا، ڕاپۆرتە هەواڵەکان ئاشکرایان کردبوو، کە یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی گرنگی بەواژۆکردنی بۆندی ئۆزیلی دەدات، لەمانگی گواستنەوەکانی زستانەدا، دوای ئەوەی گرژی کەوتە نێوانی لەگەڵ ڕاهێنەری ئیسپانی ئیمیری.

چێڵسی 75 ملیۆن پاوەندی بۆ گواستنەوەی ئیسکۆ ئامادەکردووە



یانەی چێڵسی بڕە پارەیەکی زۆری بۆ گواستنەوەی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدرید ئیسکۆ ئامادەکردووە، بۆ کاتی دەستپێکردنی گواستنەوەکانی زستانە، دروستکەری یاریبەکنی ریال مەدریدی تەمەن 26 ساڵ رایگەیاند کە لەم مانگەدا پەیوەندی بەیانەی چێڵسی دەکات، دوای ئەوەی چەندین کێشەی لەگەڵ راهێنەری تازەی یانەی شاهانە سۆلاری بۆ دروستبووە. بۆ ئەم مەبەستەش یانەی چێڵسی بڕی 75 ملیۆن پاوەندی لەگەڵ موچەی هەفتانەی بەبڕی 250 هەزار پاوەندی بۆ یاریزانی ئیسپانی ئامادەکردووە، بەمەش پێشهاتەکان لەلایەن چێڵسییەوە پەرە دەسێنن دوای ئەوەی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسیش هەوڵەکانی بۆ گواستنەوەی ناوبراو خستە گەڕ.

ڤالڤێردی: دەمانەوێت نازناوی یانە پاڵەوانەکان و لالیگا بەدەست بهێنین



راهێنەری بەرشلۆنەی ئیسپانی ئارنستۆ ڤالڤێردی ئاشکرای کرد، کە ئارەزوو دەکات تیپەکەیان بتوانێت نازناوی هەردوو خولی یانە پاڵەوانەکان و لالیگا بەدەست بێنێت، لە لێدوانێکی ڤالڤێردیدا دەڵێت: وەکو هەموو ساڵێک هیواکان نوێ دەبنەوە، ئەوەی رووێدا رووێدا، جارێکی دیکە هەوڵەکان لەپێناو ئامانجێکی دیکە دەخرێنەوە گەڕ، بەڵام ئەمە نابێتە زەمانەتێک بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن، هەروەها دەڵێت: تۆ تەنها دەتەوێت رکابەری بکەیت و کارێکی باش ئەنجام بدەیت، راستە ئەزموون لەداهاتوودا یارمەتیت دەدات، بەڵام لەمە زیاتر هیچی تر نییە، من ناگەڕێمەوە دواوە، بیر لەوەرزی رابردوو ناکەمەوە، مەزندەش ناکەم بێتە دەرهاویشتەی وەرزی رابردوو، من شتە خراپەکان لەیاد ناکەم، بەڵکو وانەیان لێوەر دەگرم. ئارەزووی بەدەستهێنانی هەردوو نازناوی ئەم وەرزە دەکەین، بەڵام ئەرکمان زۆر زەحمەت دەبێت لەم ساڵەدا.



ریال بەر لەیاری ڤیاریال لێدانێکی کوشندەی بەرکەوت


یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا رایگەیاند کە ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەیان مارکۆس یۆرینتی تووشی پێکان بۆتەوە، ئەمەش بەر لەیاری داهاتووی یانەی شاهانە دێت بەرامبەر ڤیاریال، یانەی شاهانە لە سێ شەمەی رابردوو رایگەیاند کە یۆرێنتی تەمەن 23 ساڵ تووشی پێکانی پلە دوو بۆتەوە، لە ماسولکەی رانی چەپی، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕانی بۆ ماوەی 10 تا 15 رۆژ، یاریزانی ئیسپانی توانی خۆی لەپێکهاتەی سەرەکی راهێنەری تازەی یانەکە سانتیاگۆ سۆلاری بسەلمێنێت، کە ئاستێکی بەرزی نیشانداوە، لەگەڵ تۆمارکردنی گۆڵ لەهەندێک کاتدا. بەمەش یۆرێنتی لە 3 یاری لالیگا بەرامبەر یانەکانی (ڤیاریال، ریال سۆسیداد، ریال بێتیس) دادەبڕێت، هەروەها لەگەڵ هەردوو یاری گەڕانەوەی قۆناغی 16ی جامی شای ئیسپانیا، یۆرێنتی هیواخوازە بتوانێت بۆ یاری ئیشبیلیە بگەڕێتەوە، کە لە 19ی ئەم مانگە لەسەر یاریگای سانتیاگۆ برنابێۆ بەڕێوەدەچێت، بەمەش ئامانجی هەردوو یانەی ئارسنالۆ و لیڤەرپوولی ئینگلیزی چووە ناو لیستی یاریزانە پێکێنراوەکانی بلانکۆس کە تیایدا هەردوو یاریزان مارکۆ ئاسینسیۆ و ماریانۆ دیاز هەن.

فیۆرنتینا بۆندی لیویس مۆریالی واژۆکرد



یانەی ئیشبیلیەی ئیسپانی بەفەرمی لە سێ شەمەی رابردوو بڵاویکردەوە کە هێرشبەری کۆڵۆمبی لویس مۆریال لە یانەکەیان چووە ریزی یانەی ڤیۆرنتینای ئیتاڵی لەمیانی گواستنەوەکانی ئەم زستانەدا، یانەی ئیشبیلیە لەسەر ماڵپەڕی خۆی بڵاویکردەوە، کە هێرشبەری تیپەکەیان مۆریال بۆ ماوەی 6 مانگ بەخواستن بۆ یانەی ڤیۆرنتینای ئیتاڵی یاری دەکات، واتا تا کۆتایی ئەم وەرزە، یانەی ئەندەلووسی دووپاتیکردەوە کە لەگەڵ یانەی ڤیۆرنتینا گەیشتوونەتە رێککەوتن کە بەخواستن بچێتە ریزەکانیان لەگەڵ بوونی بەندی کڕین لەلایەن یانەی ئیتاڵی بە بڕێکی بەردەوام. لویس مۆریال لەم وەرزە بەشداری زۆرێک لەیاریەکانی یانەی ئیشبیلیەی نەکردووە، کە ئەمەش وایکرد بگەڕێتەوە خولی ئیتاڵیا، ناوبراو بۆ یانەکانی ئۆدینیزی و لیچی و سامبەدۆریای ئیتاڵی یاری کردووە، بەر لەوەی لەساڵی 2017 رووبکاتە یانەی ئیشبیلیە.

ئۆبامیانگ پێشەنگی گۆڵکارانی پریمەرلیگ دەپارێزێت



یاریزانی گابۆنی پییێر ئیمریک ئۆبامیانگ هێرشبەر یانەی ئارسنالی ئینگلیزی توانی لەیاری رابردوویان بەرامبەر یانەی فولهام تۆڕی یانەی فولهام بهەژێنێت لەو یاریەی لەمیانی گەڕی 21ی خولی پریمەرلیگ لەسەر یاریگای ئیمارات بەڕێوەچوو، ئۆبامیانگ توانی گۆڵی چوارەمی یانەی ئارسنال لە فولهام تۆمار بکات، بەمەش توانی پارێزگاری لەپێشەنگی گۆڵکارانی خولی پریمەرلیگ بکات بە 14 گۆڵ، بەجیاوازی گۆڵێک لەگەڵ ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوول محەمەد سەلاح و هاری کین هێرشبەری یانەی تۆتنهام. جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئۆبامیانگ رکابەری هەردوو یاریزان محەمەد سەلاح و سادیۆ مانێی سەنیگالی دەکات لەسەر خەلاتی باشترین یاریزانی ئەفریقا لەساڵی رابردوو، ئارسنالۆ لەو یاریەدا بە ئەنجامی 4-1گۆڵ لەیانەی فولهامی بردەوە بووە خاوەن 41 خاڵ و لەپلەی پێنجەمی خولی پریمەرلیگ دێت، بەڵام فولهام بە 14 خاڵ لەپلەی کۆتایی مایەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla


خەبات XEBAT
Thu, 3. Jan. 2018 No: (5664)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خۆم پێشمەرگەم و شەهیدانیش ئازیزترینمن، ئەو دوانە تەواو ناخمیان جوانکردووە

شێوەکار مامۆستا خالید بەرزنجی:

حەز دەکەم ئەگەر وێنەیەکی زەمیر یان وێژدانم دەسکەوێ بەگەورەترین رووبەر دروستی بکەم و پێشکەش بە گەندەڵەکانی بکەم

خەونم چوونەوەیە بۆ ئەوروپا نەک بۆ ژیان، بەڵکو بۆ مردن چونکە دەترسم بەمردوویش بستێ خاکم نەبێ تایدا ئارام بگرم





دیانە: بەرهەم شێخ عزەدین

من تەنهاسۆفیەکم لەهونەردا نازانم لەچ ئاستێکی سۆفیگەریەکەمدام ئەمەدەست پێکی وتەو وەڵامەکانی هونەرمەندی بەئەزموون ودیاری بواری شێوەکاری مامۆستاخالید بەرزنجی بوو کەبۆخەباتی کردن، لەمدیانەیەدا وەڵامەکانی ئەوپیاوە ڕیش درێژەبەئەزموونە بخوێنەوە:

*** بۆ دەرچوانی بەشی شێوەکاری دوای دەرچونیان بەردەوام نابن لەسەرهونەری شێوەکاری؟**

– لەبەر ئەوان زۆربەی هەرەزۆربان لەر تەواو نەکردنی قۆناغی ئامادەیی دێنە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، هەروەها لەوێیش چ لەپەیمانگاچ لە کۆلیژ کەسێک نییە بەشێوە ڕۆحانی و عیرفانیەکە هونەریان پێ بناسێنێ ، ئەو کەمەیشیان کەبەزەوقی هونەر دێن بەداخەوە بەشێکیان هونەریان لەبەرچاو ئەکەوێ چونکە پێشوازی هونەری ناکرێن ، لێرە هونەر پیشەیە نەک عەشق ،

*** چی شتێک ئاوێتەی ڕەنگ دەکەیت بۆڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟**

– هەرتابلۆیەک ڕوداوێکی لەپشتەوە نەبێ سەرکەوتو نابێ جگە لەوە خودی هێزی ڕوداوەکە بەخۆشیو ناخۆشی دواتر خەیاڵێکی جوانو عەشقم بۆ کارەکەم تێکەڵ بابەتی تابلۆکە ئەکەم.

*** ئەوتابلۆیانەی شانازی پێوەدەکەیت چین وبۆچێت کێشاون؟**

– شانازی بەهەموتابلۆکانم ئەکەم وەبۆهەرکەسێکیشم کێشابن.

*** خاوەنی چەند پێشەنگایت ولەچەند پێشنگابەشداریت کردووە ،چەند تابلۆت هەیە ؟**

– زیاد لە سی پێشانگا بەشداریم کردووە وە خاوەنی زیاد لە سەد تابلۆم وە شانزە پەیشانگای تایبەتی خۆم هەیە.

*** بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟**

– کەی شتێک هەبو بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری مەبەستم بینا نیە کەی کەسانێکی هونەر مەندو هونەر دۆست لە شوێنە هونەریو ڕۆشنبیریەکان دەسبەکار بون هونەر پێش ئەکەوێ.

*** پێشمەرگەوشەهیدلەکوێی تابلۆکانی تۆزاجێی بۆتەوە؟**

– خۆم پێشمەرگەم وەشەهیدانیش ئازیزترینمن تەواو ناخمیان جوانکردوە ئەو دوانە.

هاوڵاتیان تاچەند تابلۆی خۆمانی واتابەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن؟کڕینی تابلۆتاچەند

*** هۆکاردەبێت بۆبەرەو پێش چوونی هونەری شێوەکاری؟**

– هاوڵاتیان پێوەری مێشکی خۆیانو تێگەیشتنیان لەهونەر حوکوم ئەکات نەک ژمارەیان.

*** لەچی نیگەرانیت؟**

– لەهەموشتێ ئەوەی خۆشی بێت ئەوەی ئومێد بێت لەناخو دەرونو ڕۆحما نەماوە هەرئەوەنە ئەڵێم.

*** حەزدەکەیت چی تابلۆیەک بکێشیت وپێشکەشی کێی بکەیت؟**

– حەز ئەکەم ئەگەر وێنەیەی زەمیر یان وێژدانم دەسکەوێ بەگەورەترین ڕوبەر دروستی بکەمو پێشکەش گەندەڵەکانی بکەم .

*** خەونت چیبە ؟**

– خەونم چوونەوە یە بۆ ئەوروپا نەک بۆژیان بەڵکو بۆمردن چونکە ئەترسم بەمردوویش بستێ خاکم نەبێ تیایدا ئارام بگرم بۆبە پێمخۆشە لەدەریایەکدا نوقم ببم ماسیو نەورەسەکان بمخۆن نەک لێرە

*** بەزیندویی خەم بمخوات.**


– پرۆژەی داهاتوت چیبە ؟ سەفەر

*** دەربارەی سەربەخۆی کوردستان وەکو هونەرمەندێک چی دەڵێیت؟**

– ئەوەی کەلەژیانما کردومەو لێی پەشیمان نیم بەشداریکردنم بوە لەپرۆسەی ڕیفراندۆم، بەڵام دڵم بەکوردستانێکیش خۆش نیە کە پڕ بێت لە دزو خاکفرۆشو گەندەڵ و من باجەکەی بدەم.

*** وەکوردەزانین بەشێکی مالەکەت کردوە بەمۆزەخانە،چیت تیا کۆکردۆتەوە و بەتامای چیت، وەچەند پارچ شتە؟**

– بەڵێ مالی من بریتیە لەمۆزەخانەیەکی بچوک کەدوجۆر شت لەخۆی ئەگرێ بەشێکی میۆزیبو مۆسیقی وەبەشێکی پەیکەرو بەردە پیرۆزەکان ژمارەیان لە هەزار پارچە زیاترە.



ئەگەری داخستنی تۆڕی کۆمەڵایەتی گوگڵ پڵەس لە ئارادایە



لەفارسیوە: وریشە عومەر

توێژینەوەیەکی نوێی دەریخستووە، ئەو منداڵانەی بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لە ڕووی جەستەوە ئازار دەدرێن، مەترسی تووشبوونیان بە هەوکردنی جوومگەکان دوای گەورەبوونیان، زیاتر دەکات.ئەو توێژینەوە لە لایەن توێژەرانی نەخۆشخانەیەکی منداڵان لەتاران ئەنجام دراوە و ئەنجامەکەشی لە دوا ژمارەی گۆڤاری پزیشکی دکتۆر سەلام بلاوکراوەتەوە.بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژەران، لێکۆڵینەوەیان لە سەر زیاتر لە 20هەزارمنداڵ و تازەپێگەیشتوو کردووە کە لە قۆناغی منداڵیدا هەم بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و هەم لە ڕووی جەستەوە ئازاردراون.توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانە مەترسی تووشبوونیان بە هەوکردنی جوومگەکان بە بەروارد بەو منداڵانەی کە تووندوتیژیان لە بەرامبەریاندا بەکارهێناوە زیاترە.لای خۆیەوە سەرۆکی تیمی توێژەرەکان، دکتۆر (عەلی ڕەزا) ڕایگەیاندووە کە کاتێک منداڵان بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و تووندوتیژیان لەبەرامبەریان بەکاردەهێندرێت، کۆژەندامی گەشەکردنیان لاواز دەبێت، هەروەها تووشی بەدخۆڕاکی دەبن کە بە هۆیەوە ئەو منداڵانە تووشی هەوکردنی جوومگەکان دەبن.ئەنجامی ئەو توێژینەوە لە دوای ئەوە دێت کە پێشتر هۆشداری ئەوە درابوو کە لەوانەیە بە هۆی خراپی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان، ئەوان دوای قۆناغی گەورەبوونیان تووشی نەخۆشی دڵ، کەم خوێنی و شەکرەبن، هەروەها مەترسی هەوکردنی منداڵدان بۆ کچان دوای قۆناغی گەورەبوونیان دروست دەکات. هەموو کەسێک لەسەرجەم چینەکان تووشی هەوکردنی جوومگەکان دەبێت، بەڵام ئەم نەخۆشییە زیاتر کاریگەری بۆ سەر بەسااڵچووانداو هەیە.

کاتێک کە تۆڕی کۆمەڵایەتی گوگڵ پڵەس دەستی بەکارکرد، سەرەتا هەندێک کەسی دیاریکراوی دەستنیشان کرد لەناو کۆمپانیا کە بێنە ناو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیە نوێیە ، دواتریش ئەوان دەیان توانی داوەتنامە بۆ کەسانی تر بنێرن تا بتوانن ببنە ئەندام لەو تۆڕە، چونکە بەفەرمی نەتدەیتوانی هەژمار دروست بکەیت.

ئەو کات من هەر زوو ویستم هەژمار دروست بکەم بەڵام ڕێگەی نەدا و دەبوایە ئیمێڵی خۆم داخل بکەم خۆیان وەڵامیان دەدامەوە کاتێک بەردەست دەبوو لەیەکەمینەکان دەبووم کە بتوانم هەژمار دروست بکەم. ئیستاش دوای ئەو هەموو ساڵە بەردەوام بوون ئەو تۆڕە پێشکەتووە لەکاردەکەوێت و بۆ کۆتا جار دادەخرێت، هەموو بابەت و وێنە و ڤیدیۆی بەکارهێنەران دەسڕدرێتەوە.

ئەم تۆڕە زۆر هەوڵیدا چۆک بەفەیسبوک بدات کە گۆڕەپانەکەی داگیرکردبوو بەڵام نەیتوانی، تەنانەت نەیتوانی سەرکەوتنێکی بەرچاویش تۆماربکات، تەنها لەبازنەیەکی تەسکی بەکارهێنەران مایەوە. ئێستاش کاتی کۆتایی هاتنی هەموو ئەمانەیە بەیەکجاری.

ڕۆژنامەی وۆڵستریت جۆرنالەوە دووپاتی کردەوە گوگڵ ئەوەی هەڵبژارد کە بەکارهێنەران ئاگادار نەکاتەوە لەو کەلێنە ئاسایشیە ترسناکەی کە لەمانگی سێی ئەم ساڵدا ئاشکرا بوو ، کە کاریگەری هەبوو لەسەر 500هەزار بەکارهێنەر و زانیاریەکانی ئاشکراکردن.گوگڵ بە بەیاننامەیەکی فەرمی وەڵامی دایەوە و ئەوەی دووپاتکردەوە کە ڕۆژنامەکە وتبووی کە تایبەتمەندی بەکارهێنەر لە 2015بۆ 2018لەوانەیە تووشی هەڕەشە بووبێت و گەیشتبنە زانیاری وەکو تەواوی ناوەکان، ئەو شوێنانەی بۆی چوویت، ناونیشانی ئیمێڵ، بەرواری لەدایک بوون، ڕەگەز، وێنە و فایلی تایبەت، ئیش وکار.